# کورد

(لەمێژوو و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا
وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەو سەردەمەدا)

# کورد

**(لەمێژوو و پەیماننامە نێودەولەتیەکاندا**
**وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەولەت لەو سەردەمەدا)**

**نووسینی**
**مافپەروەر**
**لقمان فاروق نانەکەلی**

**پێداچوونەوەی مێژوویی**
**د.کمال مەزهەر**

**پێداچوونەوەی یاسایی**
**د.محەمەد هەماوەندی**

**هەولێر**
**٢٠١٤**

نـاوی پەرتـوک:  کـورد (لەمێـژوو و پەیماننامـە نێودەولەتیەکانـدا وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەولەت لەو سەردەمەدا)
نووسینی: لقمان فاروق نانەکەلی
نەخشەسازی :عوسمان پیرداود
پیتچنین: عمر لقمان
بەرگ: ڕێبەر لقمان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپی:  یەکەم
چاپ: چاپخانەی حاجی هاشم - هەولیر.
ژمـارەی سـپاردنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پەرتوکخانـەکان (٢٥٥) بۆ ساڵی ٢٠١٤

**(مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە)**

## پێشکەشە

به باوكم و دایكم و گشت پێشمەرگەیەک
بەهەموو ئەو گەنجانەی كەلتووری نەتەوەیی دەپارێزن.
بەهەموو ئەو خەباتكارانەی لە مێژووی كوردا وون بوون.

## پێداچوونەوەی مێژوویی

کاتـی خـۆی بـۆ کاک لقمـان نانەکەلـی و کاک ئـاری نانەکەلـی پێشەکیەکم نووسی بۆ کتابی (نانەکەلی لەمێژووی دوێنێ و ئەمڕۆدا)، ئێسـتاش بـێ هیـچ گومانێک ئـەو بەرهەمـەی کاک لقمـان نانەکەلی بەناونیشـانی:(کورد لـە مێژوو و پەیماننامـە نێو دەوڵەتیەکاندا وەک گەورەتریـن نەتـەوەی بـێ دەوڵـەت لـەو سـەردەمەدا).بەرهەمێکی یەکجار بابەتی و گرنگە بۆ ئەوڕۆمان لەڕووی مێژوویی و یاسایی و ئەکادیمیەوە، بەتایبەت لەهەلسەنگاندنی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە دژ و ڕێگر بوونە لە بزاڤی رزگاری خوازی کورددا، ئەو بەرهەمە خۆی لەنزیکـی ٢٠٠ لاپـەرەی چڕو پڕ دەدات، زیاتر لە ١٠٠ سـەرچاوەی گرانبەهـاو بەپێـزی بەکارهێناوە، بەزمانەکانـی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی، لەوانەش قورئانی پیرۆز و بەکارهێنانی هەموو بەرهەمەکانی مێژوونوسـی بەناوباگی خوالێخۆشـبوو(ئەمین زەکی بەگ)، کە شارازەیەکی باشی هەبووە لە زمانەکانی کوردی و تورکی و عەرەبـی و فارسـی و ئینگلیزیدا.دەتوانـرێ سـوود لـەو بەرهەمە وەربگیرێـت و توێژینـەوەی زیاتـری لەسـەر بکـرێ، تا لـە داهاتودا کێشەی ڕەوای نەتەوەیەک بەیاسایی چارەسەر بکرێ.

بەهیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ نوسەری ئەو بەرهەمە.

**دکتۆر– کەمال مەزهەر**

**کوردستان – هەولێر**

**٥–٣–٢٠١٤**

## پێداچوونەوەی یاسایی:

لەنوسـینەکانمدا زۆر جار دوبارەم کردۆتەوە، پێویسـتە لەسـەر نوسـەرو توێـژەری کـورد گرنگـی بەتوێژینـەوەو لێکۆلینـەوەو شـیکردنەوە بـدەن لـە بـواری یاسـایی و مێژویـی و رامیـاری و کۆمەلایەتی.

لەراسـتی لانادەیـن گەر بلێیـن کتێبخانەی کـوردی زۆر هەژارە لەتوێژینـەوەی زانسـتی لەزۆربـەی لـق و بوارەکانیـدا، بەتایبەتـی لەبواری یاسـاییدا بەهەردوو لقەکانی یاسـای گشتی نێو دەولەتی و یاسای گشتی ناوەخۆ.

وەک زانراوە زۆر بنکە هەیە ئاکاری توێژینەوەیی هەیە لەبواری پەیوەندی یە نێو دەولەتیەکان و رامیاری یە دەرەکی یەکان، کەچەند کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر مافی کورد و کوردستان.

بـەلام تاکـو ئەمـرۆ توێژینەوەیەکی یاسـایی نابینرێ لـە بواری یاسـای نێو دەولەتی گشـتیدا، بەشـێوەیەکی زانسـتی و هاوسـەنگ دەربارەی پەیمانی سیڤەری نێو دەولەتی سالی ۱۹۲۱ ز، کە سیڤەر دانـی نـا بەمافی کورد بـۆ دامەزراندنی کیانی سیاسـی خۆی بە پێ ی یاسـای نێـو دەولەتـی گشـتی، لە بەشـێکی گەورەی کوردسـتان کەسـنوری باکور و باشـوری کوردسـتانی ناو دەولەتی عوسـمانی بـوو. هیچ دراسـەیەک و توێژینەوەیەکی زانسـتی نەکـرا دەربارەی زانینی نرخ و بەها و کاریگەریەکانی یاسایی ئەو پەیمانە:

ئایا ئەوپەیمانە رەتکراوەتەوە؟

ئایا تاکو ئێستا کاریگەری هەیە و بەردەوامە؟

ئایا دەتوانرێ بە پەیمانێکی پابەندو پێویست تەماشا بکرێت؟

لەناو ئەو کتێبەدا باس لە کۆمەلێک پەیماننامەو رێککەوتن کراوە

بەشـێوەی توێژینـەوەی یاسـایی زانسـتی کورتکـراوە، کەهەمویان کاریگەری و رۆلی خراپیان بووە لەیاسایی نێو دەولەتی و هەرێمی لەسەر مافەکانی کورد.

وەک دەزانیـن پەیوەندیەکـی تونـدو تۆلیـش هەیـە لەنێـوان ئەو کارانەو رابردو و ئێستا و داهاتودا.

وەک ئەمانەتی زانستی ئەو کتێبە توێژینەوەیەکی یاسایی باوەر پێکـراوە، لەگـەل ئەوەش لەکەم و کورتی بێبەش نیە، بێ گومان ئەو توێژینەوەیە پالنەر و هۆکارێکی نوێ یە، هانی هزرو بیری ئەکادیمی کوردی دەدات و دەبێتەهۆکاری گفتوگۆو رامان و کاریگەری دەبێت لـە ناوەنـدی یاسـایی کوردیـدا. لەکۆتایـدا داواکارم لە نوسـەران و توێژینەوەرانـی کـورد، وەک ئەرکێکی پێویسـت هــەول دەن و کاتی خۆیـان تەرخـان کـەن بۆ تـەواو کردنی ئـەو جـۆرە توێژینەوانە بە بەردەوامـی و چـڕو پـڕی، لەگـەل ئـەو گۆرانـکاری و پێشـکەوتنە رامیاری و دەستوریانەی کە روی داوە لە رژێم و سیستەمەکانی نێو دەولەتـی، بەتایبەت لەرژێمەکانی عەرەبی دیکتاتۆری لە رۆژهەلاتی ناوەراسـتدا کەچەقبەستوبوون لەبارەی دیموکراتیەت و فرە حزبی، ئـەو گۆرانـکاری یە نوێانە خۆسـەپێنن لە سیاسـەت و پەیوەندی یە نێو دەولەتیەکان و هەرێمیەکان، نەتەوەی کوردیش لە ژێر سێبەری ئـەو گۆارنکاریانـەدا دەتوانێت مافی چارەی خۆنوسـین و کیانی نێو دەولەتی و دەستوری خۆی دامەزرێنێت لەو چەرخەدا.

خوای گەورە پشتیوانمانە

**د. محمد هەماوەندی**

**٢١ – ١١ – ٢٠١٣**

**پێشەکی نووسەر:**

نووسـینی مێـژوو کارێکـی ئاسـان نـی یـە، بەتایبـەت لەسـەر نەتەوەیەک کە پاشـخانێکی مێژوویی باشـی نەبێت لە نوسـینەوەی مێژووەکـەی، بابەتـی مێـژوو بابەتێکی هەسـتیارە، چونکـە قۆناغ و سـەردەمەکان حوکـم لەسـەر نوسـینەوەی دەکـەن، ئـەو بابەتەمان بەرکورتێکـی خەرمانـی مێـژووی ئادەمیـزادی کـۆن و نەتـەوە نشینەکانی ناوچەی زاگرۆسە، هەر لە (سۆمەری و عیلامی و گۆتی و لۆلۆ و کاسی و سۆباری و میتانی و نایری و هیتیت وئۆرارتۆو لەگەڵ نەتەوەی ئەرمەن).

پەنجـە دەخەینە سـەر رەگەزی ئاری نـەژاد، بەتایبەت نەتەوەی کوردو نیشتیمان و زمانەکەی. هەر لەسەرەتای دەولەتی (مادە) وە تاکو سەرەتای دەرکەوتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

دەرکەوتنـی میرنشـینە کوردی یـەکان سـەرەتایەک بووە دوای دەولەتـی ماد، کە حوکمیان کردوە لەناوچەی کوردسـتانی گەورەدا وەک (میرنشـینی شـەدادی وحەسـنەویی و ڕوادی و دۆسـتەکی و مەروانی وسـالاری یە)، لەباسـی ئەو میرنشـینانەدا دوبەرەکی و رکابـەری میـرە کوردەکانمان بۆ روون دەبێتەوە لە ناوخۆ و لەگەل یەکتـر، کـە چۆن مشـوری خەمی حوکـم و دەسـەلاتیان بووە نەک خەمی خاک و سەربەخۆیی نەتەوە.

بـاس لەسـەرهەلدانی دەولەتـی ئەیوبی و سـولتان صـلاح الدين و بەرفراوانـی سـنوری دەولەتەکەی دەکەین، بـەرەو مصرو یەمەن و فەلەسـتین و سـوریا، سـەرکردەیەکی بەرەگەز ئاری و بەنەتەوە

کورد لەو سەردەمەدا لەخزمەتی ئاینی ئیسلام دا بووە.

هەروەها بوونی دەولەتی زەند و لێهاتویی سەرکردەیەکی کوردی وەک کەریم خانی زەند و دەست گرتنە سەر هەموو وڵاتی ئێران وەک شاهەنشاو حاکم.

دامەزراندن و دەرکەوتنی چەند میرنشینێکی بەهێزی کورد لە سەدەکانی١٤و١٥و١٦و ١٧ و ١٨ و ١٩ ی ژێر دەسەڵاتی هەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سوننە مەزهەب وئێرانی سەفەوی شیعە مەزهەب، کە کوردستانیان کردۆتە گۆرەپانی شەڕ و زیان و زەرەرێکی زۆریان لە یەکتر داوەوە لە سەر حسابی کورد. نیشتیمانیش بەش بەش کراوە و دوو دیوی لەیەک نەتەوەدا سەری هەلداوە و ئەو میرنشینانەش بوونەتە سوتەمەنی ئەو رکابەریانە.

بەرهەلستی و پەرچەکرداری ئەو میرانەش جار بەجاری دەرکەوتوەو ناوەناوەش یەکتر خۆر بوینە. وڵاتانی دەوروبەر و زلهێزیش هەردەم لە پلان دانان بوونە بۆ لەناوچوونی ئەو میرنشینانە، بەتایبەت کە بەرژەوەندیان وای خواستبێت.

دواتر قۆناغێکی تری مێژویی سەرهەلدەدات لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردا، بەتایبەت قۆناغی شۆرشەکانی (شێخ عوبەیدولای نەهری و شێخ عەبدوالسلامی بارزانی و ابراهیم خانی دەلۆ و سمکۆی شکاک و شێخ مەحمودی نەمر و شێخ سەعیدی پیران و شۆرشی یەکەمی بارزان تا دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و شۆرشی ئەیلول بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی)، کە هەریەکەیان بە چەند دەستێک لێدراون و کپ کراون و رووخاون، بەڵام هەردەم نەتەوەی کورد لە خەبات و رزگاری و فیداکاریدا

کۆلی نەداوەوتێکۆشاوە و هەستاوەتەوە سەرپێ.

لـە کۆتایی باسـەکەمان باس لەهەندێـک پەیماننامەو ڕێککەوتنی گرنـگ دەکەین، کـە دژی نەتەوەی کوردو شـۆرش و ڕاپەرینەکانی بەسـتراون لە قۆناغە جیاجاکانی مێژوودا، کەمەبەستی سەرەکیمانە لـەو باسـەماندا بـۆ ئـەوەی بە یاسـایی و وردتر لێیـان بڕوانیین، تا لـە دوا ڕۆژدا توێژینـەوەی ئەکادیمی لەسـەر بکرێ و چارەسـەری کێشـەکانمان بکەیـن وەک نەتـەوە لـە داهاتـودا، بـۆ هەمـوو لایەک ڕونتر بێت ئەگەر باس لە رابوون و سەربەخۆیی بکەین چ دڕندانەو کوێرانـە پـلان دارێژەر ئامادەن بۆ سـەرکوت کردنمان، با لە واقعی ئـەو رێککەوتننانـە بگەیـن ئینجـا گلەیـی و گازانـدە لـە سـەرکردەو شۆرشەکانیان بکەین، ئەو کەسەی مێژووی نەتەوەی خۆی نەزانێت دوارۆژی تاریکە.

هـەر لەشـەری چالدێرانـەوە لە سـاڵی ١٥١٤ تـا دەگاتە کۆتایی سەدەی بیستەم، کە شۆرش و بزاڤی رزگاری خوازی کورد توشی چەندیـن پـلان و هەرەشـە و مەترسـی بۆتـەوە لـەو قۆناغانەدا، بێ ئـەوەی تاوانی هەبێـت، کە بەرژەوەندی وڵاتانـی دەوروبەرو زلهێز کوردسـتانیان پارچـە پارچە کردوەو نەتەوەیەکیـان لێک ترازاندوە، زۆر بە بێ ویژدانی لە ڕووی رەسەنی و یەک نیشتمانی و هاوژیانی، کە تاکو ئەمرۆش گەورەترین نەتەوەی بێ دەولەت لەجیهاندا کوردە.

هیواداریـن خاڵێکـی گرنگـی مێـژووی نەتەوەمـان وروژاندبێت، دڵنیایـن دڵـی گـەورەی ئێوە دەمـان بورێت لەهەر کـەم وکورتیەکی بـێ ئەنقەسـت، رەخنەکانیـش بابەتەکەمـان بـە سـەنگتر دەکات بـۆ توێژینەوەی وردتر لە داهاتودا.

## نیشتیمانی کورد:

نیشتیمان ئەو شوێنەیە کەمرۆڤ لەسەر خاکەکەی لەدایک دەبێت و باب و باپیرانی تێیدا ژیاون و پەروەردەبووینە. سنورێکی جوگرافی دیاری کراوی هەیە، کە مرۆڤ بۆ ژیان و گوزەرانی خۆی دیاری کردوە وبەرگری لێ کردوە لە هێرشی دەرەکی.

کوردستان نیشتمانی کوردە، لە نەخشەی جیهاندا دەکەوێتە رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا لە بەشی رۆژهەلاتی ناوەراست. خاکی کوردستان نەبۆتە یەک دەولەت و لە نێوان دەولەتەکانی ئێران و تورکیاو سوریا و عێراق دابەش بووە، ئەو سنورە تاکو ئەمرۆ دانی پێدا نەنراوە بە پێ ی یاسای نێو دەولەتی وبەشێوەی سیاسی[1]. سنوری کوردستان لەباکوری رۆژهەلاتی لوتکەی چیای ئاراراتەوە دەست پێ دەکا، بەرەو باشور بۆ بەشی باشوری چیای زاگرۆس و پشتکێو[2] (پارێزگای ئیلامی ئێرانی ئێستا)، لەوی ڕا هێلێکی راست دەکێشین بۆ رۆژ ئاوای شاری موصل (پارێزگای نینوا)ی عێراقی ئێستا تا شاری ئەسکەندەرونەی سەر دەریای سپی ناوەڕاست، ئینجا هێلێکی تر لەوێرا بۆ باکوری رۆژهەلاتی تا ناوچەی ئەرزەرۆم لە ولاتی تورکیا، پاشان لەئەرزەرۆمەوە هێلێک دەکێشین بەرەو رۆژهەلات تا دەگاتە لوتکەی چیای ئارارات[3].

---

١ - د. جمال رشید احمد- د فوزی رشید- تأریخ الکرد القدیم- الجمهوریة العراقیة- وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی- جامعة صلاح الدین- اربیل- ١٩٩٠ - ص ١٢.

2 - The New Encyclopeia Britannica - Volume - 7 - London - 1982 - P40.

The World Book Encyclopedia - Volume - 11 - London - 1995 - P342.

Colliers Encyclopedia With Bibliography And Index. Volume - 14 - London - 1995 - P197 - 198.

٣-د- عبدالرحمن قاسملو- کوردستان و کورد- وەرگێر عبدالله حسن زادە- (١٩٧٣) -لا ١٨.

پێوانەی خاکی کوردستان بەگشتی لەولاتانی بەریتانیا و فەرەنساو بەلجیکا و هۆلەندا و دانمارک و سویسرا گەورەترە.

پێوانەی خاکی کوردستان ٤٠٩/٦٥٠ کیلۆ مەتری چوارگۆشەیە بە هەر چوار بەشەکانیەوە (باکور و باشور و رۆژهەلات و رۆژئاوا)، کوردستان کەوتۆتە نێوان ٣٠-٤٠ پلە لەپانایی رۆژهەلاتی و ٣٧- ٤٨ درێژایی باکوری. ولاتێکی دەشتەنی و زورگ و شاخاوی یە بەرزترین شاخی زاگرۆسە (ئاگری) یە، ئاووهەوای کوردستان جیاوازە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، لە کوردستانی باکور دەگاتە ٣٠ - ٣٥ ی ژێر سفر، بەڵام لە کوردستانی باشور تا پلەی ٤٥ سەروی سفر دەروات، باران بارینیش لە شوێنێک بۆشوێنێکی تر جیاوازە. کوردستان روباری زۆری هەیە لەوانەش (ئاراز و دیجلە وفورات و قزل ئوزەن و زێ ی گەورەو زێ ی بچوک و بتلیس و بۆتان و سیروان و گاماسیاب وجەغەتوو تەتەهو).

هەروەها چەند دەریاچەیەکی هەیە لەوانە (وان و ورمێ وخەزەر و زرێوار و دوکان و دەربەندیخان و دهۆک). گرنگترین سامانی ژێر زەوی کوردستان نەوتە، ئینجا ئاسن و مس و کرۆم و گۆگرد و قورقوشم و زێرو زیوە. وەهەروەها خاکی کوردستان لەرووی کشتوکالیشەوە زۆر بە پیت و بەرەکەتە بەهۆی بوونی دەشتە بەناوبانگەکانی وەک (ئۆرفەودیاربەکروموش و ئەدەنەوزاخۆو هەولێرو رانیەوشارەزوروموکریان). ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بە هەر چوار پارچەکەیەوە، دەگاتە نزیکی ٤٠ ملیون کەس وەکو نەتەوەی کورد. کورد بەچوارەم نەتەوە هەژمار دەکرێت لەرووی ژمارەی تاکەکانی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا دوایی نەتەوەکانی عەرەب و تورک وفورس.

## مێژووی ئادەمیزادی کۆن:

مێژووی ئادەمیزاد دوو قۆناغی هەیە[1]:

**١ – قۆناغی پێش نووسین:**

مـرۆڤ لـەو سـەردەمەدا کـەل و پەلی پێوسـیتی ژیانـی لەبەرد دروست کردووە، بۆیەش ناونراوە (دەوری بەرد) وبەڕاوی ئاژەڵ و کۆکردنـەوەی بەری دارو درەخت ژیاوە، وە ئەم دەورەش دەکرێتە دوو بەش[2]:

أ – دەوری بەردینی کۆن.

ب – دەوری بەردینی نوێ.

ئەم دوو دەورەش لێک جیادەکرێنەوە بە پێ ی کەڵ و پەلەکان، کـە مرۆڤـەکان دروسـتیان کـردووە و بەکاریـان هێنـاوە لەرێکی و نارێکی دروست کردنیاندا بە پێ ی سەردەمەکان.

أ – دەوری بەردینی کۆن:

مرۆڤ لەو دەورەدا زۆر سـادەو سـاکار ژیاوە لەئەشـکەوت و کـون و کەلەبـەری شـاخەکان و کێوەکانـدا. ڕاوی ئاژەلی کردووەو هەر بە خاوی گۆشتەکەی خواردووە، چونکە نەیزانیوە ئاژەڵ بەخێو بـکات و نەیزانیـوە ئاگـر بکاتەوە، بەری دارو درەختـی بە ئامادەیی خواردووەو کشتوکاڵی نەزانیوە، بۆیە ئەم دەورە زیاتر ناو دەبرێت

---

١ – د. عبدالرضا الطعان– الفکر السیاسی فی العراق القدیم– دار الرشید للنشرر– دار الخلود للطباعة والنشر– بیروت – لبنان– ١٩٨١ – ص ٨٩– ٩٢.

٢ – د– سامی سعیداحمد– رضا جواد الهاشمی– تاریخ الشرق الادنی القدیم– وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی– العراق– ١٩٨٠ – ص ١٩١.

به دەوری (کۆکردنەوەی خواردەمەنی) و (ڕاوکەری)[1].

ب – دەوری بەردینی نوێ:

مرۆڤ لەم دەورەدا لەهەلس و کەوت گۆراوە و زانست و زانیاری زیاتر وەرگرتووە و فێری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ بووە، لە ئەشکەوتەوە هاتۆتە دەرەوە، ئەوەش سەرەتای دروست کردنی خانوو و دێهات و گوند و شار بووە، کەلو پەلی خواردن و خواردنەوەی وەک: قاپ و کاسەی لە قوڕ دروست کردووە، فێرە ئاگرکردنەوە بووە، خواردنی لێ ناوەو ئامادەیکردووە و بەکۆمەڵ خواردویانە، لەم بەکۆمەل کۆبوونەوەیەی خواردنەدا زمان و دواندنیش پەرەی سەندووە.

هەروەها بەردی بەکارهێناوە بۆ زەوی کێلان و ڕاوی ئاژەڵ، پێستی بەکارهێناوە بۆ جلو بەرگ و پێخەف، ئێسکەکەشی بەکارهێناوە بۆ زۆر پێداویستی رۆژانەی تر، وەک (سوژن – دەرزی).

هەر لەم چەرخەدا مرۆڤ بیرو باوەر و ئاینی پەیدا کردووە، خوێندن و نووسینیش فێربووە چۆتە قۆناغ و خولێکی تری مێژوو کە بە (دەوری مێژوو) ناونراوە.

**٢ – قۆناغی دوای نووسین:**

ئەوانەی نوسینیان زانیوە و باس و بەسەرهاتی خۆیان نوسیوە، ناونراون مرۆڤی (دەوری مێژوو). ئەوانە شتێکیان لەپاش خۆیان بە جێهێشتوە وا بەکورتی باسیان دەکەین.

---

١ – جورج رو– العراق القديم– ترجمة وتعليق: حسين علوان– مراجعه: د. فاضل عبدالواحد على– وزارة الثقافة– دار الحرية للطباعة – العراق – ١٩٨٤ – ص ٧٠ – ٧٥ – ٧٩.

# بەرکورتێکی
# خەرمانی مێژووی نەتەوەکانی
# زنجیرە چیای زاگرۆس

**بەرکورتێکی خەرمانی مێژووی نەتەوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس:**

شایانی باس کردنە زنجیرە چیای زاگرۆس، لەباکورەوە لەسەر دەریـای رەش دەسـت پـێ دەکات تـا نزیـک بەنـدەری (بوشـهر) لە خەلیجی فارس[1].

**سۆمەریەکان:**

سـۆمەریەکان بـەر لـە ٢٥٠٠ سـاڵ پێـش زایـن ژیاون، شـوێنی نیشـتەجێبوونیان وڵاتی میزۆپۆتامیا بووە واتا عێراقی ئێسـتا نزیک ڕووبـاری فـورات[2]، نوسـین لەسـەر دەسـتی سـۆمەریەکاندا بـە شـێوەی (وێنە) داهێنراوە، دواتر شـێوەی (مێخی) وەرگرتووە[3]. لە مێژوودا ناو نراون بە حکومەتی شـاران، مێژوونوسـان بە بنچینەی

---

١ - محمد أمين زكي- خلاصة تأريخ الكرد وكردستان- من اقدم العصور التاريخية حتى الآن- ترجمة محمد علي عوني - الجزء الاول - الطبعة الثانية - مطبعة صلاح الدين- بغداد - ١٩٦١ - ص ٦٠. وە هەروەها بڕوانە -عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی – وەرگیرانی .عبدالرحمن محمدامین زەبیحی – جوغرافیای کوردستانی ئێران – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا - ١٩٨٠ –ل١٧.
( زنجیرە چیای زاگرۆس ئەگەر چی بەهەموو زنجیرە چیاکانی رۆژئاوای ئێران دەگوترێ ، بەلام یۆنانیەکان زیاتر مەبەستیان ( کێوەکانی دالەهۆ – باڵوول ) بوە لە ناوچەی کرماشان. بەرزترین زنجیرە شاخی کرماشان (دالەهۆیە) کە بەدرێژایی ساڵ بەفر لوتکەی داپۆشیوە .لەسەرەوەی ولاتی کرماشان تا ئاسۆیەکی زۆر دور دەبینرێت ؟ دۆڵێکی قولی هەیە وەک رێگایەک بوە لەنێوان ئێران و ولاتی میزۆ پۆتامیا ، لەکۆنەوەش وا مەزندە دەکرێت بەشی زۆری کۆچ و کۆچباری خێڵەکان لەرۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا لەدەربەندەکانی ئەو زنجیرەیە دەرباز بوو بن ).

٢ - منذر الموصلي- عرب واكراد (رؤية عربية للقضية الكردية)- دار الغصون- بيروت - ط١- ١٩٨٦- ص ٩٧.

٣ - د. عبدالرضا الطعان- الفكر السياسى في العراق القديم- مصدر سبق ذكره - ص. ٩٢ - ٩٣.

شارستانیەتی کۆنی عێراقیان (میزوپۆتامیا) هەژمار دەکەن[1]، چونکە قۆناغی گوندو دێهاتیان بڕیوە لەسەر دەستی ئەوان شار دروست بووە، بە بیرو باوەری شارستانی ونیمچە دیموکراتی ولاتیان بەرێوە بردووە[2].

**عیلامیەکان:**

یەکەم بنەچەی نەتەوەکانی زاگرۆسن و دواتر کۆچیان کردوەو هاتونەتە باشوری رۆژئاوای ئێرانی ئێستا[3]، لە ٣ تا ٤ هەزار ساڵ پێش زاین، عیلامیەکان سۆمەریەکانیان دەرکردوە ولەسەر رووباری کارۆن لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ بووینە[4]، لەناوچەی لورستان کە دەکاتە (ئیلام وپشتکێو بەختیاری) ئێستا، بە کشتوکاڵ و مەڕوو ماڵات بەخێو کردنەوە خەریک بووینە، شەرکەرو ئازابوینە، پایتەختەکەشیان شاری (سووز – شەوشەن، سوس – شوشە) بووە. رۆژ و مانگیان پەرستوە، تا دوایی ساڵی ٦٥٠ پێش زاین لە

١ – د. احمد سوسة – حضارة وادی الرافدین بین الساميين والسومريين. منشورات وزارة الثقافة والاعلام العراقيه – دار الرشيد للنشر – ١٩٨٠. ص ٣٤ – ٣٦.

٢ – جورج رو – العراق القديم– مصدر سبق ذكره – ص٣٦ – ١١٩ – ١٢٣ – ١٥٢ – ١٥٥ – ٢٢٧.

٣ – د سامی سعيد احمد– رضا جواد الهاشمي– مصدر سبق ذكره – ص ٦١.

٤ – صالح قەفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ– خانەی سوڵتان الاعزمی– چاپی یەکەم– بەغدا– ١٩٦٩– لا ٥٢– (رووباری کارۆن دەکەوێتە رۆژئاوای هەرێمی خوزستانی ولاتی ئێران، سەرچاوەکەی لە کێوی زەردە کۆ هەلدەقولێت کە بەشێکە لەزنجیرە چیای زاگرۆس، بە شارەکانی ئەهواز و عبادانداد تێپەر دەبێت و دەرژێتە شەتی عەرب و لە وێشەوە بۆ خەلیجی عەرەبی، درێژیەکەی ٩٥٠ کیلۆمەترە).

شێوەی دەولەتێکی سەربەخۆ ژیاون، پادشای ئاشوریەکان (ئاشور پانیپاڵ) عیلامیەکانی ڕووخاندوەو پایتەختەکەشیانی وێران کردووە. لە شـوێن و مەنزلگای عیلامیەکان عەشـیرەتی (لوڕ و لەک) ئێسـتا نیشتە جێن.

**گۆتیەکان (جوتی– جودی – گۆتی– کورتی) :**

(گۆتـی – کورتـی) بە رەگەز کوردن[1] – [2]، لە زنجیرە چیاکانی زاگـرۆس ژیـاون، حکومەتـی سـەربەخۆیان دروسـت کـردووە، بەشـێکیان شـوێنی نیشـتە جێبوونیـان لە خـواروو ژووری (زێ ی بچـوک) لـە (ئارارفـە – ئاراربخـا – کەرکـوک)[3] لـە عێراقـی ئێسـتا بووە. وە بەشـەکەی تریشـیان لای سـۆمەرەکان ژیاون لە باکوری (عیلامیەکانـدا) نزیـک چیاکانی (پشـتکێو – دۆلی کەرخـا – ئەلوەند) لەسـەر سـنووری عێراق – ئێران، (ئانناتۆم) ی سەرۆکی (گۆتی) لە سـەدەی ٣١ ی پێـش زایین شـەری لەگەڵ عیلامیـەکان کردووە، وە لەسەدەی ٢٨ ی پێش زایین هەر شەرو کارەسات بەردەوام بووە و گۆتیەکان هێرشـیان کردۆتە سـەر (سۆمەریەکان) ، (لۆلۆ) ناوچەی (هاڵمان – حەلوان – ئەلوەند) ی لێ داگیر کردوون کە ئێستا پێ ی دەڵێن (زەهاو). (ئەکەدیەکان) ئەم شـەڕو شـۆرەی نێوان (سـۆمەر

١ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد علي عوني– مصدر سبق ذكره – ص٦١– ٨٨.

٢ – حسين حزني– کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان)– چاپی یەکەم– چاپخانەی زاری کرمانجی– رواندز – ١٩٣٨ – لا ٥٢.

٣ – د. عبدالرضا الطعان– الفكر السياسي في العراق القديم– مصدر سبق ذكره – ص ٩٧.

و گۆتی ولۆلۆ) بەهەڵ دەزانن و سوود لە کزبوونیان وەردەگرن و ولاتیان داگیر دەکەن[1].

**لۆلۆیەکان:**

شوێنی ژیانیان لەنێوان رووبارەکانی (زێ ی بچوک-سیروان - ئەلوەند) بووە، واتا لەناوچەی (سلێمانی- شارەزوور- زەهاو)[2]- [3].

مەرکـەزی حکومەتـی لۆلـۆ شـاری (زیمـری) و (ئەراکـەدی) و (هارهـار) بـووە، کـە دەکەوێتـە نزیـک شـاری هەڵەبجـەی ئێسـتا. ئـەم شـارانە لـە دەوروبەری شـاری سـلێمانی بووە پـێ ی وتراوە (زامـوا) ، پادشـاکەیان نـاوی (لاسـیراب) بـووە. لۆلـۆکان شـەرو هێرشیان کراوەتە سەر لەلایەن پادشای گۆتی (ئانناتۆم) و پادشای ئەکەدیـەکان (سـارغۆن) و (نـارام سـین). ئەم سـەرکەوتنەی (نارام سـین) لە لەتابلۆیەکی گەورەدا تۆمـار کردووە لە ناوچەی قەرەداغ، خەلکی ئەو ناوچە ناویان ناوە (نیشانەی گاورکرد)[4].

(ئاشـوریەکان)یش بەسـەرکردایەتی پادشا (ئاشور ناسربال) لە سـالانی ٨٨٤ ی پێش زایین تا ٨٦٠ لەشـکریان کردۆتە سـەر (لۆلۆ) کان، لە دەربەندی بازیان و سـورداش و شـارەزوور و سـیروان و

---

١ - جورج رو - العراق القديم- مصدر سبق ذكره - ص٢٢٣.

٢ - محمد أمين زكي- خلاصة تأريخ الكرد وكردستان- ترجمة محمد على عونى- مصدر سبق ذكره - ص ٦٠ - ٨٢.

٣ - حسين حزنى- کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان)- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٥١.

٤ - د. جمال رشيد احمد- د فوزى رشيد- مصدر سبق ذكره - ص ٢٩.

پێنجوین و نالپارێز و مەریوان، ئەو شوێنانەش لە وڵاتی زاموا بووە واتا شاری سلێمانی ئێستا، پادشای بەناوبانگی لۆلۆ (ئامیخا) دژیان جەنگاوە لە قەڵای (تیسیر). ئەم شەڕانەش لە دەروازەی شاری (نەینەوا – موصل) بە وێنە لەسەر بەرد دروست کراوە.

**(کاسی– کێشی) یەکان:**

شوێنی نیشتەجێبوونیان (کرماشان – قرمسین) ولوڕستانی ئێستا بووە لە ناوەراستی ناوچەکانی چیای زاگرۆس[1] – [2]، نەتەوەی (سامی) یەکان پێیان وتون (کاشی – کێشی – کۆشۆ)، لە پەرتوکی پیرۆزی تەوراتی جولەکەکان ناویان بە (کۆشی) هاتووە، پیشەوکاریان کشتوکاڵ و ڕەشە ولاخ بەخێو کردن بووە[3]، ئاینیان رۆژ پەرستن بووە بەناوی (سوریاش). (کاسی) یەکان شەڕ کەرێکی بەتواناو بەهێز بووینە، لە ساڵی ١٧٦٠ پێش زایین بە سەرکردایەتی (غاندیش) و سوپای (گۆتی) و (لۆلۆ) وڵاتی (بابل – بابلستان) یان داگیر کردووە کە پادشا (حمورابی) حکومی تێدا کردووە[4]. وەهەروەها ولاتی سۆمەریشیان لەناو بردووەوهەموو وڵاتی بابل و گۆتی و لۆلۆ یان لە ژێر دەست بووە. بەمەش پادشاکانی کاسی ناونیشانی (کاردۆنیاش) یان لەخۆ ناوە، کە ناونیشانێکی پیرۆز

---

١ – محمد أمین زکی– خلاصة تأریخ الکرد وکردستان– ترجمة محمد علی عونی– مصدر سبق ذکره – ص ٦٥ – ٩٣.

٢ – حسین حزنی– کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان) – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٥٣.

٣ – د. جمال رشید احمد– د فوزی رشید– مصدر سبق ذکره– ص ٦١.

٤ – جورج رو – العراق القدیم– مصدر سبق ذکره– ص ٣٢٧.

بووه لەوانەش پادشـا (ئاکووم کاکریم). شوێنە واری (عقرقوف) کە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری بەغدا پاشماوەی ئەوانە، (کاسی یەکان) نامـە گۆرینـەوە و پەیوەندیـان هەبووە لەگـەل فیرعەونەکانی مصر لـە بـارەی سیاسـی و بازرگانیدا[1]. تاکو سـاڵ ی ١١٨٠ پێش زایین حکومیان کردووە لە عێراق، واتا نزیکەی ٦٠٠ سـاڵ، دواتر لەلایەن ئاشوریەکانەوە کز و بێ هێز بووینە، جگە لە کێشەی ناو خۆیان.

**سۆباریەکان:**

(سـۆباریەکان) لـە باکـوری رووبـاری کارۆنـی ئێـران ژیاوون، تـا چیـای (ئامانـۆس) ئـەم چیایـە دەکەوێتـە نێـوان (ئەدەنـە) و (ئەسـکەندەرونە)ی وڵاتی تورکیای ئێسـتا[2]، لە باشوری رۆژئاوای گۆمـی وان ناوچەیـەک بـووە بەناوی (سـو) نـاوی ئەونەتەوە بووە کـە لـەوێ ژیـاون، ووشـەی (بـار) بەمانـای دەرەوە دێـت بەزمانی سومەری[3]، بە (الهورین – الخوریین) ناسراون لە بەشی رۆژئاوای روبـاری دجلـە. حکومەتیـان نەبووە لە ژێر حکومـی (گۆتی و لۆلۆ) یەکان بوونە. پادشـای ئاشـوریەکان (تیغلات بلایسـەر) ی یەکەم لە مێـژووی (١٢٠٠ – ١١٠٠) پێـش زاییـن، ناوی بە ئازایەتی هێناون و شاری (شەریش) ی سۆباریەکانی وێران کردووە.

---

١ – د. عبدالرضا الطعان- الفکر السیاسي فی العراق القدیم- مصدر سبق ذکره – ص ١٠٢.

٢ – محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علي عوني- مصدر سبق ذکره – ص٦٧ – ١٠٠.

٣ – د. جمال رشید احمد- د فوزی رشید- مصدر سبق ذکره- ص ٤١.

**میتانیەکان:**

میتانیەکان لەسەدەی ١٦ ی پێش زایین ژیاون لە نزیک شاری (جرابلس) سوریا ی ئێستاو تا شاری موصل و کەرکوکی عێراقی ئێستا[١]، نەتەوەیەکی شارستانی بووینە، زیاتر لە ٩٠٠ ساڵ حوکمرانیان کردووە، لەشاری کەرکوک زۆر شوێنەواریان دەرکەوتوە[٢]، زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە بە شێوەی (مسماری)، حکومەتێکی بەهێزیان هەبووە، لەو سەردەمەدا دەولەتی (مصر – هیتیت – کاسی – میتانی) هەبووە. پایتەختیان شاری (واشتۆغان) بووە، (میتانی) ناونیشان ولەقەبی حاکمەکانیان بووە، بە وڵاتەکەشیان ووتراوە (هانی گاڵپات)[٣].

(مصر) یەکان بە (میتانیەکانیان) وتوە (ناهاری)، وە لە پەرتوکی پیرۆزی (تەورات) ی جولەکەکان ناویان بە (نەهارام) هاتووە. لە ساڵی ١٨٥٠ی پێش زایینیش دا، فیرعەونی مصر (تەحوتمیش) ی یەکەم کە بەرەو کیشوەری ئاسیا هاتووە، شەری لەگەڵ میتانی یەکان کردووە. لەئەنجامدا دەولەتی میتانی لە نێوان هێرش وداگیرکردنی سێ دەولەتی (مصر و هیتیت وئاشوری) دا لەناوچوونە.

١ – زبير بلال اسماعيل – تاريخ اللغة الكردية – مطبعة الحوادث – بغداد – ١٩٧٧ – ص٣٤.

٢ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عونى– مصدر سبق ذكره – ص ٩٧.

٣ – د. جمال رشيد احمد– د فوزى رشيد– مصدر سبق ذكره – ص ٧٢.

**نایریەکان:**

لەسەدەی١٢ی پێش زایندا لە مێژووی ئاشوریەکان باس کراون. دێهات و خێلاتی (نایری و نەهری و بۆتان و شەمدینان) پاشماوەی ئـەم نایریـە کۆنانەن. لە سـەدەی ١٠ ی پێش زاییندا (زێی گەورەو رووباری دجلە) یان لە ژێر دەست بووە[1].

حوکمی مەرکەزیان نەبووە بەلکو لەشێوەی حوکمی نا مەرکەزی ژیـاون، هەریەکـە سـەرۆکی خۆیـان هەبـووە، ئاشـوریەکان نـاوی پادشـایان داوە بـەو سـەرۆکانە. مەلیکی ئاشـور (تیغـلات پلایزەر) ی یەکەم لە دەشـتی (مەلازگرد) دا لەگەل لەشـکری پادشـای نایری شەرێکی گەورەیان کردووە.

بەکزبوون و نەمانی ئاشـوریەکان لە مێژووی ١١٠٠ وە تا ٦٨٠ ی پێـش زاییـن، حکومەتی (مـاد) دەرکەوت و حوکمرانی کردووە لە وڵاتـی نایـردا، ناوی (کوردۆ ئەن) پەیدا بووە. کە ئەمە بەسـەرەتای پەیدا بوونی ناوی کورد دێت[2]، وە باسی (کاردۆخۆ – کوردۆیی – مانای) دەردەکەوێت کەسەر بەنەتەوەی (ماد) ن.

١ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عونى– مصدر سبق ذكره – ص١٠١.

٢ – حسين حزنى– کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان) – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٥٨.

**(هیتیت– ئیشی) یەکان:**

لەنەتـەوە کۆنەکانـی رۆژهەڵاتـی (ئەنادۆل) ن، لـە وڵاتی تورکیا ژیاون ماوەی زیاتر لە ١٥٠٠ ساڵ. وا مەزەندە دەکرێت لە باکوری ئێرانەوە وە یا لە قەفقاسەوە هاتون لەوێ نیشتەجێ بوونە، هاوژیانی تـری نەتەوە کۆنەکانی زاگـرۆس بوونە پێش هاتنی نەتەوەی ئاری، واتە لە گەڵ نەتەوەی مادو فورس هاوسەردەم نەبوینە[1].

**(ئۆرارتۆ و هاندی– خالدی) یەکان:**

ئەم نەتەوە لە سالی ١٢٥٠ ی پێش زایین لەرۆژهەلاتی ئەنادۆل ژیاوە و شوینی (هیتیت) ی گرتۆتەوە، ئاینیان (ڕۆژ) پەرستن بووە.

(ئۆرارتـۆ) کان لەگـەڵ (نایـری) یـەکان هاوچـاخ و هاوژیانـی یەکبوونـە، ئاشـوریەکان بەرۆژئاوای گۆمـی (ورمێ) و گۆمی (وان) یـان وتـوە (ئۆرارتـۆ)، پەرتوکی پیـرۆزی (تـەورات) ی جولەکەکان بـە (ئـارارات) ناوی هێنـاوە[2] –[3]. ناوی نەتەوەکەشـیان بردووە بە (هاڵـدی – خالـدی)، وە گەلێـک پادشـای ناودارپـان هەبـووە لەوانە (سـاردۆریس کـوڕی ئـاری)، ئـەم پادشـایە شـاری (تـۆس پاس – وان) ی ئیسـتای کـردووە بـە پایتەختـی خـۆی. ئۆرارتـۆ کانیش بە

---

١ – صالح قەفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ – هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٨١.

٢ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عوني– مصدر سبق ذكره – ص٦٦– ٩٨.

٣ – حسين حزنی– کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان)– هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٩٤.

شـێوەی نامەرکەزی (فیدرالی) حوکمی خۆیان کردووە[١]. لەسەدەی ٩ یەمـی پێـش زاییـن دا، کەناوبانگـی نەتـەوەی (ماد) پەیـدا بووە و لەگەڵ ئاشـوریەکان جەنگاون و ئۆرارتـۆکان بێلایەن بووینە، بەڵام بەهاتنـی نەتـەوەی (کێمـەری) و (سـکیت)[٢] لەوڵاتی قەفقاسـەوە بۆ سـەر ئۆرارتۆکان، ئـەم وڵاتەیان شـێواندوەو ئۆرارتۆکانیش ناچار لەگەڵ ئاشـوریەکان یەکیان گرتووە لە سـەدەی ٨ ی پێش زایین دا. بەڵام دوای رووخانی دەسەلاتی ئاشوریەکان لەلایەن (ماد)ەکانەوە، وڵاتی (ئۆرارتۆ) کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی (ماد).

**ئەرمەنیەکان:**

ئەرمەنیەکان بنەچەی (هێندۆ ئەوروپی) ین، لەسەرەتای سەدەی ٦ ی پێـش زاییـن لـە گەرووی (بۆسـفۆر) و (داردانیـل) وە کۆچیان کـردوە و هاتونەتـە رۆژهەلاتی (ئەنادۆل) ولە ناوچەی (ئۆرارتۆ) دا لە ناو کوردا جێ نشین بوونە[٣] – [٤].

لـە (ئۆرارتـۆ- ئەرمەنسـتان) دا خەریکـی دروسـت کردنـی دام و دەزگای سـەربەخۆ بوونـە، بـەڵام ئیمپراتۆرو شاهەنشـای ئێران (کەیخوسـرەو) وڵاتـی لـێ داگیـر کـردوون، نزیکـەی ٢٠٠ سـاڵێک

---

١ – د. عبدالرحمن قاسملو- هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٤٠.

٢ – د. جمال رشید احمد- د فوزی رشید- مصدر سبق ذکرە- ص ٧٨ – ١٠١.

٣ – صالح قەفتان- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا ٨٤.

٤ – محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علی عونی- مصدر سبق ذکرە- ص٧٣.

ژێردەست بووینە. هاوشانی نەتەوەی کورد جار جارە یاخی بوینەو شۆرشـیان هەلگیرسـاندوە، چاکتـر هەولیـان داوە بۆ سـەربەخۆی نەتەوەکەیـان، دەولەتـی سـەربەخۆی خۆیان دامەزرانـدوە ولە ژێر حکومی مەلیکی خۆیان بووینە لە (ئەرمەنستان) [1]دا. لەسەدەی ١ و ٢ ی پێش زایین دا کورد یش لەژێر دەسەلاتی ئەرمەندا ژیاوون. پشت و پەنای ئەرمەنەکانیش بوونە و لە هێرشـی درندانەی شـەرانگێزان پاراسـتونی و بەرگـری لـێ کـردون[2]، لەسـەدەی ٣ ی پێش زایین دا (دیکـران) ی دووەم پادشـای بەناوبانگیـان بـووە، دوای لەدایـک بوونی (حەزرەتی عیسا)، لەلایەن (ڕۆم) ەکانەوە داگیر کراون و بێ هێزکراون.

ئەرمەنیـەکان سـەرەتا لەسـەر ئایینـی (سروشـت) بووینە وەکو زۆربـەی نەتەوەکانـی تـر وکـورد، واتـا (ڕۆژ و مانگ و ئەسـتێرەو بروسـک و... ) یان پەرسـتوە، ئایینی (زەردەشت) یشان هەلبژاردوە ماوەیـەک. دواتـر لـە دەوری ٣٠٠ ی زایینـی دا ئەرمەنەکان بەبیری رامیاری ئایینی (مەسـیحی) یان هەلبژاردوە، چونکە ڕۆم پشـتگیری کردوون لە دروست کردنی دەولەتەکەیان.

---

١ – د. كمال مظهر احمد– كردستان فی سنوات الحرب العالمية الاولی– ترجمة محمد الملا كريم– مطبعة دار افاق العربية – ط٢– بغداد – ١٩٨٤ – ص ٢٣٥ – ٢٣٦.

٢ – ارشاك سافراستيان– الكرد وكردستان– ترجمة د احمد محمود الخليل– دار الزمان– ط١ – دمشق– ٢٠٠٨ – ص٤٢.

**نەتەوەی ئاری:**

نەتەوەی (ئاری) نوێ لە رۆژهەلاتی دەریای خەزەردا لە دەوری سـەدەی ١٦ و ١٨ پێش زایین کۆچیان کردووە بۆناوچەکانی ئێران و عێـراق و هیندسـتان وئەفغانسـتانی ئێسـتا[١] –[٢]، ئـەم نەتەوانـە لـەدەوری مێـژووی بـەردی تـازە دا بووینەوکشـتوکاڵیان زانیوە و بەرە بەرە فێری شارستانیەت بووینە، چونکە پێشتر خەریکی بەخێو کردنـی مەڕومالات و ئەسـپ ومایـین بووینە[٣]، کەچـی نەتەوەکانی تـری عێـراق و مصر (معدن) یان دۆزیوەتـەوەو بەکاریان هێناوە و کەل و پەلیان لێ دروست کردووە.

وەنەتەوەکانـی تـری (قەفقـاس) کـە لەباکـوری دەریـای خەزەر بووینە کۆچیان کردووە بۆ (ئەوروپا)[٤].

نەتـەوەی (ئـاری) زۆر بوونـە بەژمـارە وخێـل و هـۆزو تیـرە، هەروەک یەکگرتنی هاوپەیمانی نێوان خێڵەگەورەکانی ئێسـتا، کە لە هۆز و تیرە پێک دێن بۆنموونە: وەک خێڵی جاف کە لە چەند هۆز پێک دێت، یاخێڵی بلباس کە لە چەندهۆزێک پێک دێت.

بە بڕوای زۆری مێژوونوس ولێکۆڵەرەوەکان[٥]: (پەرت و بڵاوی

---

١ – صالح قەفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ– هەمان سەرچاوەی پێشوو– لا ٨٧.

٢ – محمد أمين زکی– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد علی عونی– مصدر سبق ذكره – ص٣٤ – ٦٨ – ٦٩.

٣ – ئی. م – دیاکۆنۆف– میدیا– وەرگێرانی لە فارسی یەوە – برهان قانع– چاپی یەکەم – وەزارەتی رۆشنبیری– کۆماری عێراق – ١٩٧٨ – لا٢٢٤ – ٢٢٥.

٤– مسعود محمد – لسان الكرد– مطبعة الحوادث– بغداد–١٩٨٧–ص٨.

٥ – جورج رو – العراق القديم– مصدر سبق ذكره – ص ٧٠ – ٧٥ – ٧٩.

ڕەگەزی بێ بۆ نەتەوە، یا نەتەوە بێت بۆ خێڵ، یا خێڵ بێت بۆ هۆز، یـا هۆزبێـت بـۆ تیرەوبنەماڵە) ، سروشـتی ئادەمیـزاد و دەروربەر بووە، بۆ بەخێو کردنی مەڕو ماڵات و کشتوکاڵ کردن ناچار بوینە لەیەکتـر دوور کەونـەوە لەژیانـی سـەرەتایدا، بۆ لـەوەڕگا و پاوان دۆزینەوە و تێکەڵاوی یەکتر نەبوینە، ئەم دابەش بوونە ڕووی داوە و بۆتـە جـێ نشـین بوونـی جوگرافـی. بە سروشـت و ڕێکـەوت لە ریـز یەکتریـدا ژیـاون جا چەندەی دوور و نزیکی یـەک بووبن، لەم شوێنانە ماونەتەوەو ئاگاداری یەکتریش بووینە لە پەلامارو هێرشی دوژمنەکانیان.

ئەم نەتەوانە بەم شێوەی خوارەوە دابەش بووینە[١] - [٢]:

١ - کاردۆخۆ:

بەباکـووری عێراقـی ئێسـتادا چوونەتـە وڵاتـی (سـۆبارتۆ) و (ئۆرارتۆ)، دەسـەڵاتیان بەسەر ئەوانەدا هەبووە و حکومیان بەسەر کردوون[٣].

٢ - ماد:

لەباکـوری ڕۆژئـاوای ئێـران نیشـتە جـێ بووینـە، لـە زنجیـرە چیـای زاگـرۆس لە شـوێن ناوچەکانی (لۆلۆ - گۆتی - کاسـای) کە شـارەکانی کرماشـان و کەرکوک و سـلێمانی ئێستا دەگرێتە خۆی،

---

١ - محمد أمين زكي- خلاصة تأريخ الكرد وكردستان- ترجمة محمد على عوني- مصدر سبق ذكره - ص٧٢.

٢ - صالح قەفتان- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا ٩٠.

3 - The New Encyclopeia Britannica - Volume - 7 - London - 1982 - P40.

ئاشـوریەکان ماوەیـەک وڵاتـی مادیـان داگیر کـردووە، دواتر (ماد) ەکان ئاشوریەکانیان لەدەسەلات دوورخستۆتەوەو ئازاد ژیاوون لە سەدەی ٨ی پێش زایین دا.

٣ - پارت:

لەرۆژهەلاتـی ئێـران ژیـاوون، لەژێـر دەسـەلاتی (مـاد) و (ئەخمینییەکان) بوونە.

٤ - پارس:

لە باشـورو باشـوری رۆژئاوای ولاتی ئێراندا نیشتەجێ بووینە، هەندێـک هۆزیـان لـە (عیلام)ی کۆن بووە، بەگشـتی لە ژێر حوکمی (ماد)ەکان بووینە.

زانایان وای بۆ دەچن ئەو هەموو نەتەوەو هۆزە (ئاری نەژادانە) لەنـاو یەکدا توابنـەوە، واتە ئـاری کۆن و ئاری نوێ کـە بە ماوەی چەندین ساڵ لە زاگرۆسەوە هاتونەتە خوار و یەکیان گرتبێت. دوای ئـەم قۆناغـە لەم نەتەوە (ئاری نەژادانە) نەتەوەی (کورد) و (فارس) دروسـت بووبێـت. وەک دەبینین لەنەتەوەی سـامی نـەژاد بەهەمان شێوە عەرەب دروست بووە.

**زمانی نەتەوەی ئاری:**

نەتـەوەی ئاری لـە بنەچەدا (زاگرۆسـین) [1]، ئەوانـەش زمانیان نزیک بووە لە قەفقاسـەکان و هەموو لەیەک شوێن ژیاوون، بژێوی ژیان و مەڕو ماڵات لێکی کردوون، لێکتر دوورکەوتینەوە[2].

زمانـی ئاری کـۆن لە هیچ بەڵگەیەکی مێـژوودا نەدۆزراوەتەوە، تەنهـا کـورد ناویان هاتوە لە لایەن (سـۆمەریەکان و ئەکەدیەکان و ئاشوریەکان) وە[3]، بەڵام دۆزرانەوەی نویَ هەیە بۆ (عیلام و گۆتی و کاسـی). وە هەرەوەها باس لەوە دەکرێت کە پەرتووکی پیرۆزی (ئاوێستا) بەزمانی کوردی نووسراوە[4]، چونکە (زەردەشت) خەلکی وڵاتی (میدیا) بووە. ئەو زمانەی ئێستامان هەر ئەو زمانەی ئەو کاتی دەولەتی (میدیا) یە بۆ مان ماوەتەوە( ئاڤێستا سەنەدو تاپۆی کوردە مولکییەتـی بـۆ کوردەو پێویسـتە زەفتکەر دەسـتی لـیَ هەڵگریَ)[5]، بـەڵام بـە پێی کاریگـەری حوکمـی دەولەتی فارسـی (ئەخمینیەکان) کـە زمانـی فارسـیان کردۆتە زمانـی رەسـمی وڵات هەلبەتە زمانی کـوردی ووشـەی فارسـی تێکەوتووە بەتایبەت لـە ناوچەی (لوور). هەر لەم دەورە زمانی (پەهلەوی) شێوەی نوێی بەخۆوە دەبینێت و

1 - The New Encyclopeia Britannica - Volume - 7 - London - 1982 - P40
And Also See-The World Book Encyclopedia - Volume - 11 - London - 1995 - P342.

٢ - محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علی عونی- مصدر سبق ذکره - ص٢٩٧.

٣ - صالح قەفتان- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا ١٤١.

٤ - حسین حزنی- کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان) - هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٢٠ - ٢٢.

٥٤ - مسعود محمد - لسان الکرد- مطبعة الحوادث- بغداد-١٩٨٧-ص٣٤.

دەبێتە زمانی نووسـین و خوێندن. بۆیە ساسـانیەکان کردوویانەتە زمانی فەرمی حکومەت. دوای پەیدا بوونی ئیسلام، کورد و فورس بوونەتە موسـلمان، زمانی عەرەبی بەتەواوی بالی گرتووە بەسـەر زمانی (ئاری) کۆن، تا پادشاکانی دەولەتی (بۆیەهی) لە ٣٦٧ کۆچی بەرامبـەر بـە ٩٧٧ ی زاینـی فەرمانیـان دەرکـردووە بۆ بـە فەرمی کردنی زمانی (فارسی)، زمانی عەرەبی گرنگی پێنەدراوە.

(میجەر سۆن) کە ئەفسەرێکی پلەداری سەربازی ئینگلیز بووە لە عێراق شارەزای زمانی کوردی بووە دەلێت:

(زمانـی کـوردی شـێوەی نەگـۆراوە و نـەژادی (ئاری) یـە[١]، لە زۆر لاوە خۆی پاراستوە لە ووشەی بێگانە و نەیار، تەنها ووشەی ئاینـی زۆر تێکەوتـووە وەک عەرەبـی، ئەویـش لـە ئاینی ئیسـلام و پەرتوکەکەیەتـی کـە قورئانـە، ئەمەش چـارە نەکـراوە. ئەگەر کورد کیانـی هەبێـت و زمانی کوردی خەمخۆری خۆی هەبێت لە زانایانی زمـان و ئەدیب و شـاعیران، هەلبەتە دەبێتـە زمانێکی پتەوو بەهێز، هەمـوو کـورد دەتوانن قسـەی پێ بکەن. نەک هـەر تیرە و گرۆپێک وەک ئێستا قسەی پێ دەکەن کە (کرمانج - لوڕ - کەلهوڕ - گۆران) نـن)[٢]. دەلێـت (زمانـی کـوردی پێویسـتی بە چاکسـازی و پاکتاوی

---

١ - زبير بلال اسماعيل - تاريخ اللغة الكردية - مطبعة الحوادث - بغداد - ١٩٧٧ - ص٩.

٢ - محمد امين زكي- كورد و كوردستان- بەرگی ١ - ٢ - ٣- چاپخانەی دار السلام- بەغدا- ١٩٣١- لا ٣٠٠ - (باسی عەشایری کەلهور دەکات لە ئاخافتنی شێوەی زمانیان، کە رۆژهەلات ناس (اومان)، لە بەرگی یەکەمی پەرتوکەکەی باسی لەهجەی زمانی کوردی لەباشوری کرماشان دەکات بەناوەکانی (کرماشانی- -کەلهوری- لەکی- پاهراواندی - نانەکەلی- گولەیی) ناویان دەبات- وەهەروەها

هەیـە). بۆمان دەردەکەوێت کیانی کـورد و رابوونی نەتەوەیی زۆر گرنگـە تـا برەو بە زمانی نەژادی خۆی بدات، چونکە زمانی کوردی لـە کۆمەلـەی زمانـی (هنـد - ئەوروپی) یـە[1]، وە زمانێکی تایبەت و سـەربەخۆیە و یاسـا وڕێسـای خۆی هەیـە لـەڕووی ڕێزمانەوە[2]. ئـەوەش شـاراوە نی یە کە ووشـەی زمانەکانی تـری تێکەوتووە لە دێرزەمانەوە. وە ئەو زمانە بۆ دوو شـێوە زاری سـەرەکی دابەش دەبێت بە شێوەی گشتی کە (باکور - باشور) ە، وە لەگەل ئەو دوو شێوە زارەش چەند لەهجەیەکی ناوخۆش هەن وەکو (لوڕ - گۆران - زازایی). زمانی کوردی لە کوردستانی رۆژهەلات و باشور (ئێران - عێـراق) بەپیتـی عەرەبـی دەنوسـرێت، وە لـە کوردسـتانی باکور ورۆژئاوا (تورکیا - سوریا) بە پیتی لاتینی دەنوسرێت[3].

ئەوەشـە وای کـردوە کورد نەتوانێت پـەرە بە زمانی یەکگرتوی خۆی بدات، ئاسـتەنگ و بەربەسـتی زۆری تێدەکەوێت و پێویسـتی بە یەکگرتویی هەیە، بۆ دوارۆژی دەولەتی کوردی.

---

بروانە:

The New Encyclopeia Britannica - Volume - 7 - London - 1982 - P40

١ - مسعود محمد - لسان الکرد - مطبعة الحوادث - بغداد - ١٩٨٧ - ص ٦٩.

٢ - فوئاد حمە خورشید- اللغة الکردیة التوزیع الجغرافی للهجاتها - مطبعة الوسام- بغداد - ١٩٨٣ - ص ١١- ١٢ - ١٤.

٣ - د. جمال رشید احمد- د فوزی رشید- مصدر سبق ذکره - ص ٨.

**حکومەتی ماد (ئیمپراتۆریەتی ماد) :**

کورد لە نەتەوەی (گۆتی) یەکانن کە ئەوانە رەگەزی ئاری نەژادی کۆنن، زانای مێژوونوس (مینۆرسکی) دەڵێت: (کورد بنەچەیان ئاری نەژادە). ئەوانەش ئەو نەتەوانەن کە لە زاگرۆس جێ نشین بوونەو بە تێپەرینی کات و سەردەم ئەم نەتەوانە یەکترگربووینە. وەک (گۆتی ولۆلۆ و کاسی) [(١) - (٢)].

(ماد)ەکان پێش پیکهێنانی حکومەت[(٣)]، سیستەمی عەشیرەتیان هەبووە، واتە هەر تیرەیەک سەرۆکی خۆی و ژمارەو پێوانەی دیاری کراوی هەبووە و لە کارگێری عەشیرتدا سەربەخۆ بووینە، لە تەنگانەدا هەموو تیرەکان هاوکاری یەک بووینە، یەک سەرکردایەتیان بۆ خۆ دروست کردووە و گوێ رایەلی یەک سەرکردە بووینە[(٤)].

ئەم تیرانە سەر بە ماد بووینە:

پاقت: جێ نشین بوونیان سنووری ئێران و ئەفغانستان بووە.

پادس: جێ نشین بوونیان ئێران و خوراسان بووە.

مامای: جێ نشین بوونیان لە رۆژهەلاتی ورمێ بووە.

کاردۆخۆ: تیرەی بەهێزی ماد بووە لە جەنگدا پشتیوانیان کردووە.

خوارەزم: جێ نشین بوونیان ناوچەی جەیحون و سەیحوون

١ - محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علی عونی- مصدر سبق ذکره - ص١٠٥.

٢ - حسین حزنی- کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان)- هەمان سەرچاوەی پێشوو - ل٥٧.

٣ - د. سامی سعیداحمد- رضا جواد الهاشمی- مصدر سبق ذکره - ص ٨١.

٤ - ئی. م - دیاکۆنۆف- میدیا- هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل٢٥٥ - ٢٢٧.

بووه نزیک شاری کرماشان.

باختەر: جێ نشین بوونیان سنووری ئێران وباکوری ئەفغانستان بووه.

سەغد: جێ نشین بوونیان له باکوری باختەر بووه.

هەرقانی یه: جێ نشین بوونیان باشووری دەریای خەزەر و مازندەران بووه.

مێژوونوسی بەناوبانگی یۆنانی (هیرۆدۆت) باسی حکومەتی (ماد) دەکات بەم شێوەیه:

(حکومەتی ئاشوری ٥٢٠ ساڵ حوکمی کردووه له عێراق و دەورو بەری، لەسەر دەستی نەتەوەی ماد رووخاوه، نەتەوەکانی تریش که ژێر دەستی ئاشووری بوون چاویان لەماد کرد و ئازادیان وەرگرت. نەتەوەی ماد (کەی قوباد) یان کردۆته سەرۆکی خۆیان، شاری (ئەکباتان – هەمەدان) ی ئێستایان کردووه به پایتەختی میدیا).

پادشای ماد (کەی قوباد)، بەرەبەره بیناو قەلای پێکهێناوەو خۆی بەهێز کردووەو بینای دەولەتی داناوه، دوای ئەو (فرائۆره – فەرهاد)ی کوری بۆته جێ نشینی، تەبایی و ریکخستنی له گەڵ (پارس) کردووه، دەسەلاتی له خەلیجی فارس رۆیوه تا دەریای رەش (ناوچەی زنجیره چیای زاگرۆس)، له ساڵی ٦٣٣ ی پێش زایین بەسەر ئاشوریەکانی داداوه که پادشا (سەتاخریب) مەلیکیان بووه، بنەچەی ئیمپراتۆریەتی مەزنی (ماد) ی دروست کردووه.

لەدوای (فەرهاد)، (کەی ئەخسار) ی برای بۆته پادشا ولەشکری مادی له عەشیرەتیەوه کردۆته سیستمی وشارستانی، سوودی

لەشکستی براکەی وەرگرتووە لەگەل ئاشوریەکاندا. بە پەیوەندی دیبلوماسی بەهێز توانیویەتی دۆست و پشت و پەنا بۆ خۆی دروست بکات، لەوانەش لەگەڵ (نابۆ پۆلاسر) ی مەلیکی بابل لەعێراق، دۆستایەتی کردووەو کچی (ئاشتیاغی) کوڕی خۆی داوە بە (نەبو خز نەسر - بەختصر) شازادەی بابل[1]. ئینجا لەساڵی ٦١٥ ی پێش زایین دا لەگەڵ بابلیەکان پێکەوە هێرشیان بۆسەر ئاشوریەکان کردووە، شارەکانی (زاموا) نزیک سلیمانی ئێستا و (ئارارخا) کەرکوکی ئێستا، لە دەستیان رزگار کردووە، ئاشوریەکان بۆ ئەوەی هێز پەیدا کەن لەگەڵ (سکیت) ەکان ڕێککەوتن و بۆ سەر وڵاتی ماد یان رەوانە کردوون. (کەی ئەخسار) یان بەمانە خەریک کردووە، بەڵام پادشا (کەی ئەخسار) دووبارە لەساڵی ٦١٢ ی پێش زایین دا لەگەڵ بابل ی (کلدان)یەکاندا، بەسەر پایتەختی ئاشوریان داداوەو بە دوو قۆل هێرشی ماد هاتووە لە (ئارارخا - کرکوک) و (دۆلی رەواندوزی) ئێستا، بۆ سەر شاری (ئەربەئیللۆ) شاری خواکانی ئاشوریەکان (هەولێری) ئێستایان رزگار کردووە، ئینجا بۆ (نەینەوا) رۆیشتوون، (نەینەوا) یان گرتوە، (کەی ئەخسار) توانیویەتی (سکیت) ەکان رازی بکات، بە ماڵ و سامان و دەسکەوتی جەنگ و ئەوانیشی بەگەر خۆداوە بۆ ئەم جەنگە، (کەی ئەخسار) ناونیشانی بۆتە (ئوممان - ماندا) بۆتە پادشای هەموو وڵاتی (ماد - مانای - سکیت - کیمەری)، لەداخی سەرکەوتنی مادەکان، پادشای ئاشوریەکان (سین - شار - ئیشکۆم) خۆی کوشتووە. لەدابەش

١ - د. جمال رشيد احمد- د فوزي رشيد- مصدر سبق ذكره - ص ١١٤.

کردنـی شـوێنی ئاشـووری یەکانـدا، تورکیـای ئێسـتا و باشـوری کوردسـتانی ئێسـتای عێـراق بەر دەولەتـی (ماد) کەوتووە، بەشـی ناوەنـدو باشـووری عیـراق و سـوریا و فەلەسـتین بـەر بابلیـەکان (کلدانیەکان) کەوتوە.

لێرەدا دەولەتی (ماد) زۆر گەورە بووە و دەسـەلاتی زۆر بووە و دەولەتەکانی دەورو پشتی ترسیان لێ هەبووە. لەوانەش دەولەتی (لیدیـە) دەکەوتـە رۆژئاوای دۆلی ئەنادۆل و بۆ شـکاندنی دەولەتی (میدیا) لە ساڵی ٥٨٥ ی پێش زایین دا، شەر هەلگیرساوە لە نێوانیاندا و کوشتاری زۆر بووە و وارێک کەوتوە کە لەوکاتەدا (ڕۆژ) گیراوە و شـەر وەسـتاوە و بەبیـری ئـەو کاتـە وایـان داناوە کـە خواوەند لـێ یـان تورە بـووە. بۆیە ئاشـت بوونەتـەوە و سـنووری نێوانیان دیـاری کردووە و ڕووباری (هالیس- قـزل ئێرماق) لەنێوان هەردو دەولەت کراوە بەسنوور، کەبەرووباری سور بەناوبانگە و دەکەوێتە ناوەراسـتی ناوچـەی ئەنادۆلـی تورکیـای ئێسـتا، خزمایەتیشـیان کـردووە و کچـی مەلیکی (لیدیە) دراوەتە (ئاشـتیاغ) ی کوری (کەی ئەخسـار) ی پادشـای ماد. دوای یەک سـاڵ (کەی ئەخسار) ئەمری خوای کردووە و (ئاشـتیاغ) ی کوڕی لەشـوینی ئەو بۆتە پادشـای (میدیا).

لێـرەدا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە کە مـاد نیشـتەجێ بوونە دوای رووخانـی ئاشـوریەکان لـەم شـوێنانەدا، ئەمـەش مانـای بوونـی کـوردە لەم شـوێنانەدا، لەو سـەردەمی تا ئێسـتا نەگـۆراوە بۆ هیچ نەتەوەیەکـی تـر. روخان و ئاوابوونـی یەکەم دەولەتی کوردی ماد بۆ ئەو رەفتارانەی دەگەرێتەوە:

١- باجێکـی زۆری لـە هاولاتیـان و نەتەوەکانـی ژێر دەسـتی خۆی وەرگرتوە.
٢- هاولاتی خۆی و نەتەوەکانی تری ژێر دەستەی بەزەبرو زۆر بۆ شەڕ بردوە و بەکاری هێناون.
٣- نەتەوەکانی تری بەزۆر ژێر دەستەکردوەو پادشاو سەرکردەکانی کوشـتون، ئەگـەر پادشـایان لەنـاو نەبردرابایـە و سـەری پـەل نەدرابایە، ئەوا لە کۆشکی کۆبوونەوەکاندا لە خوار دائەنیشت بۆ سووک و رەزیل کردنی.

بۆیە (ماد) وەک دەولەت، بە سەرۆکایەتی پادشا (ئاشتیاغ) زولم و زۆری زۆر کـردووە، نـەک لـە نەیاران و دوژمنانـی بەلکو لەگەڵ پیاو ماقول و نزیک و دلسۆزەکانی خۆیشی، لە خۆی رەنجاندون و یاخـی کردوون، دادپـەروەری کۆمەلایەتی نەبووە و گرنگی بەخۆی و کـەس و کاری خـۆی داوە، خەلکـی مانـدوو لەبیـر کـراوە، بۆیـە بەمانایەکی تر تووشی ڕوخانی سیاسی بووینە لەرووی نەتەوەییەوە گەلیـان چەوسـاندۆتەوە، هزرەکە لـەڕووی نەتەوەیی و حزبی یەوە بۆتە هزرو ڕاپەڕینی هەژاری دژ بە بنەما و ئاسایشـی نەتەوەیی و بۆرجوازیـەت ودەرەبەگایەتـی[1]. لـەو سـەردەمەدا بەهۆی ئەمەوە ئاژاوەو پشـێوی و یاخی بوون کەوتۆتە ولاتی (میدیا)، هاوسـەنگی خـۆی لەدەسـت داوە و بۆتـە هـۆی لەناوچونـی لە لایـەن نەتەوەی (فورس) وە[2]، بەهۆی بوونی ئەو خالانەی باس کران.

---

١ - مسعود محمد- وجهة نظر فی التفسیر البشری للتأریخ - من مطبوعات الامانة العامة للثقافة والشباب- مطبعة علاء - بغداد- ١٩٨٥ - ص ٧٢.

٢ - صالح قەفتان- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا ١٠٧.

**حكومەتی (پارس– فورس) :**

لەکاتی دەسەلاتی ماد (ئەخمینی - کەیانی) لەولاتی فارس ژێردەستەبوونە، بەلام بە وریایی هەموو عەشیرەتەکانی (پارس – تیرکان – پارت) خستە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە، لە (ماد) هەلسان و بەرابەرایەتی (سیرۆس – کۆرش – کەی خسرەو) کە حەوتەمین شای (کەیانیەکان) بووە.

هەرچەندە ئەمەش ناونیشانی (شاە) بووە، وادیارە نەتەوەی ژێر دەستی ئەو کات پادشایان دەیتوانی (لقب) و ناونیشانی شاە وەرگرێت، چوونکە پادشای (ماد) شاهی شاهان بووە لەوان گەورەتر بووە.

(کەی خسرەو)ی دووەم زۆر لێزان بووە لە پادشایی و حکومداری (فارس) پشێوی و ناکۆکی خستۆتە نێو (میدیا). خۆی پرچەک و بەهێز کردووەو پەیوەندی بەهێز کردوە لەگەڵ زۆر لە عەشیرەتەکانی تر، بەسەر دەولەتی (میدیا) ی داداوە کەزانیوەتی بێ هێز بووە لە سەردەمی (ئاشتیاغ) دا. بە هۆی خیانەت و ناکۆکی زۆر لەسەر لەشکرەکانی (میدیا)، بە لەشکرەوە هاوکاری (کەی خسرەو) بوونە و پشتیان لە (ئاشتیاغ) ی پادشای خۆیان (ماد) کردووە. بۆیە لەسالانی ٥٥٠ ی پێش زایین دەولەتی (میدیا) دوایی ١٥٠ ساڵ فەرمان رەوایی کردن لەسەر دەستی (ئەخمینی یەکان) لەناو چووە و (ئاشتیاغ) پادشاش بە دیل گیراوە و لەناو چووە [١].

(کەی خسرەو) بۆتە پادشای هەموو دەولەتی (فارس) و (میدیا). بەم جۆرە خێزان و نەتەوەی (ئەخمینیەکان) لە ولاتی (ئێران) لە ناوەندی سەدەی ٧ ی پێش زایین لەسەر تەختی شاهەنشاهی دانیشتوون.

١ – محمد أمین زکی– خلاصة تأریخ الکرد وکردستان– ترجمة محمد علی عونی– مصدر سبق ذکره – ص١٠٥.

**سەرەتای پەیدابوونی ووشەی کورد:**

ئـەم ماوەیـە لەنێـوان ٥٥٠ ی پێـش زایین وە تاکـو ٦٤٢ ی پاش زایین ە، وەک زانراوە کەناوی کورد ٢ – ٣ هەزار ساڵ پێش زایین بە (گۆتی) ناسراوە بە مانای شەڕوان، باسی وڵاتی (کارداکا) کراوە لەتابلۆ و شوێنەوارەکانی (سۆمەر و ئەکەد) ، باسی (گۆتی – کورتی – کاردۆ) لە لایەن ئاشوریەکانیش هاتووە، وە لە نوسراوی (ئارامی یەکانیشدا) ناوی بە (کرت) هاتووە.

(ئیسـترابۆن) ی زانـای یۆنانـی نـاوی بـردوون بـە (کورتـی)، نایریـەکان لـە تورکیای ئێسـتا ناو براون بـە (کاردۆخۆ)، وە لەکاتی دەسـەلاتی (ئەسـکەندەری) ڕۆم لـە سـالانی ٢٥٠ ی پێـش زایینـدا نـاوی کـورد و وڵاتەکەیان بـە (کوردۆئەن) هێناوە، بـە خەلکەکەیان وتـوە (کـوردۆ). مێژوو نوسـان و گەلانی کۆن بەر لە ١٠٠٠ سـاڵی پێـش مێـژوو ناویان بردوون بە (سـیرتی – کاردۆک – کورتیوی – کۆردۆکـی – کاردۆخـۆ – کوردۆشـی – کاردا – کالـدی – خالدی – گۆتی – کورتی – کەرت – کوردۆ) [١] – [٢].

لە سـەردەمی سـولتان (سنجر) ی سـەلجوقی لە سەدەی ١٢ ی زاینـی نزیکەی ١٠٠٠ سـال بەر لە ئەمرۆ بـۆ یەکەم جار بەناوچەی (میدیا) یان وتوە (کوردستان)و[٣] ووشەی کوردستان بەکار هاتووە

١ – محمد أمين زكى– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عونى– مصدر سبق ذكره – ص ١٠٥ – ١٢٠.

٢ – صالح قەفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ– هەمان سەرچاوەی پێشوو– لا١١٥.

٣ – د. فەرهاد پیربال – رۆژنامەی بارزان– زاراوەی کوردستان کەی پەیدا بووە– ژمارە ٧٧– یەک شەممە ٢٧ – ٧ – ٢٠٠٨ – لا ١٨.

و بەخەلکەکەی ئەو ناوەیان وتوە (کورد).

هـەر نەتەوەیەک بـە فونەتیکی خۆی ناوی نەتەوەی کوردی لەو سەردەمە وتوە و تۆمار کردوە یا نوسیویەتی، بۆیەشە ناوی کورد بەم شێوەی لێهاتووە.

لـە نموونـەی ئـەو گۆرانکاریەش لە ناونەتەوەکانـی تر نەتەوەی (ئینگلیـز)ە، کـە لە بنەرەتدا چوار نەتەوە بوونە (ئانگل- ساکسـۆن - بریتۆن - نۆرماند)، کەچی دەبینین ئەم ناوانە دیار نەماون و ناویان بۆتـە ئینگلیز. هەروەها لە مصر (قیبتیەکان) نەتەوەیەکی سـەربەخۆ و جیان لە عەرەب کەچی لەناو ئەوان تواونەتەوە.

**مێژووی کورد دوای لەناو چونی ماد:**

دوای لەناوچوونـی مـاد دەولەتـی (ئەخمینـی - فارس) دەسـتی گرتـووە بەسـەر خاکەکەیانـدا، هەرچەنـدە (موغەکانـی مـاد)، واتـە ڕێبەرانی ئایینی دەولەتی ماد لە ساڵانی٥١٨ ی پێش زایندا، هەولیان داوە بـۆ دوبـارە سـەربەخۆیی[1]، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبوینـە لەم هەولانەیاندا شکسـتیان خواردووە. (داریۆش) ی شـای فارس، ئەم شۆرشـەی بەیاخی گەری تۆمار کردووە[2]، لە تابلۆی (بەهیشـتون) ی (بیستون) نزیک شاری (کرماشان) لەسەر شەقامی گشتی دایناوە بـۆ ئـەوەی خەلـک ببینێـت، (داریـۆش) زۆر خەلکـی یاخـی بـووی گرتوەو رایگواسـتونەتەوە بۆ باشـوری ئێران و دەسـت بەسـەری کـردوون، تـاوەک دووبارە سـەربەخۆی سـەرهەڵنەداتەوە لە لایەن نەتەوەی (ماد) ەوە.

(ئەسـکەندەری گـەورە) دەولەتی (فورسـەکانی) ئەخمینی لەناو بـردووە لـە سـالی ٣٣٠ ی پێش زایندا. لەدوای (ئەسـکەندەر) یشـدا ولاتی مادی پێشوو (کۆردۆئەین) کەوتە ژێر دەستی (سەلفکۆسەکان) کـە میـرات گری (ئەسـکەندەر) بوون[3]. بەڵام فورسـەکان هەر زوو

١ - محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علی عونی- مصدر سبق ذکره - ص ١٠٩ - ١١٢ - ٢٨٣.

٢ - حسین حزنی- کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان) - هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٢٣.

٣ - لێرەدا باسی پەیدا بوونی دەولەتی مادی بچوک دەکریت لە ٣٢٠ پێش زاینەوە تا سالی ٣٣ پێش زایین، لەسەردەمی ئەسکەندەری گەورەدا بەناوی (ساتراپ) کە والی ئازەربایجان بووە، بەوە ووتراوە ماددی بچوک واتە نیمچە سەر بەخۆیەکی هەبووە هەر لە دەولەتی سەلفکۆس بووە، بەلام ئازەربایجان (اتروپاتین) دراوەتە-

خۆیان رزگار کردوو دەولەتێکی تریان بەناوی (پارت - ئەشـکانی) دامەزراند لە سالی ٢٥٠ ی پێش زایندا.

(سەلفکۆسـەکان) هەمیشـە لەشـەر دابوونـە لەگـەل (پـارت - ئەشـکانی یەکان) فورسـەکان، دەولەتی (ڕۆم) یش (سەلفکۆسەکان) یـان لەنـاو بردووە، ئینجا دوایی ئـەوان دەولەتی (ڕۆم) بەگژ (پارت - ئەشکانی یەکان) فورسەکان داچووە.

هەر لەسـەدەی یەکەمی پێش زاین تا کۆتایی سـەدەی حەوتەمی پاش زاین و پەیدا بوونی ئیسلام، واتە نزیکەی ٧٠٠ سالٚ کوردستان بۆتە گۆرەپانی شـەری نێوان ئەم دوو دەولەتە بەهێزە، هەر لایەک ویسـتویەتی بۆخـۆی کیشـوەری ئاسـیای رۆژئـاوا داگیـر بکات کە پێگەیەکی گرنگی هەبووە لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا.

لەسەدەی یەکەمی پاش زایندا کوردستان بەرەنگاری قەیسەری ڕۆم (تـراژان) بۆتـەوە، ئـەم قەیسـەرە حکومەتـی (ئەرمەنـی) لەناو بردووەو کوردەکانیشی زۆر ماندوو بێهێز کردووە.

دوایی لەناوچوونی (پارت - ئەشکانی) فورسەکان و پەیدا بوونی (ساسـانیەکان) لە ئێران شـەری نێوان (ڕۆم) و ئەوان گەرمتر بووە. (ئەردەشـێر) ی ساسـانیەکان ئاینـی زەردەشـتی[1] یان کـردووە بە

---

- دەست کورد، دواتر ناوی بووە بە موکریان.

١ - د. علی شەریعەتی- ئایینی زەردەشت- وەرگێرانی شەهرام رەشید قادر- نوسینگەی تەفسیر. هەولێر- ٢٠٠٤ - لا ٦٤- (زەردەشت: پەیامبەر و رێپیشاندەرێکی رۆحی ئاری نەژاد بووە، لەسالانی ٦٠٠ یا ٧٠٠ پێش زایین لە ناوچەی دەریای (ورمێ) لەدایک بووە، دەستی کردوە بە بلاوکردنەوەی پەیامەکەی، کتێبەکەی زەردەشت ناوی (ئاوێستا) بووە و تەفسیرەکەشی ناوی (زیندەویستا) بووە، باس لەوە دەکات کە خوای تاک و تەنها ناوی (ئاهورە مەزدە) و گەردوونی خولقاندووەو جیهان- -

ئاینی رەسمی بۆ ئێران دوای شکستی (ڕۆم) ەکان[1].

دەولەتی (رۆم) بە ئاین مەسیحی بوونە، توانیویانە بۆ بەربەرکانی ساسانیەکان (ئەرمەن) ەکان بکەن بەحکومەت لەناوچەی (وان)، ئەرمەنەکانیش لەپاداشتی بەدەولەت بوونیان ئاینی مەسیحی یان هەلبژاردوە، دژایەتی ساسانیەکانیان کردووە، ئەمەش لە بەرژەوەندی (ڕۆم) ەکان بووە.

کورد و ساسانیەکان بەرەگەز (ئاری) نەژاد بوینە، بەئاین (زەردەشتی) بوینە، یەک نەژادی و یەک ئاینی کۆی کردینەوە، بۆیە لێرەدا کورد زیاتر بەلای ساسانیەکاندا چووەو دژی رۆم و ئەرمەنەکان.

دەولەتی ساسانی لەسەردەمی شاه (شاپور) و (بارامی گۆردا)،

---

-بۆتە دوو بەرە:

بەرەی خێرو رووناکی کە سەرداریان ناو براوە بە (هورمزد)، ئەم بەرەیە شەش فریشتە هاوکاریانن بەناوی (جاویدانی مقدس)، چوار لەمانە سروشتیان پێ سپێردراوە بۆ پاراستنی (خاک، ئاو، ئاگر، هەوا)، جگە لەمانە فریشتەی تر بەناوی (وجودی مجرد) کەناو نراون (یەزد. ئێزد) کە ئاسمان و زەوی دەپارێزن، لەئاسمان (هورمزد) سەرپەرشتی دەکات، لە زەوی (زەردەشت) و هاوەلەکانی سەرپەشتی دەکەن. ئەم بەرە بەرپرسە لە چاکەو خێر.

بەرەی شەرو تاریکی یش سەرداریان ناو نراوە بە (ئەهریمەن) و هاوکارەکەشی ناو نراوە بە (دێو). ئەم بەرەیەش بەرپرسە لە شەرو ناخۆشی.

ئاینی زەردەشتی باوەری بە مانەوەی گیان هەیە دوای مردن، باوەری بە حساباتی قەبر و قیامەتیش هەیە، کشتوکاڵ وئاژەلداری بە باشترین کار داناوە بۆ مرۆڤەکان. وە باسی مرۆڤی خاوەن خێرو بێری کردووە بەوەی کە هەرگیز نامرێت، لە پێش دەرکەوتنی ئایینەکانی یەهودی و مەسیحی و ئیسلام دا کورد و فارس ئاینیان زەردەشتی بووە).

١ - محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علی عونی- مصدر سبق ذکره - ص ١١٣.

لەگەل (رۆم) ەکان شەروکوشتارێکی زۆریان کردووە.

بـەلام کورد هەر بۆی هەلکەوتبێت داوای ئازادی کردووە وەک: لەسەدەی پاش زایندا (گۆران) ەکان بەسەرۆکایەتی (گواتانزا)، داوای سـەربەخۆیان کردووەو حکومەتیان پیکهێناوەو شـاری (کرماشان) یـان کـردووە بـە پایتەختـی خۆیان[1]، بەڵام دەسـت بەسـەر کراون لەلایەن ساسانیەکان وە.

قەیسەری ڕۆم (هەراقلیۆس) بەلەشکرێکی گەورە بەسەر ئێرانی داداوەو بەدوای (خەسرەوی پەروێزدا) چووە و لە ناوچەو سنووری ئەردەلانیشدا دەری پەراندووە.

لـەم کاتـەدا بـووە لەسـالانی ٦٢١ ی زایینـی لـە نیـوە دورگەی عەرەبی (وڵاتی شانشـینی سـعودی ئێسـتا)، ئاینی پیرۆزی ئیسـلام بـەدەر کەوتـووەو بانگـەوازی بۆ کـراوە لەلایەن (محمـد) پێغەمبەر درودی خـوای گـەورەی لێبێـت، کـورد یـش وەک نەتەوە بەشـێکی ئیسلام بوونی خۆی راگەیاندوە و چۆتە قۆناغێکی تری مێژوو[2].

١ - سورەیا بەدرخان- کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا - وەرگیرانی ئەحمەدی قازی- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولیر- چ ١ - ٢٠١٠ - لا٣٨ - ٣٩.

٢ - ارشاک سافراستیان- الکرد وکردستان- مصدر سبق ذکره - ص٤٣.

**نەتەوەی کورد لەگەڵ دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام (٥٧١– ٦٣٢ز):**

(ساسانیەکان) لە عیراق وئێران حوکمیان کردووە، (ڕۆم – بێزەنتیش) لە سوریا و فەلەستین و ئەنادۆل (ترکیا) ی ئێستا، (کورد و ڕۆم و ئەرمەنی) یش لە باکوری ئێران و رۆژهەلاتی تورکیا. نەتەوەی (سامی – عەرەب) یش لە عەرەبستان، خاکی عەرەب ئەو کاتە سودێکی ئەو تۆی نەبووە، بۆیە جیگاو تێروانینی هیچ لە شکرێک نەبووە لەو کاتەدا[١] – [٢].

لەگەل پەیدا بوونی ئاینی ئیسلام و دەست پێ کردنی (فتوحات) لەو بەشەی ئێران، کە شوێنی بەربەرەکانی چەندین ساڵەی (قەشەکانی دەولەتی ڕۆمی مەسیحی و موغەکانی ئێرانی زەردەشتی) بووە، وای لێهاتوە ئەم دوو دەولەتە توانای کارگێری و بەرێوەبردنی وڵاتیان نەبووە، کێشەی ناو خۆش لە هەردوو وڵات زۆر پەرەی سەندبوو، دەولەتەکان کزو و بێ هێزو لاواز ببوون و ئاسایشی نەتەوەییان نەمابوو و بەرەو روخان دەچوون[٣].

بەگشتی ڕەوشتی هەر داگیرکارو هێرش بەرێک لەو سەردەمانەدا و ئێستاشی لەگەڵ بێت سەپاندنی یاساو ڕێسای خۆیان بووە بەسەر ئەو نەتەوانەی کە ژێر دەست کراون[٤]، لەشکری ئیسلام

١ – صالح قەفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ– هەمان سەرچاوەی پێشوو– لا ١٦٤.

٢ – محمد أمین زکی– خلاصة تأریخ الکرد وکردستان– ترجمة محمد علی عونی– مصدر سبق ذکره – ص ١٢١.

٣ – حسین حزنی– کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان) – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ١٢٧.

٤ – جورج رو – العراق القدیم– مصدر سبق ذکره – ص١١٩.

زۆر بەئاسـانی بەسـەریاندا زاڵبووینەو لەساڵی ٦٤٢زاینی دەولەتی ساسـانی روخانـدوە، پـاش ئـەوەی (یـزد جـورد) شـا دەکوژرێـت، شـارەکانی (نهاونـد و مەدائـن) دەگیرێن. هەر لەسـالانی ٦٣٧ زاینی تـا سـالانی ٦٥٧ ی زاینـی لـە هەمـوو لایەکـەوە لەشـکری ئیسـلام سـەرکەوتن بەدەسـت دێنێـت، هەمـوو کوردسـتان داگیـردەکات لە (شارەزوورەوە) تاشاری (مەلاتیە).

عەرەبـەکان زانـا بووینـە لـەم هێرشـانەی کـە بـە (فتوحات) ی ئیسـلامی ناونـراوە، چونکـە: لەشـەڕدا لێـزان و ووشـیار بووینـە، یەکسـەر دەسـتیان نەبردوە بۆ لایەنی نەتەوەیی ئەو نەتەوانەی کە کەوتونەتە ژێر دەستیان. واتا داوای نەتەوە گۆریان لێ نەکردوون، بەلکو داوای ئایین گۆریان لێ کردوون بە هاتنە سەر ئاینی ئیسلام.

لەگـەڵ ئەوەشـدا خەمخۆری کارگێری بوینە کە هەرشـوێنێکیان داگیـر کردبێـت خەمـی لەدەسـت نەدانیـان داوە، بـە نـەرم و نیانـی حکومیان بەسەر نەتەوەکاندا کردووە[1]، بە پێدانی زەوی و زارو پلە و پایە و پارەو ماڵ و سامان، لەبەر ئەمە بەتایبەتی (کورد) لەگەلیان ڕێک کەوتوون و چوونەتە سەر ئاینی ئەوان کە (ئیسلامە) [2]. چونکە پێشـتر نەتەوەی کورد زۆر زولمی دیتوە بەدەسـت دەسـەلاتدارانی بێگانـە وخۆیـەوە، نەتـەوەی کـورد ئەوەی لـە عەرەبەکانی دەسـت کەوتـوەو وەرگرتـووە زۆر زیاتـر بووە لەوەی لە پاشـاکانی خۆی

١ – سورەیا بەدرخان– کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا – هەمان سەرچاوەی پێشوو – ٣٨لا – ٣٩.

٢ – د. حیدر ابراهیم علی– د. میلاد حنا– ازمة الاقلیات فی الوطن العربی– دار الفکر– دمشق– سوریا– ط١ – ٢٠٠٢ – ص٩٩.

وەرگرتـوە لـەو سـەردەمەدا. بۆیـە نەتـەوەی کـورد بەتایبـەت لەو قۆناغـەدا تووشـی گۆڕانـی بنەمـاو ڕێسـای سـەرخان و ژێرخانـی کەلتـوری و ڕەسـەنی خـۆی بووە، کـە بەهەزاران سـاڵ لەوەو بەر هەی بووە[1].

عەرەبیـش زۆر خـۆی بەکشـتوکاڵ خەریـک نەکـردوە، زەوی داوەتە ئەم نەتەوانەو سوکە باجێکی لێ وەرگرتوون و دەسەلاتیشی بەسـەریاندا سـەپاندوە، زەویەکانیش هەر مولکی کورد بووە. ئاینی پیرۆزی ئیسلام یش زیاتر دادپەروەری تێدا بووە لە هەموو ڕوێکەوە بەتایبـەت دادپـەروەری کۆمەلایەتی و باج، بۆیە ئەم نەتەوانەباشـتر پشتگیریان لە عەرەب و ئاینی ئیسلام کردووە، هەرچەندە هەولدانی سەربەخۆی نەتەوەیش هەر هەبووە لەناو کوردان. لەگەل ئەوەشدا هەر ئاینێکی پێشـوو دەیتوانی لەسـەر ئاینی خۆی بمێنێتەوە بەدانی (بـاج) بـۆ ئاینـی ئیسـلام، وەک ئاینـی (زەردەشـتی - جولەکـە - مەسیحی)[2].

(ئەمەوی یەکان) زیاتر بەنەتەوایەتی خۆیان نازیوە لە ئاینەکەیان کە ئیسـلام بووە، بۆیە نەتەوەی (کورد) و (ئەمەوی) زۆر دۆسـتی یەک نەبوینە.

خەلیفەی ئەمەوی (محمد کوڕی مەروانی) یەکەم والی کوردستان بـووە، خێزانـی کـورد بـووە، کوڕێکی هەبـووە بە نـاوی (مەروانی) دووەم[3]، پـاش باوکـی بۆتـە خەلیفە. ئەمەوی یـەکان لەحکومی ئەم

---

١ - مسعود محمد- وجهة نظر فی التفسیر البشری للتأریخ - مصدر سبق ذکره - ص ٤٥.

٢ - د. علی شەریعەتی- ئایینی زەردەشت- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٦٦.

٣ - (مەروانی دووەم - مەروانی کوری محمد کوری مەروان - خەلیفەی ١٤ ی-

مەروانی دووەمەدا روخان و دەسەلاتیان نەماوە.

لەشەڕی نێوان (ئەمەوی‌وعەباسیەکاندا)، نەتەوەی کورد لایەنگری عەباسیەکان بوینە، چونکە عەباسیەکان ئامۆزای (محمد) پێغەمبەر بووینە درودی خوای لێ بێت. (ابو مسلم) خوراسانی کە سەردارێکی کورد بووە چاکەی زۆری کردووە لەگەڵ عەباسیەکاندا. بەتایبەت لەگەڵ خەلیفە (ابو جعفر المنصور) کە خەلیفەی دووەمی عەباسیەکان بووە. کە (ابو مسلم) سەرو مالی بەخت کردووە بۆ گەورە بوونی دەسەلاتی ئیسلام، کەچی (ابو جعفر المنصور) لە پاداشتی ئەمەدا لە بارەگای خۆیدا کوشتویەتی، بەناوی هەولدان بۆ سەربەخۆیی.

(ابن خلکان)[1] ی زاناو شاعیر و مێژوونوس شیعری (ابو دلامەی) خزمەتکاری (ابو جعفر المنصوری)[2] لە مێژووی خۆیا

---

-ئەمەویەکان بووە ماوەی حوکمی ٧٤٤- ٧٥٠ ی زاینی بووە، لە خێزانی مەلەکی بنی ئومەیە بووە لە دایکێکی کورد).
(ویکیبیدیا الموسوعة الحرة) و (http://www.aljazeera.net) – (٤ – ١١ – ٢١٠٣).

١ – (ابن خلكان- شمس الدين باوكی عباس) – (احمد محمد ابراهيم ابوبكر خەلەكانی، لەساڵی ١٢١١ زاینی لە گوندی خەلەکانی شاری هەولێر لەدایک بووە بەرەگەز کوردە، لەساڵی ١٢٨٢ لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە لەشاخی قاسیون نێژراوە، ئەدیب و مێژنووس و شارەزای اصولی ئایینی و فقە وزانستی شەرعی بووە، و قازی بووە لەولاتی شام، خاوەنی کتێبی (وفيات الاعيان و انباء الزمانە).

٢- (ابو جعفر المنصور – ناوی تەواوی عبدالله محمد علی عبدالله عباس عبدالموتەلب ی بەنی هاشم ە- ناسراوە بە ابو جعفر منصور، شاری بەغدای بنیاد ناوە و کردویەتی یە پایتەختی دەولەتی عەباسی، دوای براکەی حوکم و دەسەلاتی وەرگرتوە لەسالی ٧٥٤ – ٧٧٥ ، ابو مسلم خوراسانی کوشتوە و بەخیانەت کاری-

نوسیوه كه بۆ ئەم كارەساته وتراوه[1]:

**ابا مجرم ما غير الله نعمته على عبده حتى يغيره العبد**

**افی دولة المنصور حاولت غدره الا ان اهل الغدر اباؤک الكرد**

دوای مردنـی (ابـو جعفـر المنصـور)، (هـارون رشـید) دەبێتـه خەلیفەی عەباسیەكان ئەویش والی كوردستان بووه، كوردستانیش بەشێكی هەره گرنگی ئیمپراتۆریەتی عەباسی بووه.

دوای مردنی (هارون رشـید) خەلیفه (معتصم) لەشوێنی دەبێت، كورد وەک نەتەوه بەسەرداری (جعفر قهرجس) داوای سەربەخۆیان كردووه له دەورو بەری شاری (موصل)، لەو شەرەدا سوپای تورک هـاوكاری خەلیفـه (معتصـم) یان كـردووه، كه سـەركردەیان ناوی (ئیتاخ) بووه و دواجار لەشكری كورد شكاوەو (جعفر قهرجس) یش خۆی دەرمان خوارد كردووه و خۆی بەدەستەوه نەداوه، هەولدانی تریـش دراوه لـه لایـەن سـەركردەی كـورد (امیـر محمـد عبداللـه هەزارمێرد) وسـەركرده (محمد بلال) ی هەزبانی بۆ سـەربەخۆیی، سوپای عەباسی و حمدانی یان شكاندوه، تا دەوری شاری موصل هاتـوون، بـەلام خەلیفەی بەغدا لەشـكری ناردوه بۆ هـاوكاری (ابو الهجـای حمدانی) و توانیویانه سـوپای هەزبانی كوردی بشـكێنن و نەیەلن شاری (موصل) بگرن.

بۆمان روون دەبێتەوه كه نەتەوەی كورد هەلی بۆ هەلكەوتووه

---

- داناوه، كه سەركردەیەكی دەولەتی عەباسی بووه دژی شۆرشی ئەمەویەكان لەخراسان).

١ - صالح قەفتان- مێژووی گەلی كورد له كۆنەوه تا ئەمرۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل١٧٨.

بـۆ سـەربەخۆیی، بـەڵام میـر و سـەرۆکەکان هەر کە دەسـەڵاتیان کەوتۆتە دەسـت، وازیان لەزۆر شتی سەرەکی و بنەمای بەدەولەت بوون هێناوە، زیاتر خەریکی خۆشگوزەرانی وبەرژەوەندی تایبەتی و دەسەڵاتەکانی خۆیان بوونە، لە گرنگی دان بە زمان و نووسین و بنەماکانی تری ڕابوون وسەرخۆبوون و بە دەولەت بوون.

بۆیـە دواتریش توشـی سـزای مێژوویی قـورس بووینە، خۆیان و نەتەوەکەشـیان لەدەسـت داوە، ئەمەش وای کردووە تا ئەمرۆش کورد نەتوانێت لەسەر پێ بووەستێت.

# میرنشینەکانی کورد

**میرنشینەکانی کورد:**

میرنشین جۆرە ڕێکخستنێکی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابوری و کارگێری ناوچەیی جوگرافی بووە، دەسـەلاتی میرەکانیش لەگەڵ ئەوی تردا جیاواز بووە و لەیەکتر نەچونە. میرنشینەکان لەکاروباری ناوخۆدا سـەربەخۆبوونە، بـەڵام لەکاروباری دەرەوەدا سـەربەخۆ نەبوونە[1]. پێکهاتەی ڕژێمی کارگێری هەر میرنشینێک جیاواز بووە لەوی تر، هەروەها بە پێ ی کات و شوێن و بەسەرهات و پیلانەکان گۆرانکاریـان بەسـەر هاتـوە، لەلایـەن دەولەتانـی دەوروبەریـان بەتایبەت لەسـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێران، کەچەندین پەیماننامـەی ژێـر بەژێـر لەدژیان مۆر کـراوە و حسـابی تایبەتیان بـۆ کراوە لەهەر لایەکیانەوە. لە بەناوبانگترینیان ئەو میرنشـینانەی خوارەوەن:

**میرنشینی شەدادی (٩٥١ – ١١٧٤ز) :**

یەکەم میرنشین وبنەماڵەو خێزانی کوردی نیمچە سەربەخۆبوونە، ناسـراون بـە بنەمالەی بەنی شـەداد[2]، دامەزراندنـی لەلایەن محمد کـوری شـەدادی قرتق بووە، لەسـاڵی ٩٥١ی زاینـی، حوکمی کردوە لەناوچەی باکوری رۆژهەلاتی کوردسـتان (ئەرمینیای ئێسـتا نزیک شاری دبیل)، ئەومیرنشینەش لەسەردەستی کرج رووخاوە.

---

١ – عبدوڵڵا ئۆجالان– پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا– تایبەتمەندیەکانی خەباتگێڕی شۆرشگێڕ و ژیانی پارتی – وەرگێرانی لەعەرەبی یەوە مەهاباد کوردی – ١٩٩٢ – لا ١٤٢.

2 - The New Encyclopeia Britannica - Volume - 7 - London - 1982 - P41.

**میرنشینی دۆستەکی (٩٥١ – ٩٩٠ز) :**

(شاباز – باد) دۆستەکی ئەم میرنشینەی دامەزراندوە، سەرۆک خێڵی (هەموودی) بووە لە ناوچەی دۆستەک لە شاری (دیاربکری کوردستانی باکور[1]، گەنجێکی هۆشمەند و زیرەک و هۆشیار بووە و خەمی دروست بوونی حکومەتی هەبووە، لەشکرێکی ڕێک و پڕ چەکی پێکهێناوە. ناوچەکانی (سعرد) و (بتلیس) و (نسیبین)، شاری (ئەرجیشی) لە ئەرمەنستان خستۆتە سەر میرنشینەکەی، (دیاربەکری) کردۆتە پایتەختی خۆی، نێوانی لەگەڵ خەلیفەی بویهی بەغدا (عزد الدولة) باش بووە، خەلیفە ناونیشان و لەقەبی (شجاع) و ئازایەتی پێبەخشیوە.

پادشای بویهی (عزد الدولة) بویهی کۆچی دوایی دەکات، پادشا (صمصام الدولة) بویهی دەبێتە جێنشینی لە بەغدا، میری میرانی (خەلیفەی عەباسی) بووە. ترساوە لە (شاباز) ی میری دۆستەکی پلانی زۆری بۆ داناوە بۆ ئەوەی لەناوی ببات، چونکە میری دۆستەکی شاری (موسل) ی گرتبو و نیازی شاری (بەغدای) هەبووە، ویستویەتی خۆی ببێتە (میری میران) ی عەباسی ئەمە ئاواتی بووە.

لەنزیک شاری (تکریت) لەشکری (شاباز) و لەشکری (بویهی) بە سەرکردایەتی (زیاد کوری شاراکۆیە) توشی شەر دەبن و لەئەنجامدا (شاباز) دەشکێ و دەگەڕێتەوە شاری (دیار بکر)، بەلام دواتر لە سێ لاوە لەشکریان کردۆتە سەر (شاباز) لە دیار بەکردا، (صمصام

١ – الامیر شرف خان البدلیسی– شرفنامة– ترجمة محمد جمیل رۆژبەیانی–دار المدی للثقافة والنشر–الطبعة الثالثة–٢٠٠٧ – ص٩٩ – ١٠٠ – ١٠١.

الدولــة) ش خــۆی چۆتــه شــاری (موصــل) لەگــەل (ســعد الدولــةی حمدانی) ڕێککەوتوه بچێته سەر دیار بکر. بانگەوازی چەواشەکاری کــردوە لەهەمــوو ئیمپراتۆریەتــی عەباســی بەنــاوی ئاینــی ئیســلام بۆ ســەر (شــاباز)، بەڵام هەر هیچیان پێ نەکراوە لەگەڵ لەشــکری (شاباز) دا. لەئەنجام دا لەشکری (زیاد) ناچار بووە دانوستان بکات لەگەل (شــاباز) لەســەر دیــاری کردنی ســنوورەکاندا، ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنــەش خــوار شــاری (زاخــۆ و نســیبین) کــراوە بــە هێلی جیا بوونــەوەی نێــوان میرنشــینی دۆســتەکی و دەولەتی بویهــی[1]. ئەم ئاشــتی یە تا ســەر نەبووە، دووبارە (شاباز) بە لەشکرێکەوە بەرەو شاری (موصل) چووە، پادشای (بویهی) (ابو النصر خواشازە) لەگەڵ خێڵــی (بنــی عقیل) و (بنی نمیر) ی عەرەب یەک دەگرن[2]، لەشــکری برای (شــاباز) دەشــکێنن و براکەی دەکوژن. دیارە کاربەدەســتدانی ئەوســای (بەغــدا) و (موصــل) رقــی خۆیــان دەرخســتوە بەرامبــەر بــە دروســتبوونی دەولەتــی کــوردی، لەگــەل لەشــکری (حمدانی) و عەشیرەتەکانی عەرەب یەک دەگرن و بەرەنگاری لەشکری (شاباز) دەبنــەوە لــە دەوروبەری شــاری (موصــل)، لەئەنجامدا (شــاباز) ی سەرکردەی میرنشینی (دۆستەکی) دەکوژرێت[3].

---

١ - صالح قفتان- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ١٩٦.

٢ - د. ارشاک بولاديان- الاكراد فی حقبة الخلافة العباسية فی القرنين ١٠ - ١١م- ترجمة عن الارمنية د. الكسندر كشيشيان- الدار الوطنية- دمشق- ط١ - ٢٠٠٩- ص ٤٩ - ١١٣.

٣ - حسین حزنی موکریانی- دێرێکی پێشکەوتن مێژووی دوو دەولەتی مەزنی دوشتێک باز و هەزبانی- چاپخانەی کوردستان- چ٢- هەولێر - ١٩٦٢ - لا١٤ - ٢٦.

**میرنشینی مەروانی (٩٩٠ – ١٠٩٦ز) :**

دوای کوژرانی (شـاباز) ی میری دۆسـتەک لە شاری (موصل)، لەشکری دۆستەکی دەگەڕێتەوە بۆشاری دیاربەکر بە سەرپەرشتی برازایەکـی (شـاباز) کەناوی (حسـن مـروان) بووە، نـاوی دەولەتی (مـەروان) [١] لەنـاوی باوکـی (حسـن) وە هاتـووە، بۆیـە نـاوی دەولەتەکـەش بۆتە (مەروانی) نـەوەک هەر درێژە پێدەری دەولەتی (دۆستەک) بووە[٢].

(حسـن مـەروان) خێزانـی (شـاباز) ی مامـی مـارە دەکاتـەوە، ئەمەش بە مەبەسـتی تێک نەچوون و شـپرزە نەبوونی میرنشـینی (دۆسـتەکی) بووە کە مامی بەڕێوەی دەبرد، لە قەلای (حسـن کیف) ی کوردستانی تورکیا ژیان بەسەر دەبات. (حسن مەروان) زیرەک و هۆشـیار بـووە، بۆیـە هەلبژێـردراوەو کـراوە بە میـری دەولەتی (دۆستەک) لە شوێنی مامی.

لەشـکری (حمدانـی) وازی نەهێنـاوە، بـە پالپشـتی هۆزەکانـی عەرەبی (بەنی عوقیل) و (بەنی نەمیر) هێرشی کردۆتە سەر میرنشینی مەروانی، بەلاّم ئەمجارە لەشـکریان شکستی هێناوە وشکاوە و ڕاو نراونەتەوە شـاری موصل، (ابو تاهیری حمدانی) [٣] لەو شکسـتەدا کە گەڕاوەتەوە شـاری (نسـیبین) ئەمیری (بەنی عوقیلی) هاوپەیمان

١ – د. ارشاک بولادیان– الاکراد فی حقبة الخلافة العباسیة فی القرنین ١٠ – ١١م – مصدر سبق ذکره – ص ٢٠ – ٣٢.

٢ – صالح قفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ– هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٢٠٠.

٣ – د. ارشاک بولادیان– الاکراد فی حقبة الخلافة العباسیة فی القرنین ١٠ – ١١م – مصدر سبق ذکره – ص ١٢١.

و دەست و پێوەندەکانی کوشتوە لە تاوی شکست و دۆڕانەکەی.

(حسـن) ی میری میرنشـینی مەروانی سـنووری میرنشینەکەی فـراوان کـردووە، ئیمپراتۆریەتـی (ڕۆم) ی شـکاندوەو دەرکردووە لـە شـاری (ئۆرفـە)، ناوچەکانـی گۆمی (وان) یشـی هەمـوو رزگار کردووە، لەسـەر ئەم ئازایەتیەی خەلیفەی عەباسـی لەبەغدا لەقەبی (فخر الدولة) ی داوە بە میر (حسـن مەروانی)، تا دواجار بەدەسـتی ناحەزانی لەشاری دیاربەکر دەکوژرێت لە ساڵی٩٩٧زاینی دا.

دوای کوژرانـی (حسـن مـەروان)، براکـەی ابـو سـعید منصـور (ممهد الدولة) [1] لەشـوێنی ئەو دەبێتە جێنشـین ومیری میرنشـینی (مەروانی).

(ممهـد الدولـة) ناونیشـانێک و لەقەبێکـی گـەورە بـووە لەلایەن خەلیفەی (عەباسـیەکان)، لەبەغدا بەو کەسـانە دراوە کە لە دەولەتی عەباسیدا دەسەلاتیان هەبووە. ئەم میرە تا ساڵی١٠١٢زاینی حکومی کردووە تا بەدەردی براکەی چووەو کوژراوە.

دوای کوژرانـی (ابوسـعید منصـور)، (احمـد شـاە عـادل شـاە ناصر الدولة) ی برای دەبێتە میری میرنشـینەکەلە شـاری (ئەرزن). تاسـالی١٠٦١حوکمی میرنشـینەکەی کـردووە. باشـترین میـری میرنشـینی مەروانی بووە لە رووی دادوەری یەوە، خەلیفەی بەغدا (القـادر باللـە) لەسـالی١٠٢٠لەقەب و ناونیشـانی (ناصـر الدولـةی) داوەتێ.

---

١ - محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علی عونی- مصدر سبق ذکره - ص ١٣٩ - ١٤٠ - ١٤١- وەهەروەها بڕوانە- صالح قفتان- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٢٠٢.

دیاره سـەرۆک عەشـیرەتەکانی عـەرەب، بەتایبەت عەشـیرەتی (عوقەیـل) کـە (بـدران) ی نـاو بـووە لەگـەل براکـەی کـە حاکمـی شـاری (موصل) بـووە بەناوی (قـراوش)، مەبەسـتیان داگیرکردنی شـاری (نسـیبین) بووە بـەڵام بۆیان نەچۆتە سـەر، شـاری (ڕەها-ئۆرفـە) لـە ژێر دەسـەڵاتی دەولەتـی (ڕۆم) بووە، رۆمـەکان بەئاین مەسـیحی بووینە دژایەتی ئاینی ئیسـلامیان کردووە، بۆ یە کورد و عەرەب یەکترگردبووینە لە دژی (ڕۆم) لە ئەنجامدا شـاری (ئۆرفە) رزگارکراوە لە سالی١٠٣٥ی زاینی.

نەتـەوەی (غـەز)ی تورکـی هێرشـی بۆ سـەر خاکی میرنشـینی مەروانـی کـردوە لـە شـاری (موصـل)، وەک باس کرا کـورد یەکی گرتـووە لەسـەر بنەمای ئاینـی، لەگەڵ (قـراوش) ی نەتەوە عەرەب کـە حاکمـی موصل بـووە، بەیەکـەوە دژی (غـەز) ەکان وەسـتاون وشـکاندویانن. لەسـالی١٠٤٨زاینی فیتنـەو دووبەرەکـی کەوتۆتـە نـاو کـورد، بەدەسـتی (قراوش) ی سـەرۆک هـۆزی عەرەبی (بەنی عوقەیل)، عەشـیرەتی (هەموودی - حەمیدی) کە لەناوچەی (ئاکرێ - عقـرە) بوونـە، لەگەڵ عەشـیرەتی کوردی (هازبەنـی) کە لە نزیک شاری هەولێر دانیشتوون بووە بە ناخۆشیان، (ابو الحسن ی کوری موسـک) سـەرداری عەشـیرتی (هازبەنـی) حاکمـی شـاری هەولێر بـووە، لەگـەل (قراوش) یەکی گرتووە، لەبەرامبەریشـدا (احمد شـاە عادل شاە ناصر الدولة) مەروانی پشتی (هەموودی) یەکانی گرتووە لە (ئاکرێ) [1].

١ - حسین حزنی موکریانی- دێرێکی پێشکەوتن مێژووی دوو دەولەتی مەزنی دوشتێک باز و هەزبانی- هەمان سەرچاوەی پێشوو - ل٣٤٧.

سولتانی سەلجوقی (تغرل)، فەرمانی داوە بە میرنشینی مەروانی ناوی لە ووتاری هەینی دا بخوێندرێتەوە، (احمد شاه) رازی بووە و لەهەمــان کات (احمد شــاه) لەگــەڵ (ڕۆم) ەکانیش یەک بووە[1]، بۆیە ڕۆمەکان مزگەوتی (ئەیوبیان) لە ئەستەمبۆل بۆ ئاوەدان کردۆتەوە.

(ابــو القاســمی مەغریبی و فخر الدولة کــوری جوهێر) وەزیری میرنشــینی مەروانــی بوونە، (ابو عبداللــە ی کارزۆنی) کە مەزهەبی شــافیعی ئیسلامی لە کوردستاندا بلاوکردۆتەوە، لەگەل ئەحمەد شا ژیــاوە وەکــو زانــا و بیرمەند و هزرمەندی ئیســلام، (ابــو عبدالله ی کوری مەروان) شێخی ئیسلامی میرنشینی مەروانی بووە.

دوای مردنی (احمد شاە)، (قاسم ابو ناصر) ی کوری حوکمرانی میرنشینەکەی کردووە لە سالی (١٠٦١ – ١٠٧٠ز)، قاسم لەگەل میر (ســعید) برای ناخۆشــی هەبووە دواتر کردوویەتی بە حاکمی (دیار بەکر).

(منصــور شــاە کــوڕی میــر ســعید) دوای مردنــی (قاســم ابــو ناصر) ی مامی و (سعید شاه) ی باوکی، بۆتە سەرۆکی میرنشینی مەروانــی، ووتــاری هەینــی بەنــاوی خــۆی و خەلیفــەی (فاتیمی) لە (مصر) خوێندۆتەوە. بەمەش خەلیفەی (عەباســی) دڵی لێ ڕەنجاوە، (ملکشــاە) ی سەلجوقی یش پشــتیوانی تەختی عەباسی یەکان بووە ئەویش دلی لێ رەنجاوە.

(فخرالدولــةی کــوری جوهێــر) وەزیــری (احمد شــاه) ی ناصر الدولة لە بنەمالەی میرنشینی مەروانی تۆراوە، لەگەل (مەلیک شای

١ – د. ارشاک بولاديان– الاكراد فی حقبة الخلافة العباسية فی القرنين ١٠ – ١١م – مصدر سبق ذكره – ص ١٤٥.

سـەلجوقی) ڕێککەوتـوە، بـە سـوپای سـەلجوقیەکان هاتۆتـە سـەر (منصور شاە)، لەئەنجامدا شاری دیار بەکر و میافارقین و ناوچەی جزیـرەی بۆتانـی داگیـر کردووە، کۆتایی بە دەسـەلاتی میرنشـینی (مەروانـی) هێنـاوە. (فخرالدولـةی کـوری جوهیـری) خیانەتکاریش سـزایخۆی لە سـەلجوقیەکان وەرگرتـووەو دەرکـراوەو رەوانەی شاری موصل کراوە تا مردنی[1].

**میرنشینی ڕوادی (٩٥٤ – ١٠٧٦ز) :**

دوایـی کـز بـوون ونەمانـی دەسـەلاتی دەولەتـی (عەباسـی) نەتەوەکانی ژێر دەستەی هەولیان داوە بۆ سەربەخۆی خۆیان.

ئـەم میرنشـینە (مامـەلان – محمـد) سـەرۆکی هـۆزی (روادی) داینـاوە لەشـاری (تەورێـز) ی (ئازەربایجـان) [2]، دواتـر (سـالار مەرزەبان) ی کوری جێنشینی باوکی بووە[3]، لەگەل سەرکردەکانی کـوردی دەورو بـەری ئازەربایجان لەشـەردا بووە، بە دیلی گرتون و لەقەلای (قرم) دەسـت بەسـەری کردون لەوانەش (دیسـم ابراهیم بێژەن) [4]بووە.

سوپای رووس لەشکری کردووە بۆ سەر میرنشینی (روادی) تا

١ – الامير شرف خان البدليسي– شرفنامة– مصدر سبق ذكره – ص ١٠١.

٢ – د. ارشاك بولاديان– الاكراد فی حقبه الخلافة العباسية فی القرنين ١٠ – ١١م– مصدر سبق ذكره – ص ٤٥.

٣ – محمد أمين زكی– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد علی عونی– مصدر سبق ذكره – ص ١٣٢– ١٣٧.

٤ – حسين حزنی– كوردستانی موكريان يا اتروپاتين (ئازربايجان) – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ١٦٢.

(مەراغە) چوینە، دواتر نەخۆشــی رشانەوە لەشکری روسی شپرزە کــردووە و شــکاون و کشــاونەتەوە پــاش. دواتر ســوپای (حمدانی) یش لە شــاری موســلەوە(نینوا) بەرەو ئازەربایجان هاتوە بۆ ســەر میرنشینی روادی، ئەوانەش شکاون بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر لە ناوچەی ئازربایجانی خواروودا.

لــە عیــراق یشــدا دەولەتــی (ئالــی بۆیــە) بویهــی دەســەلاتی لــە عەباسیەکان ستاندبوو و (معز الدولة) حوکمی دەکرد، (رکن الدولة) ی بــرای حوکمــی باکــوری ئێرانی دەکــرد لەشــاری (ڕەی - تارانی ئێستا)، براکەی تریشیان (عماد الدولة) حاکمی باشوری ئێران بووە لەشاری (شیراز).

(رکــن الدولة) بویهــی لەتارانەوە هێرش دەکاتە سەرمیرنشــینی روادی (ســالارمەرزەبان) لە ئازربایجان بەدیل دەگرێت، دەبردرێتە قەلای (سمیرم) نزیک شاری (ئەسفەهانی) ئێران.

(وەهسۆزان) ی برای دەبێتە جێنشینی دەولەتی روادی، دەچێتە ناوچــەی (ئەردەوێـل) وهەولـدەدات (ســالار مەرزەبــان) ی بــرای ئازاد دەکات و دەکرێتەوە ســەرکردەی میرنشــینی روادی، (ســالار مەرزەبان) ی سەرکردە لەگەل (رکن الدولة) بویهی ئاشت دەبێتەوە، توانیویەتی سنوری میرنشینی (روادی) فراوان بکات تا (ئەرمەنستان و مەراغەو و موکریان - موقان) تا کۆچی دوایی دەکات.

(وەهســۆزانی) بــرای دوبــارە دەبێتــە جێنشــینی میرنشــینی روادی، (جوســتان) ی کوری (سالار مەرزەبان) یش بۆتە جینشینی (وەهسۆزان) ی مامی.

دوای مردنی (ســالار مەرزەبان)، (وەهســۆزان) و (جوستان) ی

کوری ســالار مەرزەبان لەســەر دەســەلات ڕێک نەکەوتوون شەرو ئــاژاوە پەیــدا بــووە. لــە کوتایی ئــەم ڕکابەریەدا (وەهســۆزان) دور خراوەتەوە لە دەسەلات.

(جوســتان) دەســەلاتی میرنشــینەکەی وەرگرتوە، (وەهسۆزان) توانیوەیەتــی دوبەرەکــی بخاتــە نێــو کورەکانی (ســالار مەرزەبان)، هــەردوو کورەکەی (جوســتان) و (ناصــر) و دایکیان بگرێت و بیان کوژێت[1].

(وەهســۆزان) دووبارە دەســەلاتی وەرگرتۆتەوە، (برایم سالار) ی کــوری (ســالارمەرزەبان) کــە حاکمــی (ئەرمەنســتان) [2] بــووە، بەلەشــکرێکی بەهێــز بەســەر (وەهســۆزانی) مامــی داداوە و بــەلام ســەرکەوتوو نەبووە، گەڕاوەتەوە لای (رکن الدولة) بویهی لەشاری (ڕەی - تاران)، پاش ماوەیەک (رکن الدولة) لەشکرێک دەداتە (برایم سالار) و دەچنە (ئازربایجان) و (وەهسۆزان) لەناو دەبەن و (برایم سالار) خۆی لەسەر تەختی میرنشینی (روادی) دادەنیشێت.

پــاش مردنی (برایم ســالار مەرزەبان) کورەکانــی وکورەزاکانی (ڕاویــدی) و (گڵاس) و (وەهســۆزانی دووەم) حوکمی میرنشــینەکە دەکەن، لەسەردەمی (وەهسۆزانی دووەم) دا خێلی (غەز) ی تورکی هێرشیان بۆ سەر ئێران و ئازەربایجان کردووەو شکاون، بەرامبەر

---

١ - حسین حزنی موکریانی- دێرێکی پیشکەوتن مێژووی دوو دەوڵەتی مەزنی دۆشتێک و بازو هەزبانی- هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٥١.

٢ - د. ارشاک بولادیان- الاکراد فی حقبة الخلافة العباسیة فی القرنین ١٠ - ١١م- مصدر سبق ذکره - ص ٥٤ - ٥٩.

بە یەکگرتنی لەشکری (وەهسۆزانی دووەم) لەگەڵ (هەزبانیەکان)[1].

سـولتان (تەغـرل) ی (سـەلجوقی) یـش، لـە ئەسـفەهانەوە بەلەشـکرێکی زۆرەوە رووی لە ئازەربایجان کردووە، توانیوەیەتی (وەهسۆزانی دووەم) بخاتە ژێر دەسەلاتی خۆی بەمەش میرنشینی روادی ژێر دەستە کراوە.

دواتر کوری (برایمی وەهسۆزان) کەناوی (میرئەحمەدیل) بووە، لـە شـاری مەراغـە میرنشـینی (روادی) زینـدوو کردۆتـەوە. دیارە حوکمـی (دەرەبەگـی) لەم کاتەدا باو و شـیاو بـووە و هەر ئاغایەک میری ناوچەی خۆی بووە تەنها بەناو سەر بەخەلیفە بووینە. بەلام لە وڵاتی ئیسـلام دا جیاوز بووە، بەتایبەت لە رۆژهەلات کە ئاغاش ژێر دەسـتەی مەلیک و شـای (سـەلجوقی) بووینە، (میـر ئەحمدیل) یـش یەکێـک بـووە لەوانەو دیارە وەک پلە و پایە هەمیشـە شـوێنی دانیشـتنی لـە بارەگای (سـەلجوقیەکان) لەسـەرەوەی دیـوان بووە. تا لە بارەگای سـەلجوقیەکان لە دیوانی (سـولتان محمد مەلیکشـاه) هۆزی (باتینیەکان) بەخەنجەر کوشتویانە.

دوای (میرئەحمدیل) کورەکەی بەناوی (ئاق سونگور) دێتە سەر حوکـم دەبێتـە سـەرکردەی میرنشـینی (ڕوادی). پلـەی (ئەتابەکـی) دەدرێتی واتا پیاوی گەورەو مەزن، لە لایەن کوری پاشای سەلجوقی (محمـود). دوای ١٧ سـاڵ حوکـم کردنـی ئەویش بەدەسـتی هۆزی (باتینیـەکان) دەکوژرێـت، کاتێک بۆ هاوکاری سـولتان (مسـعود) ی سەلجوقی چووە بەدەردی باوکی چووە لە شاری (هەمەدان).

---

١- حسین حزنی موکریانی- دێرێکی پیشکەوتن مێژووی دوو دەوڵەتی مەزنی دۆشتێک و بازو هەزبانی- هەمان سەرچاوەی پێشوو-لا٥٤.

(ئاق سـونگوری دووەم) کوری (ئاق سـونگوری یەکەم) بووە، لە میرنشـینی (روادی) حوکمی کردووە لە شـاری (مەراغە) و بۆتە جێنشـینی سـولتان (محمـد) ی سـەلجوقی، واتـا بۆتە (ئەتـا بەگ) و (وصـی). پـاش کۆچی دوای کردنی (ئاق سـونگوری دووەم)، (ئاق سـونگوری سـێ یەم) بۆتە جێنشـین لە شـوێنی باوکی لە (مەراغە)، بـەلام ئەویـش لە ژێر دەسـەلاتی (پەهلەوان دنگـز) ی میری تورکی ئازەربایجـان بـووە، ئەو میرە تورکە هەموو میرنشـینی (ڕوادی) بە شاری (مەراغە) وە لێ داگیر کردوون.

لە بنەماڵەی (ڕوادی) یەکان ماوەیەک ئافرەتێک حکومی کردووە لە و میرنشـینەدا بەناوی (من هواداد)، لە قەلای (ڕۆین دژ). سـوپای مەغـۆل نەیتوانیـوە میرنشـنی روادی داگیـر بـکات، تـا گەرانـەوەی سـوپای (جـلال الدین شـای) خوارەزمی لە عێراق و ئـەم ئافرەتەی مارە کردووەو حکومی میرنشینی (ڕوادی) کۆتایی پێهاتووە[1].

**میرنشینی بەرزیکانی (حەسنەوەیی) (٩٥٩ – ١٠١٥ز):**

ئەم میرنشینە میر (حسین) سەرۆکی عەشیرەتی (بەرزیکانی) لە (شـارەزوور) پێکیهێناوە. پاشـان (دینەوەر) و (نەهاوەند) تاسـنوری (ئازرەبایجان) رزگار کراوەو خراوەتە سەر میرنشینەکە[2].

کـە (حوسـنەوی کوری میرحسـین) پـاش مردنی باوکـی دەبێتە

١ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عونى– مصدر سبق ذكره – ص ١٣٧.

٢ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عونى– مصدر سبق ذكره – ص ١٣٢.

میر، ئەنجا میرنشینی (بەرزیکانی) شێوەی دەولەتی وەرگرتوە، (میر حوسـنەوی) پەیوەندی باشـی هەبـووە لەگەڵ دەولەتـی (بویهی) لە شـاری (ڕەی - تارانی ئێسـتا) لەئێران، بەتایبەت لەگەڵ پاشـا (معز الدولة) و (ركن الدولة) برای. ئەو كاتە دەولەتی (بویهی) تا سـنوری شاری دێرینی (هەولێر) حوكمی كردوە[1].

بۆیـە (حوسـنەوی)، هێـرش دەكاتـە سـەر شـاری هەولێـر كـە (بەختیـار كـوڕی معـز الدولـة) بویهیپاشـای (هەولێـر) بـووە، دەستیبەسـەر (هەولێر) داگرتوە، (حوسـنەوی) هەولی فراوانكردنی میرنشـینەكەی داوە، خـۆی لەشـاری (سـەرماچ) دانیشـتوە و ئـەم شـارانەش ناودارترین شاری ئەو سەردەمەی میرنشینەكەی بوونە (دینـەوەر - هەمـەدان - نەهاوەنـد - هەولێـر) [2]، زێ ی گـەورەش سنوری باكوری میرنشینەكەی بووە.

دوای مردنـی میـر (حوسـنەوی)، كورەكـەی میر (بـەدر) دەبێتە جێنشـینی میرنشـینی بەرزیكانـی، كـە لەقەبی (ناصـر الدولة) بووە، (عـزد الدولـة) ی بویهـی زۆر رقـی لـەم میـرە بۆتەوە ویسـتویەتی میرنشـینی كـوردی (بەرزیكانـی) لـە ناوببـات، (حوسـنەوی) حەفت (٧) كـوڕی هەبـووە بـەلام ناتەبا بوونە لەگـەل یەكتر و بێهێز بوونە بەرامبـەر بە دوژمـن[3]، یەك نەبووینە لەگەل (بەدر) ی برایان، بۆیە

١ - صالح قفتان- مێژووی گەلی كورد لە كۆنەوە تا ئەمڕۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٢٠٩.

٢ - الامیر شرف خان البدلیسی- شرفنامة- مصدر سبق ذكره- ص ١١٣.

٣ - د. ارشاك بولادیان- الاكراد فی حقبة الخلافة العباسیة مصدر سبق ذكره - ص ٨٦.

میرنشینی (بەرزیكانی) كەوتۆتە ژێر دەسەلاتی بێگانە و (بویهی) یەكان، هەر میر (بەدر) كراوەتەوە بە میری (بەرزیكانی) بەڵام براكانی تری كوژراون، چونكە میر (بەدر) پەیوەندی باش بووە لەگەڵ (عزد الدولة)ی بویهی لە تاران.

دواتر بەهۆی ناكۆكی نێو خۆی دەولەتی (بویهی)، میر (بەدر) هەلی وەرگرتوەو سنوری میرنشینەكەی فراوانكردوە تا (ڕووباری كەرخا و شاری خورەم ئاباد و شارەزوور و كرماشان) چووە، لەسالی ۹۹۰زاینی خەلیفەی (عەباسی) ناونیشانی (ناصر الدولة) ی داوەتێ.

میر (بەدر) دوو كوری هەبووە بە ناوی (عیسی) و (هلال)، میر (بەدر) زیاتر (عیسی) ی كوری خۆشویستووە. (هلال) ی لەخۆ دورخستۆتەوە و كردویەتی بە حاكمی (سامغان) ، (هلال) بەگوێ ی باوكی نەكردووە و (شارەزووری) گرتوە و باوكی رەنجاندوە بەم كارەی، دواتر یاخی بووە و چۆتە سەر میر (بەدر) ی باوكی، بەلەشكرەوە باوكی بەدیل گرتوە.

میرنشینی (بەرزیكانی) كەوتۆتە ژێر دەسەلاتی (هلال)، بەڵام میر (بەدر) لە ژێرەوە كاری دەكرد بۆ ستاندنەوەی دەسەلات لە كورەكەی، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ (بەها الدولـةی) دەیلەمی مەلیكی عێراقدا بەست، بەلەشكرەوە هاتە سەر كورەكەی و میرنشینی (بەرزیكانی) دا دەست بێگانە (هلال) بەدیل گیراوە. میر (بەدر) ی باوكیشی بۆتەوە میری (بەرزیكانی)، بەلام ژێر دەستەی دەولەتی دەیلەمی بووەو شارەزووری یشی لە دەست داوە و پارەو سامانیشی هەموو بردراوە و فەوتاوە. میر (بەدر) خۆشی بەدەستی سەربازەكانی خۆی كوژراوە كاتێ هیرشی كردۆتە سەر قەلای

(كۆسجد). دوای كوژرانی میر (بەدر) ئاژاوە كەوتۆتە ناو میرنشینی (بەرزیكانی)، زۆربەی عەشیرەتەكەیان پەنایان بردۆتە بەر دەولەتی (دەیلەمـی) یـەكان، (تاهیری كـوری هلال كوری بـەدر) زۆر هەولی داوە و نیازی شـەری هەبووە لەگەڵ شـاە (شمس الدولة)ی حاكمی دەولەتی (بویهی) لەئێران، لە ئەنجامی شەردا (تاهیر) بە دیل گیراوە و خراوەتە بەندیخانە لە (هەمەدان).

لەلایەكی ترەوە (سولتان الدولةی) ی كوری (بەها الدولةی) مەلیكی (دەیلەمی) لەعێراق لەرقی (شـمس الدولة) ی بویهی[1]، (هلالی) ئازاد كردووە بەمەبەستی رزگاركردنەوەی خاكی میرنشینی (بەرزیكانی)، بەڵام ئەم هەولە سەركەوتوو نەبووە و (هلال) كوژراوە.

(شـمس الدولـةی) بویهی (تاهیـر) ئازاد دەكات، رەوانەی سـەر (شارەزووری) دەكات بۆ سەر (ابو الشوق) كە ئیمارەتێكی دروست كردبوو لە ناوچەكە، دەبێتە شەریان و (تاهیر) سەركەوتن بەدەست دێنـێ ودواتر ئاشـت دەبنـەوە، (تاهیـر) دەبێتە زاوای (ابو الشـوق)، پاشـان بـە پلانێـك (تاهـر) دەكوژرێـت و كۆتایـی بـە میرنشـینی (بەرزیكانی) دێت.

---

١ – د. ارشاك بولادیان– الاكراد فی حقبه الخلافة العباسیة فی القرنین ١٠ – ١١م– مصدر سبق ذكره – ص ١٠٠.

**میرنشینی سالاری یه (٩٧١ – ١٠٣١ز) :**

ئەو میرنشینە شوێنی جوگرافی لە (ئازەربایجانی) خواروو بووە، مێژوونوسی عەرەب (ابن خردادیە) سەردانی شاری تەورێزی کردوە، ئەم وڵاتەی لەژێر دەسەلاتی (محمد روادی) سەرکردەی کوردا دیتوە. هەروەها مێژووناسان و گەریدە و زانایانی وەک (اصتغری) و (یاقوتی حموی) یش باسی ئەم میرنشینەیان کردووە[١] _[٢].

سەرکردەکانی کورد هەمویان ئامانجیان ژێردەست کردنی (ئازربایجان) بووە بە زۆر بۆ خۆیان، هەر هەمویان لەدژی یەکتر جەنگاون، رێک و پێک نەبوونە وا دیارە خیانەتیان لەگەل یەکتردا کردووە، لەوانەش (دیسم ابراهیم – یوسف ابو الساج – لەشکری وەشمگیر – محمد مسافرمەرزەبان – علی میشکی)[٣].

---

١ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد علي عوني– مصدر سبق ذكره – ص١٣١.

٢ – صالح قەفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ– هەمان سەرچاوەی پێشوو– ل١٨٣.

٣ – حسین حزنی موکریانی– دێرێکی پێشکەوتن مێژووی دوو دەولەتی مەزنی دوشتێک باز و هەزبانی–هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل٣٨.

**دەولـەتی ئەیوبی (١١٧٤ – ١٢٨٤ز) :**

دامەزراندنی ئەم دەولەتە دەگەرێتەوە بۆ (شادی کوری مەروان) باپیرە گەورەی (صلاح الدين يوسف ئەيوبی) [١] – [٢].

سـەر بـە عەشـیرەتی (روادی) وتیـرەی (هەزبانـی)، شـوێنی جێنشـینبوونیان گونـدی ئەجدانەقانـی ناوچـەی (دوین) ی سـەر بە (ئازربایجان) بووە[٣]. گەورەترین دەولەتی کوردی بووە کە لەسـەر دەسـتی کورد دامەزراوە بە مۆرکێکی ئیسلامی[٤]. وڵاتەکانی (مصر و یەمـەن و سـوریا و فەلەسـتین) لەژێـر دەسـەلاتی ئـەو دەولەتـە بـووە، لەگـەڵ بەشـێکی کوردسـتانی باکوریـش، لـە ئەوروپـا ئـەو کاتـە بزوتنـەوەی ئاینـی (مەسـیحی) ی ڕووی کردۆتـە رۆژهـەلات بەمەبەسـتی داگیر کردنی ولاتانی ئیسـلامی، خەلیفەی (عەباسی) لە بەغـدا و خەلیفـەی (فاتیمیـەکان) لـە مصـر، کە خۆیان بەسـەردارو گەورەی ولاتانی ئیسـلام داناوە ئەو کاتە، دەستەوەسـتان بوونە لە ئاسـت ئەم هێرشـانەی (مەسـیحی) یـەکان، نەیانتوانیـوە هیچ بکەن کاتێ (سـوریا و فەلەسـتین) داگیـر کراوە لەلایەن ئەم هێرشـانەوە،

١ – محمد أمين زكى- خلاصة تأريخ الكرد وكردستان- ترجمة محمد على عونى- مصدر سبق ذكره – ص ١٤٢- وايضا انظر – محمد امين زكى- تاريخ الدول والامارات الكردية فى العهد الاسلامى- ترجمة محمد على عونى- المجلد الثانى- القسم الاول – ط الثانية – دار الشؤون الثقافية العامة – بغداد- ٢٠٠٦- ص ١٩٤.

٢ – حسین حزنی- کوردستانی موکریان یا اتروپاتین (ئازربایجان) – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٤٥٩.

٣ – د. موحسین محەمەد حوسێن- ژینامەی پیاوە هەرە درەوشاوەکە (سەڵاحەدینی ئەیوبی) – وەرگیرانی عبدالرزاق بیمار- پێداچونەوەی عەوف عبدالرحمان – کوردستان دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس – چ دووەم- ٢٠١٢ – لا ٧.

٤ – تومابوا. لمحة عن الاكراد- ترجمة محمد شريف عثمان- مطبعة نعمان- النجف- ١٩٧٣ –ص١١.

تەنها ئەتابەگی موصل و کورد ڕووبەڕویان بووینەوە.

(شـادی) باپیـری (صـلاح الدیـن یوسـف) دوو کـوڕی هەبـووە بەناوی (ایوب و شێرکۆ)، پەیوەندی لەگەڵ (بەهرۆزی) ڕۆمی پاشای سـەلجوقی لـە بەغدا پەیدا کـردووە و چۆتە لای و ئەویش ڕەوانەی شاری (تکریت) ی کردووە و بۆ سەرپەرشتی ئەو شارە.

دوای مردنی (شادی) لە تکریت (ایوب) ی کوری دەبێتە جێنشینی، (عمادالدیـن ی زەنگی) ئەتابەگی شـاری (موصـل) پەیوەندی لەگەڵ پادشـای (سـەلجوقی) لەبەغدا باش نەبووە و (ایوب) یش هاوکاری (عمادالدین ی زەنگی) کردووە لە شەڕی (تکریت).

لەسـەر ئەمە پادشـای (سـەلجوقی) لێ ی دەرنجێ و لە شـاری (تکریت) ئاوارەی دەکات و (ایوب) دەچێتە شاری (موصل)، لەوکاتەدا (صلاح الدین) لەدایک دەبێت لەشاری (تکریت) [1].

(عمادالدین ی زەنگی) لەلەی شـازادەی سـەلجوقیەکان بووە لە موصل بیرۆکەی هێرشی هەبووە بۆ سەر (مەسیحی) یەکان، لەگەڵ کورد ڕێککەوتوون و بەرەو (سوریا) ڕۆیشتوون و شاری (بعلبک) یان ئازاد کردووە لە (مەسیحی) کان، (ایوب) ی کردووە بە حاکمی ئەو شارە.

دوای مردنـی (عمادالدینـی زەنگـی) کورەکـەی (نورالدیـن) بۆتە جێنشـینی لە موصل، (شـێرکۆ) ی برای (ایوب) بۆتە سەر لەشکری، دواتـر (ایـوب) بۆتـە حاکمـی (دیمەشـق) و (شـێرکۆی بـرای بۆتە) سـەرداری سـوپا. شـایانی باسـە صلاح الدین ناوی (یوسـف ایوب

١ - ارشاک سافراستیان- الکرد وکردستان- مصدر سبق ذکره - ص٥٠.

شادی) بووه، صلاح الدین ناونیشان و نازناوبووه، بەمانای (صلاح الدنیا والدین) واتا چاکەرەوەی دنیاو ئاین، لەبەر ئازایەتی ئەو ناونیشانەی پێدراوە لەلایەن پاشاکانی خەلیفەی عەباسی لەبەغدا[1].

خەلیفە (عازد) ی (فاتمیەکان) موسلمانی شیعە مەزهەب بووینە لە وڵاتی (مصر)، کزو لاواز بووینە بەرامبەر هێرشی (مەسیحی)یەکان، داوای هاوکاریان کردووە لە سولتان (نورالدین عمادالدین زەنگی) لەشاری (موصل)[2] کە سەر بەخەلیفەی عەباسی بووە لە بەغدا ی پایتەختی عێراق، ئەویش (شێرکۆ) ی رەوانەی (مصر) کردووە بە سوپایەکەوە، (صلاح الدین) یش بەرپرسی لقێکی ئەم سوپایە بووە لەگەڵ (شێرکۆ) ی مامیدا، دوای چەندین شەڕو ڕێکەوتن و ئاشتی دوبارەو سێ بارە، لەشکری (قەڕالی قودس - ئەملەریک) مەسیحی چۆتەوە مصر بەدەستی ناوەخۆ و خیانەتکاری.

ئەو جارەش خەلیفەی فاتیمی (عازد) لە (مصر) هاواری بۆ سولتان (نورالدین) ناردوە لە شاری موصل، بە نامەیەک کە (پرچی ئافرەتان) ی خۆی لەگەڵ داناوە بەمانای بەهانا هاتنی ناموس و شەرەف.

بۆ سێ یەم جار سولتان (نورالدین عمادالدین زەنگی) لەشکری ناردووە، بە سەرکردایەتی (شێرکۆ) و (صلاح الدین)، بۆ دواجار

١ - منذر الموصلی- عرب واکراد (رؤیة عربیة للقضیة الکردیة)- مصدر سبق ذکره - ص٢٢٧.

٢ - محمد امین زکی- تاریخ الدول والامارات الکردیة فی العهد الاسلامی- ترجمة محمد علی عونی- المجلد الثانی- القسم الاول- ط الثانیة - دار الشؤون الثقافیة العامة - بغداد- ٢٠٠٦- ص ٢٠٢ - ٢٠٥.

لەشكرى (قەڕالى قودس – ئەملەریک) یان دەرکردوە لە مصر.

خەلیفە (عازد) ی فاتمیەکان لە مصر، (شـێرکۆ) دەکاتە وەزیر و ناونیشـانی (مەلیک مەنصوری) دەداتێ و دەیکاتە ئەمیری سوپاش، پاشماوەیەک (شێرکۆ) کۆچی دوای دەکات.

دوای مردنـی (شـێرکۆ) خەلیفە (عـازد) ی فاتیمی، ئەمیر (صلاح الدیـن یوسـف) دەکاتـە وەزیر لە شـوێنی مامی لە ولاتـی (مصر) [1] ناونیشـان و لەقەبی دەکاتە سـولتان (مەلیک ناصر باوکی موزەفەر صـلاح الدنیـا و الدیـن یوسـف کـوری ئەیوبـی)، لەلایـەن خەلیفەی عەباسـی (نورالدیـن ی عمادالدینـی زەنگی) پشـەوە دەکرێتە سـوپا سالاری مصر، کە ئەو کاتە (صلاح الدین) تەمەنی ٣٢ ساڵ بووە.

سـولتان (صـلاح الدیـن یوسـف ئەیوبـی) مەزهەبـی (سـونەی) بلاوکردۆتـەوە بەکردنـەوەی حجرەکانـی (ناصریـە) و (کاملیـە) مەزهەبـی (شـافعی) لـێ خوێنـدراوە، لە ووتـاری هەینی دا بەسـەر مصری یەکانی سەپاندووە کە ناوی خەلیفە (نورالدین) ی (عەباسی سونە) بخوێندرێتەوە لەگەڵ ناوی خەلیفەی (فاتیمی شیعە).

بەمردنـی خەلیفـە (عـازد) ی فاتمیەکان لە مصـر، (صلاح الدین) دەبێتە جێنشنی ئەو لە مصر، سامان و گەنجینەی فاتمیەکان دابەش دەکاتـە سـەر مصری یەکان و رەگەزی نێـر و مێ ی خانەدانەکانی فاتیمی لێک جیا دەکاتەوە بەمەبەستی سیاسی.

نێوانیشی لەگەڵ خەلیفەی عەباسی سولتان (نورالدین عمادالدین زەنگـی) تێـک نەداوە، ناوی لە وتـاری هەینی یدا خوێندۆتەوە. بەڵام

---

١ – د. موحسین محەمەد حوسێن– ژینامەی پیاوە هەرە درەوشاوەکە (سەلاحەدینی ئەیوبی) – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٣٥.

حەزیشـیان بە یەکتر نەکردووە، خەلیفە هەر ویسـتویەتی لای بدات و بیگۆرێـت، ئـەم ئاواتـەی خەلیفـەی عەباسـی سـولتان (نورالدیـن عمادالدین زەنگی) نەهاتۆتە دی بەهۆی مردنی.

(صـلاح الدیـن) هـەر بە پادشـا و خەلیفـەی (مصـر) ماوەتەوە. (صـلاح الدیـن) ئەمیـر (عادل) ی بـرای کردۆتە حاکمـی (نۆبەی) لە مصـر، (تـۆران) ی براشـی کردۆتـە حاکمـی (یەمـەن). هەولیـداوە (تونس) و (لیبیا) شی رزگار کردووە.

سـولتان (صـلاح الدین) سـکەی پـارەودروای بەنـاوی خۆی لێ داوە، وتـاری هەینـی بەنـاوی خوێندراوەتـەوە، لـەم سـێ ولاتـە و ئالایەکـی تایبەتـی هەبـووە کە (هەلۆ) یەکی سـوور بـووە، بیری لە رزگارکردنی شاری (قودس) و فەلەستین کردۆتەوە.

سەرەتا هەلساوە بەرزگارکردنی شارەکانی (بیسان) و (بیروت) و (سـنجار) و (دیاربەکـر) و (حەلـەب)، دواتر شـاری (موصل) یش کەوتۆتـە ژێـر دەسـەلاتی، (میافارقیـن- شـاری سـیلوانی تورکیای ئێسـتا) یشـی رزگار کـردوە، مەبەسـتی سـولتان (صـلاح الدیـن) کۆکردنـەوەی سـوپایەکی بەهێـز و یەکگرتوو بووە، بـۆ دەرکردنی سـوپای (مەسـیحی) لە قودس و خاکی ئیسلام، بۆیە داوای (جیهاد) ی کرد لەسەرتاسـەری ولاتی ئیسـلام بەهێزێکی زۆرەوە بۆ شاری (حەتیـن) چـوو و رزگاری کـرد، ئـەم کارەش سـەرەتایەک بـوو بۆ شکسـتی دەولەتی (مەسـیحی) لە فەلەسـتین، دواتر شـاری (عکا) و (عەسـقەلان) و (غـەزە) و (ڕەملـە) و (خەلیـل) و (بەیـت لحـم) ئازاد کـران، ئینجـا بـەرەو (قودس) چـووە و (مەسـیحی) خۆیـان داوەتە

دەست (صلاح الدین)، شاری (قودس) رزگار کراوە[1]. موفتی ولاَتی شام(محی الدین محمد)[2] ناسراو بە ابن زکی، بەم بۆنەیە وتاری خوێندۆتەوەوە لە سەرەتادا ووتویەتی:

**الحمدلله ذلت دولة الصلب وعز بالکرد دین مصطفی العربی**

دوای گرتنی شاری (قودس) لەلایەن (صلاح الدینەوە)، لە ئەوروپا مەلیکەکانی (ئەلمان - فردریک) و (فەرەنسا - فیلیپ ئۆگۆست) و (بەریتانیا - ڕیچارد شێردل) لەشکرێکی زۆریان هێناوە بەرەو (قودس) هاتون بەلاَم بێ سود بووە، پاش شەر و کوشتارێکی زۆر لەلایەن هەردوو لا، بریاری ئاشتی دراوەو فەلەستین بەش کراوە و (صلاح الدین) یش شاری (قودس) ی ئاوەدان کردۆتە[3].

(مەلیک عادلی) برای کردوە بە سەرداری شاری (قودس)، مەلیکی بەریتانیا خوشکی خۆی داوەتە (مەلیک عادلی) برای (صلاح الدین)، دواتر سولتان (صلاح الدین) کۆچی دوای دەکات لەتەمەنی (٥٧) سالی دا[4]، دوامەنزلگا و مەزاریشی ولاَتی شام (سوریا) دەبێت،

---

١ - د. موحسین محەمەد حوسێن- ژینامەی پیاوە هەرە درەوشاوەکە (سەلاَحەدینی ئەیوبی) - هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٨٩.

٢- میر شەرەفخانی بدلیسی-شەرەفنامە- وەرگێرانی مامۆستا هەژار- چ٦- سنە -٢٠١٣-لا١٠٢.(مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی ئەم شیعرەی وتووە:

**ئەم دینە کە پێغەمبەری عارەب بوو خودانی**
**کورد هات و لە دەست دوژمنە دینانی دەرانی**

٣ - رشید شێخ عبدالرحمن- مێژووی زاگرۆس- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- هەولێر - ٢٠٠١ - لا ٤٦٩.

٤ - محمد أمین زکی- خلاصة تأریخ الکرد وکردستان- ترجمة محمد علی عونی- مصدر سبق ذکره - ص ١٤٥ - ١٤٧.

لەشـاری (دیمەشـق) لە نزیک مزگەوتی (ئەمەوی) لەسـەر فەرمانی مەلیک (ئەفزەلی) کوری بۆ ئەویَ گواستراوەتەوە و نێژراوە.

لـەدوای مردنـی سـولتان صـلاح الدیـن، مەلیـک (ئەفـزەل) ی کـوری بووە بەفەرمانرەوای (فەلەسـتین و سـوریا)، مەلیک (عەزیز عوسـمان) کورەکەی بووە بە فەرمانـرەوای (مصر)، مەلیک (زاهیر) ی کوری بووە فەرمانرەوای (حەلەب)، مەلیک (عادل) ی برای بووە بـە فەرمانـرەوای (جزیرە)، کورەکانی (سـیف الاسـلامی تەفتەگینی) برای صلاح الدین فەرمانرەوای (یەمەن) بووینە، کورەکانی (شێرکۆ) ی مامی صلاح الدین یش لە شاری (حمص) دانیشتوونە لەو کاتەدا. کـورو بـرازاو براکانی (صـلاح الدیـن) وباوەژنەکەی (شـجرە الدر) لەناوەخـۆ دژی یـەک وەسـتاون لەسـەر دەسـەلات، ئـەم هۆکارانە بۆنەتە ئاوا بوونی ئەستێرەی دەولەتی (ئەیوبی)، لە ئەنجامدا سوپای (کۆلەمەنەکان) دەسـەلاتیان گرتە دەسـت لە مصر، کە پێشتر ئەوانە لەنەتەوەی تورک و چەرکەس بوون بە پارە گیرابوون، شـەرکەری سوپای تایبەتی دەولەتی ئەیوبی بوون.

لەگەڵ هاتنی لەشـکری (مەغۆلەکان) یش، شـوێنەکانی تری ژێر دەسـەلاتی دەولەتـی ئەیوبـی (حەلەب - شـام - حەمـا - حومس - یەمەن - جزیرە) داگیر کراون وبەیەکجاری کۆتاییان بە دەسـەلاتی بنەماڵەی ئەیوبی هێناوە.

**میرنشینی ئەردەلان (١٢٢٠ – ١٨٦٧ز) :**

دامەزرێنەری ئەو میرنشینە (بابا ئەردەلان) بووە لەناوچەی شارەزور[1] لەدەورو بەری سالانی ١٢٢٠ زاینی، شاری کەرکوک یشی خستۆتە سەر میرنشینەکەی، (کلۆل بەگ) دوای مردنی باوکی بۆتە جینشین و میری ئەردەلان، سنوری میرنشینەکەی تا شاری (هەولێر) هاتوە.

مەغۆل و جەلایریەکان دوژمنی سەرسەختی ئەم میرنشینە بوینە لەکاتی میر (حسن بگ) دا، لەکاتی میر (مەئمون بەگ) دا سنوری ئەم میرنشینە تا رواندوز و سەر زێ ی گەورە فراوان بووە، دواتر هەریر وئامێدی وزاخۆش ی خراوەتەسەر، لەمیرە بەناوبانگەکانی تری ئەو میرنشینە (هەلۆ) خان بووە کە (سەفەوی و عوسمانی) دژایەتیان کردوە[2]. دواترمیر (ئەحمەدخان) هاتوە شاری (سنە) ی کردۆتە پایتەخت، شارەکانی (سابلاغ وئۆرمیەومەراغە) ی داگیر کردوە، هۆزەکانی بلباس و موکری هاوکاری بووینە. ئەو میرنشینە سەربەخۆیەکی تەواوی هەبووە، تا سەرئەنجام کۆتاییان پێهاتووە و لەناو چونە بەهۆی کێشەی ناوخۆ لەساڵی ١٨٦٧ زاینی.

ئەو میرنشینە دەسەلاتێکی فراوانی هەبووە و سەردەمێک بەتەواوی سەربەخۆ بووە، لەوتارەکانیاندا بەتایبەت لەنوێژی هەینیدا

١ – ی. ئی. ڤاسیلیەڤا– کوردستانی خوارووی رۆژهەلات (لەسەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەلانی و بابان– وەرگێرانی لە ڕووسییەوە د– رشاد میران– دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر– چ ٢– ٢٠٠٩– ل٣٣٦ – ٤٢ – ١٢٩ – ١٥١.

٢ – وریا رەحمانی – کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە– چاپخانەی رۆژهەلات– چ یەکەم– هەولێر– ٢٠٠٩– ل ١٣١– (رێکەوتنی (زەهاو) ی ساڵی ١٦٣٩ زاینی، کوردستانی کردۆتە دووبەش: بەشێکی لە ژێر دەسەلاتی شیعەی ئێران بووە، هۆزەکانی (کەلهور و ئەردەلان) بەر ئێران کەوتون، بەشەکەی ترناوچەی (ئامێدی و جزیرە) بەسەربەخۆی ماونەتەوە).

سەردەمێکی زۆر باسی هیچ کەسیان نەکردوە، نەسوڵتانی عوسمانی سوننی مەزهەب ونەشای ئێرانی سەفەوی شیعە مەزهەب[١]، تەنها بەناوی خۆیان وتاریان خوێندۆتەوە.

**میرنشینی بۆتان (١٢٤٧ – ١٨٤٨ز) :**

میر (عبدالعزیز) دامەزرێنەری ئەو میرنشینەیە لەناوچەی جزیرە ی کوردستانی باکوور، ئەو میرنشینە ناوی تری هەبووە بە (عەزیزان یا ئازیزان) ناسراو بووە، ئەوەش لەناوی میر وەرگیراوە[٢]، هۆزی (بۆتی) لەوناوچە جێنشین بوونە، میری بەناوبانگی هەبووە، لەوانەش میر (بەدرخان پاشا) لەسالی ١٨٢١ زاینی دەسەلاتی وەرگرتوە لەو میرنشینە، ڕۆلێکی کاریگەری هەبووە لەبزوتنەوەی نەتەوایەتی رزگاری خوازی کوردا[٣].

---

١ – د. محەمەد سهێل تەققوش– مێژووی دەوڵەتی سەفەوی– وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە شاخەوان محەمەد – چاپخانەی رۆژهەلات – چ٢– هەولێر– ٢٠١٢– ل٤١–٨١–
(عوسمانیەکان بەرەگەز دەچنەوە سەر هۆزێکی تورک، کە لەناوەراستی ئاسیاوە لە ژێر فەرماندەیی میر (ئەرتوغرول) دا لەسەرەتاکانی سەدەی سیانزەم دا لەترسی ڕاوەدونانی (مەغۆل) ڕویان کردە باکوری رۆژئاوای (ئەنادۆل) تورکیای ئێستا، پاشان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە عوسمانیەکان توانیان میرنشینێک لەسالی ١٢٩٩ دا دروست بکەن، بەناوی (عوسمان کوڕی ئەرتوغول) ەوە ناوی (عوسمانی) بەسەردا بڕا.
ناوی دەولەتی سەفەوی یش دەگەڕێتەوە بۆ ناوی (شێخ صفی الدین) کە ساڵی کۆچکردنی ١٣٣٤ زاینی بووە، ئەو شێخە لە شاری (ئەردەبیل) ی ئێراندا ناوبانگی زۆری هەبووە و خاون تەریقەتی (سۆفی گەری) بووەو خەلکێکی زۆر لایەنگیریان کردوە لە (ئازربایجان) دا).

٢ – محمد أمین زکی– خلاصة تأریخ الکرد وکردستان– ترجمة محمد علی عونی– مصدر سبق ذکره – ص ٢٣٦ – ٢٣٩.

٣ – کریس کۆچێرا– کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا– وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف–

(سولتان مەحمودی دووەم) ی عوسمانی لە ئەستەمبۆل ویستویەتی مەرکەزیەتی دەولەتی عوسمانی بەهێزکاتەوە لەسەر حسابی لەناو بردنی میرنشینە کوردیەکان[1]، بۆیە هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر بووە لای میرانی کورد و پالەو رەنجدەرانی.

(بەدرخان پاشا) زوو هەستی بە رق وکینەی ئەو سولتانە کردوە، هەولی رێکخستنی ناو مالی کوردی داوە، میرو رێبەرانی کورد بەدەم بانگەوازەکەی هاتن لەوانەش (میرنشینی ئەردەلان) و خەلک و سەرۆک هۆزی ناوچەکانی (وان – هەکاری – موش – سەعرد – قارس – موصل)، بۆیە پەیمانیان بەست بۆ رزگاری کوردستان بەناوی (پەیمانی پیرۆز) [2].

هەرچەندە (ئینگلیز و فەرنسیەکان) پشتی دەولەتی عوسمانیان گرت بۆ دەست کەوتی ئابوری خۆیان.

دوای شەرێکی بەهێز عوسمانیەکان شکستیان خوارد، میری بۆتان سەربەخۆیی راگەیاند لەسالی ١٨٤٢ زاینی، ناوچەکانی (مەهاباد ورەواندوز و موصل و دیاربەکر و شەنگال و سیرت و سوێرەک وشنۆ و ئۆرمێ) لەژێر دەست بوو. بەهۆی خیانەتی ئامۆزاکەی (بەدرخان پاشا) کە ناوی (یەزدان شێر) [3]بووە، ئەو

چاپخانەی رۆژهەلات– هەولێر– چ٦–٢٠١١ – ل٢١.

١ – سورەیا بەدرخان– کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا – هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل٤٢ – ٤٣.

٢ – د. جەلیلی جەلیل– کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی– هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل٢١٤.

٣ – (یەزدان شێر) دوای گیرانی بەدرخان پاشا، تیدەگات کارێکی خراپی کردوە بەرامبەر بە نەتەوەکەی‌و عوسمانیەکانیش نیازیان باش نی یە لەگەلی، بۆیە لە

میرنشـینه شـپرزه بـووه دوای شـەرو کوشـتارێکی زۆر لەگـەل عوسـمانیەکان، (میـر بەدرخـان) و لەشـکرەکەی ٨ مانـگ بەرگریان کـردوە لەقـەلای (ئـارۆخ)، دواتر میـر بەدیل گیراوە بۆ ئەسـتەمبۆل بردراوە لەسالی ١٨٤٨زاینی.

نەوەکانـی (میـر بەدرخان بـەردەوام رۆلی بەرچاویـان هەبووە لەهەولـدان بـۆ بزاڤـی رزگاری خـوازی کـورد و رۆشـنبیری و سەرخۆبوون) [١].

لە دەسـکەوتەکانی ئەو میرنشینە بەستنی (پەیمانی پیرۆز) بووە کە میرو سـەرۆکەکانی کوردی لەمیرنشـینەکانی تر لەگەل بووە بۆ رزگار کردنی کوردستان،

لـە جزیـرە کارخانـەی چـەک و باروتـی دامەزرانـد، سـنوری میرنشینەکەی بەرفراون کردوە تا مەهاباد و شنۆ و ورمێ وشنگال و موصل و دیاربەکر چووە.

---

میرنشینەکەدا دەسەلات دەگرێتە دەست، دواتر عوسمانیەکان ئەویش لەناو دەبەن لەسالی ١٨٦٤.

١ – مالمیسانژ – بدرخانیو جزیرة بوتان– ترجمة شکور مصطفی– حکومة اقلیم کوردستان – وزراة الثقافة– ١٩٩٨– ص ٣ – ٧ – ٨١.

**میرنشینی بادینان (١٢٦٢ – ١٨٥٦ز) :**

لەلایەن (شێخ بەهادین شێخ شمس الدین) وە دامەزراوەلە (ئامێدی)، ناوی میرنشینەکە (بادینان) کورتکراوەی (بەهادین) ە، کە ئێستاش بەو دەڤەرە دەوترێ بادینان کە ناوچەی سەروی زێ ی گەورە دەگرێتەوە تاکو سنوری عێراق و تورکیا، لەناوچەی (شەمزینانەوە بۆ ئامێدی هاتون)، شاری زاخۆ ودهۆک یش سەر بەو میرنشینەبووە[1]. ئێزیدی و جولەکەو ئاشوری وئەرمەن لەو میرنشینە بەئاشتی ژیاون. لەسەردەمی میر (حسن سیف الدین زین الدین) لەشکری (ئاق قۆینلو) بەرابەری (سلیمان بەگ بیژەن ئوغلو) هێرشی کردۆتە سەر ئەو میرنشینە بەڵام شکاوە و کشاوەتەوە. میر (موراد خان) دواتر لەو میرنشینە حکومی کردوە و خێزانەکەی خوشکی میری (سۆران) بووە، بۆیە نێوانی (سۆران و بادینان) باش بووە لەو سەردەمەدا.

هەروەها ساڵی ١٧١٤ بارام پاشا دەسەلاتی وەرگرتوە لەو میرنشینە توانیویەتی ئەو میرنشینە بەهێز بکات هێمنی و ئاسایشی لە بادینان سەپاندوە بەڵام دوای مردنی ئاژاوە کەوتۆتە نێو ئەو میرنشینە و بێهێز بووە.

میرنشینی بادینان رۆلی هەبووە لەئاوەدان کردنەوەو دروستکردنی بینای گەورەو قوتابخانە، بۆ گەشەدان بە خوێندەواری، لەوانەش قوتابخانەی موراد خانە کە دەکەوێتە شاری ئامێدی، شوێنەواری دەکەوێتە نزیک دەرگای رۆژهەلاتی شار.

١ –د.جەلیلی جەلیل– کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی– هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا١٠٦.

**میرنشینی سۆران (١٥٠٠ – ١٨٤٧ز) :**

لەلایەن میر (عیسی کەلوس بەگ) دامەزراوە لەناوچەی (رواندوز) ی سەر بەشاری هەولێر، لەسەرەتای سەدەی پازدەی زاینی، لە میرە بەناو بانگەکانی (شاعەلی بەگ – میرعزالدین شێر – قولی بەگ – سلیمان شەکەلی بەگ – خانزاد شەکەلی بەگ – علی بەگ سلیمان بەگ (گەلی عەلی بەگی بەناو کراوە) – میر مستەفا بەگ[1]).

لەمیرە ناو دارەکانی (میر محمد مستەفا بەگ) ە، بەمیری (گەورەو پاشای گەورە) بەناوبانگە لەمێژودا، میری کۆریشی پێ دەوترێت، لەساڵی ١٨٢٦ بۆتە میری سۆران پایتەختەکەی رەواندوز بووە[2].

رۆلێکی کاریگەری هەبووە لە بزاڤی رزگاری خوازی کوردا، جاری سەربەخۆیی داوە بەجیا بوونەوەی لە دەولەتی عوسمانی، پەیوەندی لەگەڵ (ئیبراهیم محمد علی خدیوی) پاشای مصر هەبووە[3].

لەشکرێکی زۆری لە هۆزەکانی کورد دروست کردوە[4]، ناوچەیەکی زۆری خستۆتە سەر میرنشینەکەی لەوانەش (شیروان و برادۆست و سورچی و خۆشناوەتی وپردێ و رانیە وبادینان

١ – محمد أمین زکی– خلاصة تأریخ الکرد وکردستان– ترجمة محمد علی عونی– مصدر سبق ذکره – ص ٢٢٨.

٢ – حسین حزنی– مێژووی میرانی سۆران– چاپی چاپخانەی کوردستان– هەولێر – ١٩٦٢– لا٣٧.

٣ – د. سعد بشیر اسکندر– قیام النظام الاماراتی فی کردستان وسقوطه (مابین منتصف القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع عشر)– مطبعة دار الشؤون الثقافیة – الطبعة الاولی– بغداد – ٢٠٠٥– ص٢٦٠ – ٢٦٤.

٤ – ارشاک سافراستیان– الکرد وکردستان– مصدر سبق ذکره – ص٧٥.

وشـــەنگال و جزیـرەو دەوری موصـل). بەهێز بوونی ئەو میرە وای کردوە (رەشـید) پاشـای عوسـمانی هێرشـی بکاتە سـەر. لەلایەکی تریشــەوە دەولەتی ئێرانیش لەشکری کردۆتە سەر. بەهۆی کێشەی ناوخـۆی میرنشـینەکەو پاراسـتنی خوێنی موسـلمانان فەتوا دراوە لەلایەن زانایانی ئاینی ئیسـلام لەو میرنشـینەدا کە شەری لەشکری تـورک نەکرێـت. بۆیە دواجار (پاشـا محمد) خۆی بەدەسـتەوە داوە و براوەتـە (ئەسـتەمبۆل) لەسـالی ١٨٣٧زاینـی بە پیلانێـک لەرێگای گەرانەوەی لە شاری ترابزون ی تورکیا کوژراوە.

**رووخانی ئەو میرنشینەش ئەو هۆکارنەی خوارەوە بوونە:**

(ناتەبایـی ناوخـۆی بنەمالەکەی وناتەبایی میرنشـینەکان لەگەڵ یەک، زەبروزەنگی پاشـا لەناوچەکانی ئامێدی، قەتل وعامی یەزیدی یەکان لە شـنگال، هەژاری و بێکاری خەلکی میرنشـینەکە، نەبوونی هەستی سیاسی لەلایەن پاشاوە، چونکە لەیەک کات ئێران وتورکیا وئینگلیـزی کـردە دوژمنـی خـۆی بە پەیمان بەسـتان لەگەل (پاشـا محمد علی) لەمصر، روسـیاش دژی ئەو میرنشـینە بووە هاوکاری هەمولایەنەکانـی تـری کردووە بـۆ لەناوبردنی، لەسـالی١٨٤٧زاینی دوای ریکەوتننامــەی ئـەرزەرۆم[1]ی دووەم لـە نێوان (عوسـمانی و ئێران) کە عوسـمانیەکان هەولی بەمەرکـەزی کردنی دەولەتەکەیان دەدا[2]، بەیەکجـاری کۆتایـی بەدەسـەلاتی میرنشـینی سـۆران هات

١ – ئی– جی– ئار (Ely Banister soane) – العشائر الكردية– ترجمة فؤاد حمه خورشيد – مطبعة الحوادث بەغدا– بغداد– ١٩٧٩ – ص ٢٤.

٢ – پۆل دۆمۆن– سەردەمی تەنزیمات ١٨٣٩ – ١٨٧٨ – وەرگێرانی لە فەرنسی یەوە د. نەجاتی عەبدوللا – دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر– چ١– ٢٠٠٨

لەسەر دەستی دواین میریان بەناوی (رەسول پاشا) کە رەواندوزی بەجێهێشتوەو چۆتە شاری (شنۆ) [1]. لەکارەکانی ئەو میرنشینە، دامەزراندنی لێژنەی ئەنجومەنی سەروەری بۆ کاروباری کارگێری میرنشین، دامەزراندنی لێژنەی سەربازی، دامەزراندنی لێژنەی زانایان بۆ دانانی یاسای مەدەنی و ئاینی[2]، دامەزراندنی لێژنەی بنیات نان و ئاوەدان کردنەوە بۆ دروستکردنی قەڵاو شورەو پرد، دامەزراندنی لێژنەی بازرگانی بۆ سەرپەرشتی کاروباری بازار، سکەو پارەی تایبەت بەخۆی هەبووە، کارخانەی چەک وتۆپ و دەمانچە وتفەنگ و باروتی لەرەواندز دروست کردوە، سنوری بۆ دزی و جەردەیی و تالان داناوە، گرنگی بەبواری رۆشنبیری داوە کە لەو سەردەمەدا (محمدی کوری ئادەم)[3] دەرکەوتوەو بەناوبانگ بووە وەک زانایەکی ئایینی.

---

- لا ٥ - ١١.

١ - مەولود قادر بێخاڵی- هەولێرم وادیوەو بیستوە - بەرگی دووەم- هەولێر چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر - ١٩٩٧ - لا ١١٣ - ١١٥ - ١١٧.

٢- میر شەرەفخانی بدلیسی-شەرەفنامە- وەرگێڕانی مامۆستا هەژار- چ٦- سنە -٢٠١٣-لا٣٥١.

٣- زبیر بلال اسماعیل- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- بەرگی پێنجەم- ١٩٧٧- لا٤٥٠- ( مەلا محەمەد ئادەم عبدالله ناسراو بە ابن ادم بالەکی یا رۆستایی) لە سالی ١١٦٤ی هجری- ١٧٥٠ی زایینی لە دایک بووە، وە لەساڵی ١٢٦٠ی هجری- ١٨٤٤- زایینی وەفاتی کردووە، لە کەونە خانان و دێلێزیان نێژراوە، لەسەردەمی خۆیدا بە مەنزلەی فەخری رازی حساب کراوە، زیاتر لە ١٠٠ کتێب و دانەری هەبووە، لە بارەی زانستی عەقلی و فکری ، مامۆستای مەولانا خالیدو مەلای خەتێ و حاجی قادری کۆیی و مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە بووە لە دۆڵی رۆستێ و رواندز ژیاوە لە سەردەمی پاشای گەورە.

**میرنشینی هەکاری (١٦٠٠ – ١٨٤٩ز) :**

ئەو میرنشینە لەسەدەی ١٦ پەیدا بووە، لەباشوری دەریای وان، جۆلەمێرگ پایتەختی بووە، یەکیەتی عەشایری بووە نەتەوەکانی ئەرمەن وئاشور لەگەلیان ژیاون، میری ناوداریان (مستەفا پاشا) و (نورللا بەگ) بووە، بەپیر بانگەوازی میربەدرخانەوە چوە لە (پەیمانی پیرۆز) بەشدار بووە بۆ سەربەخۆیی کورد.

سوپای عوسمانی هێرشی کردۆتە سەرئەو میرنشینە لەساڵی ١٨٤٩ زاینی، نورللا بەگ چۆتە چیاو شەری پارتیزانی کردوە، تا چۆتە ئێران و میرنشینەکە روخاوە[1].

**میرنشینی بابان (١٦٥٠ – ١٨٥٠ز) :**

میر (ئەبدال بەگی کوری میر بۆداغ بەگی بەبە) ی موکریان بە دامەزرێنەر و باوکی ئەومیرنشینە دادەنرێت، ناوی (بابان) لەناوی بەبەوە هاتوە واتا (باوک).

ناوچەکانی (لاجان وسیوەیل و سەلۆز و کەرکوک) ی خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆی.

(فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە) [2]بە حوکمداری میرنشینی بابان دادەنرێت، یەکێک بووەلەسەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی (پشدەر و مەرگە). پایتەختی میرنشینەکە بە پێ ی بارو دۆخ گۆردراوە

---

١ – د. جەلیلی جەلیل- کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی- هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل١٢١.

٢ – محمد فیدا- فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە – ئامادەکردنی کاوە فیدا – ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان – چ ١ – ١٩٨٧ – ل٩٧.

وەک (دارەشـمانە - قـەلای بەکـراوا - قەلاچـۆلان - سـلێمانی) کەلەسـالی١٧٨٤زاینی لەلایـەن ئیبراهیـم پاشـای بابـان دروسـت کـراوە[١]، نـاوی سـلێمانی یا ناوی کورەکەیەتی یا نـاوی والی بەغدا بووە کەناوی (سـلێمان) بووە، بەپێ ی مێژوو و سەردەم میرەکانی بابـان ئـەو ناوچانەیـان خسـتۆتە ژێر دەسـەلاتی خۆیـان (کفری - سـەنگاو - شـوان - کەرکوک - روباری سیروان - بەدرەوجەسان - هەولێرو زێی بچوک).

لەمیـرە بەناوبانگەکانی تری ئەو میرنشـینە (عبدالرحمان پاشـا) و (سـلێمان پاشـا)، میر (ئەحمەد پاشـاش) دوا میری ئەو میرنشـینە بووە، مەمالیکەکانی ژێر دەستی دەولەتی عوسمانی و ئێران لەهەول و پـلان بوونـە دژی ئەومیـرە چونکـە هەولـی سـەربەخۆیی داوە، هـۆکاری روخانـی ئـەو میرنشـینەش بۆکێشـەی ناوخـۆ و ململانێ ی میرنشـینەکانی ئـەردەلان وسـۆران وبابان بـووە لەگەل یەکتردا، سیسـتمی حکومـداری میرنشـینەکان ئاغایەتـی و چینایەتـی بـووە وئـەوەش بێهێـزی کردون باری کۆمەلایەتی تێکداون و هاوسـەنگی حوکمیـان لەدەسـت داوە[٢]، هۆیەکـی تـری روخانی ئەو میرنشـینە ڕێکەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەمە کەلە سالْی١٨٤٧بەسترا لەنێوان

١ - ی- ئی- ڤاسیلیەڤا- کوردستانی خواروروی رۆژهەڵات (هەمان سەرچاوەی پێشوو) - لا٣٣ - ١٥٢.

٢ - صالح قفتان- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا٣٠٨- (پاش مردنی میرسلیمان، عەشیرەتی زەنگەنە جیابۆتەوە لە میرنشینی بابان و شاری کەرکوک یان خستۆتە ژێردەسەلاتی خۆیان)- لا ٣١٠- (سەلیم پاشای بابان لەگەل لەشکری والی بەغدا لە چیای حەمرین بەشەر هاتوە- - و شکاوە چۆتە ئێران لای شا کریم خانی زەند، کردویەتی یە حاکمی ئەردەلان).

سـولتان مەحمودی دووەمی عوسـمانی و شـای ئێران، کە دەولەتی عوسـمانی هەولـی بەمەرکەزی کردنـی دەسـەلاتی کارگێری داوەو ئەو میرنشـینە کوردیانەی کزو لاوازکـردوەو یاخود هەر لەرەگەوە هەلی تەکاندوون.

ئەو میرنشـینە لەسـەردەمی سـلیمان پاشـا ئەو دەسـکەوتانەی هەبووە:

باری ئابوری گەشـەی کردوە، خوێندن وفێرکردن لەحوجرەی مزگەوتەکانـدا گەشـەی کـردوە، هونـەری کوردی گەشـەی کردوە، سـەرهەلدانی ریبازی ئاینی نەقشەبەندی وقادری کەلەلایەن مەولانا خالـدی نەقشـبەندی و شـێخ مارفـی نۆدێی بەرێوەدەبـران، ئەوەش بیری جیاوازبووە لەوسـەردەمدا، ناچار مەولانا سەرهەلدەگرێت بۆ ولاتی شـام، رێبازی ئەدەبی کلاسیکی و ئەدەبی یەکگرتوی کوردی سـەری هەلداوە بەتایبەت لەلایەن شـاعیرانی وەک نالی و سـالم و کوردی.

**دەوڵەتی زەند (١٧٥٣ – ١٧٩٤ز) :**

ئـەم دەولەتـە لە ئێران دامەزراوە لەسـەر دەسـتی (کەریم خانی زەنـد) [١]، سـەرۆکی عەشـیرەتی زەنـد بووە لەباشـوری خۆرئاوای ئێران، شـاری (شـیراز) پایتەختی بووە، ئێران و شـاری (بەسرە) ی باشوری عێراقی لە ژێردەست بووە.

دەرئەنجامی دروست بوونی ئەو حکومەتە کوژرانی (نادر شای) ئەفشـاری ئێران بووە لەسـاڵی ١٧٤٧ دا، بارودۆخی ئێران تێکچووەو هـەر میـرو سـەرۆکێک هەولیـان داوە دەسـەلاتی سـەربەخۆیان هەبێت[٢].

هـەر بۆیەش هـاوکات دوای ئـەو رووداوە لەگـەڵ دامەزراندنی دەولەتی زەندا (ئەسـەد خانی ئەفغانـی) یش حکومەتی دامەزراندوە لـە ئازربایجان (تەورێزو ئەردەبیل)، (محمد حسـن خانی قاجاریش) حکومەتی دامەزراندبوو لە باکوری ئێران نزیک مازندەران.

(کریم خان) بەهاوکاری هەموو عەشیرەتە کوردەکانی دەروبەری شـیراز و کرماشـان[٣]، ئەو دوو حکومەتەی لەناو بردوە دەسـەلاتی بەسـەر هەمـو ئێـران دا گرتـوە، کوردسـتان ئارامی وسـەربەخۆی

١ – جان ر– پێری– وەرگێر: سەلاحەددین ئاشتی– کەریم خانی زەند (مێژووی ئێران لە نێوان (١٧٤٧ – ١٧٧٩)– چاپخانەی شڤان – سلیمانی. ٢٠٠٥– ل٣٨.

٢ – ارشاک سافراستیان– الکرد وکردستان– مصدر سبق ذکره – ص٦٣.

٣ – محمد علی سلطانی– ایلات وطوایف کرماشان – جغرافیای تاریخی وتاریخ مفصل کرماشان– بەرگی ٢ – ٣ – چاپی دووەم تهران– موسسه فرهنگی نشر سها – (طائفة نانکلی)– ص ٧٧٩ – (باسی سروشتی سیاسی و رابردووی عەشیرەتی نانەکەلی و زومرەی تیرە وەندیەکانی کردووە کە رۆڵیان لە دەوڵەتی زەند دا هەبووە)

تەواوی هەبووە لەو سەردەمەدا، رزگاری بووە لەشەری چەندین ساڵەی هەردوو سوپا و حوکمی (سەفەویەکانی عەجەمی شیعەو عوسمانیەکانی تورکی سونە).

دوای مردنی (کریم خان) لەساڵی ۱۷۷۹ دا، بەهۆی ئاژاوەی ناوخۆ و ناتەبایی کورەکانی لەگەل یەک، بنەماڵەی قاجاریەکان دەولەتی زەند یان لەناو بردوە لەساڵی ۱۷۹٤، کە دوا میری ئەم دەولەتە (لوتف عەلی) بووە، لەلایەن ئاغا (محمد حسن خانی قاجار) کوژراوە[1]. کە دیل بووە لای کەریم خان بەڵام دوای مردنی کەریم خان دەرفەت وەردەگرێت و دەگەرێتەوە سەر نەوەکانی و دەولەتی زەند دەروخێنێت.

جگە لەوەش زۆر درندانە لەگەڵ کوردا رەفتاری کردوە و زۆریانی لە مەلبەندەکانی خۆیان ڕاگواستۆتەوە، زۆریانی کوشتوەو بەزۆریش مەزهەبی شیعەی بەسەردا سەپاندون. دەستکەوتی دەولەتی زەند لەسەردەمی کەریم خاندا، ئێران ئاشتی و ئارامی بەخۆوە دیتوە و دادپەروەری بەر قەرار کردوە، هەروەها زانست و زانیاری گەشەی کردوە، بایەخی بە ئاوەدانی و بازرگانی و کشتوکاڵ داوە، شاری شیراز پەرەی سەندوەو ئاوەدان کراوەتەوە.

١ - وریا رەحمانی - کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ١٢٠- ١٢٣.
(لەسەرەتای سەدەی هەژدەم (لەک و زەند) کە بەشێک بوونە لە کورد بەرەسەن، خۆیان لەکورد دور خستۆتەوە، کۆچیان کردوە بۆناو لوڕەکانی دراوسێیان لەگەڵ ئەوان تواونەتەوە، لوڕەکانیش لەوسەردەمی ناسنامەی کوردی خۆیان لەدەست دابوو نەتەوە گۆریان کردبوو، لەبەر ئەم هۆکارەیە مێژونوسان توشی گرفت بوونە لە نەتەوە ناسی دەولەتی زەند).

**میرنشینی بەتلیس (١٨٠٠ – ١٨٤٩ز) :**

ئەو میرنشـینە لەباشـوری دەریای وان دامەزراوە لەسەدەی ١٩ دا، (شەریف بەگ) میری ئەو میرنشینە بووە وپەیوەندی باش بووە لەگـەڵ (بەدرخـان پاشـای) میری بۆتان، بەشـداربووە لـە (پەیمانی پیرۆز) لەسـاڵی ١٨٤٧ زاینی، دوای بەرهەلسـتیەکی زۆر میرنشینی بتلیس لەلایەن عوسـمانیەکان دەروخێت[١]، (شەریف بەگ) دەگیرێت و دیل دەکرێت لە (ئسـتانە) [٢]، فەرمانرەوایی میرنشـینەکە دەدرێتە تورکێک لەسالی ١٨٤٩ زاینی.

١ – د. سعد بشير اسكندر- قيام النظام الاماراتي في كردستان وسقوطه (مابين منتصف القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع عشر)- مطبعةدار الشؤون الثقافية – الطبعة الاولى- بغداد – ٢٠٠٥ – ص٣٩٠ – ٣٩١.

٢ – ئستانە بەمانای پایتەخت دێت، ئەو سەردەمە شاری ئەستەمبۆلی ئێستای تورکیا پایتەختی دەولەتی عوسمانیەکان بووە.

# ڕاپەڕین و
# شۆڕشەکانی کورد

## ڕاپەڕین وشۆڕشەکانی کورد:

### شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ۱۸۸۰ز:

ئەو شۆڕشــە لەلایەن (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری) هەڵگیرساوە، لە ناوچەی (شەمدینان) ی باکوری کوردستان لەسالی ۱۸۸۰ زاینی، دوای شەری (عوسمانی و روس).

شۆرشــەکە مۆرکێکی ئاینی مەزهەبی سـونی بووە، شــارەکانی (ورمیَ و مەهابادی) رزگارکردوە، موریدەکانی شێخ زۆریان بەشدار بوینە لەو ڕاپەرینە[1]، حکومەتی کاتی کوردستانی دامەزراندوە.

شەروکوشـتاری زۆر بـووە لەنێـوان سـونە و شـیعەدا ئەوەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ لادان و کزبوونی شۆرشەکە، روس و ئێران و عوسـمانی دژی بوونە، هێزی عەرەب و ئەرمەن هاوکاری شـێخ بوونە.کوردەکانـی مەزهــەب شـیعەی عەلـەوی لـە باکـوری کوردستان لەگەڵ ئەو شۆڕشە نەبوونە.

شای ئێران بەهاوکاری رووسیاو بەریتانیا زۆری لەتورکیا کرد تـا ئەو بزوتنەوەیـە لەناو بەرێت[2]، تورکیاش سـنوری لەو کوردانە گرت و سـوپای ئێرانیش بەبەشـداری ئەفســەری نەمساوی کەوتنە خۆ.

---

١ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عوني– مصدر سبق ذكره – ص ٢٤١.

٢ – د. جەلیلی جەلیل– ڕاپەرینی کوردەکان ساڵی ۱۸۸۰– هەمان سەرچاوەی پێشوو – ٧٧ – ٥٥ – ١١٧ – ١٢٦ – ١٤١.

لەلایەکی تر خۆفرۆشـی و خیانەتی سـەرۆکە کوردەکان لەگەڵ شێخ دا باری ڕاپەرینەکەی گۆری، لەگەڵ ئەوەش ئامانج و مەبەستی تایبەتـی چەنـد هێزێکی بەشـدار بووی ڕاپەرینەکە بـۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نموودی ئەو شۆرشەی نەهێشت خەلک بڕوای لاواز بوو بەسەرکردەکان.

لەسـاڵی ١٨٨٣ شۆرشـەکەیان لەناوبردوە و زیاتر لە دووسـەد گوند سـوتان و چەند هەزار کوردیش کوژران، شـێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزاغـای مەنگـور پەریونەتـەوە خاکی تورکیا، بەریتانیا و نەمسـا پشـتگیری داوای ئێرانیان کرد بە تسـلیم کردنەوەی شێخ، یا خۆیان سزای بدەن.

شـێخ هاتۆتـە ناوچەی هەکاری، دواتر دەسـت بەسـەر دەکرێ، شـێخیان بەدیل گرتوەو ڕەوانەی شانشینی سعودیە کراوە (حجاز)، لەشاری (تایف) کۆتاییان بەژیانی هێناوە.

**ڕاپەرینی شێخ عبدالسلامی بارزانی (١٩٠٧ – ١٩١٤) :**

(شێخ عبدالسلامی دووەم) هەولێکی زۆری داوە بۆ گەلی کورد لەسالانی ١٩٠٧-١٩٠٨ [١]، چەندین یادداشت دەداتە (بابی عالی) لە ئەستەمبول بە مەبەستی داخوازو مافی گەلەکەی، لەوانەش کردنەوەی بەڕێوەبردنی کوردی ومافی خوێندن بەزمانی دایک، دانانی دەستەی بەڕێوەبەرانی کورد لەناوچە کوردنشینەکاندا، خەرج کردنی باج لەخزمەتی قوتابخانەو پەروەردەو فێرکردن و بوژانەوەی ناوچەکاندا[٢]. لەئەنجامدا ئەو داوایانەی لەلایەن دەولەتی تورک نەک هەر قبول نەکراوە بەلکو بە لادەر و دژایەتی تورک لەقەلەم دراوە، ناچار توشی بەرهەلستی دەبێتەوە و ناوچەکە جێدەهێلێت و روو لە ناوچەی سەید تەهای شەمزینی دەکات، لەوێ بەدەستی خیانەت دەگیرێت و لەلایەن صۆفی عبدالله ناوێک، دەدرێتە دەست تورک و لە شاری موسل بەناهەق لە سێدارە دەدرێت لە ١٤ – ١٢ – ١٩١٤ دا[٣].

---

١ – ارشاک سافراستیان– الکرد وکردستان– مصدر سبق ذکره – ص٩٩.

٢ – د. عثمان علی – دراسات فی الحرکة الکردیة المعاصرة (١٨٣٣ – ١٩٤٦) – تقدیم د– محمد هماوندی– مطبعة الثقافة – مکتب التفسیر– اربیل – ٢٠٠٣– ص٢٣٥ – ٢٤٤.

٣ – د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – کوردستان لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا– چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد– بەغدا – ١٩٧٥– لا ٤٦ – ٤٧ – ٧٥.

**ڕاپەرینی ئیبراهیم خانی دەلۆ کفری (١٩٢٠) :**

ئیبراهیم خان کوڕی صالح خان کوڕی ئەمین کوڕی عبدالله یە، لەساڵی ١٨٧٤ لە ئاوایی (هەیەرەکەل) لەدایک بووە، پیاوێکی ئاینی ژیرو وریا بووە، براگەورەکەی بەناوی (کەمەرخان) بەدەستی عوسمانیەکان شەهید ببوو.

ئینگلیز دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم عێراقی داگیر کرد، ئیبراهیم خانی دەلۆ لە ساڵی ١٩٢٠ دا بەرەنگاری ئینگلیز بۆتەوە، دوای ئەوەی کە شێخ سەعیدی حەفید ی باوکی شێخ محمود لەشاری موصل شەهید دەکرێت[1]، شێخ محمود شۆرش بەرپادەکات لەسلێمانی ئەویش دەچێت پیرۆزبایی لێ دەکات، کە شۆرشی ١٩٢٠ لە شاری بەغداوە دەست پێدەکات لە ٣٠ – ٦ – ١٩٢٠ هۆزی (بنی جەحیم) رۆلی سەرەکیان هەبووە لەو شۆرشەدا، شۆرش دەگاتە شارۆچکەی خالص، جەماوەری کفری پێشوازی لەو شۆرشە دەکەن، لە ١٤ – ٨ – ١٩٢٠ دا شاری خانەقین رزگار دەکەن، لە ٢٠ – ٨ – ١٩٢٠ دا شاری دوزخورماتوو رزگار دەکەن، لە ٢٢ – ٨ – ١٩٢٠ دا شاری کفری رزگار دەکەن.

ئەو شۆرشە زیاتر مۆرکی عێراقی پێوە دیار بووە بە هۆی بەشداری کردنی نەتەوەی عەرەب لەگەڵ کوردا دژی جەورو ستەمی ئینگلیزەکان لەو سەردەمەدا[2].

١ – مستەفا نەریمان– شۆرشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠ – کۆماری عێراق – دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی– بەغدا – ١٩٨٥ – لا١٢٥.

٢– د. کمال مظهر احمد – دور الشعب الکوردی فی ثورة العشرین العراقیة– مطبعة الحوادث – بغداد – ١٩٧٨–ص ١٩.

برایـم خانـی دەلـۆ قارەمانانـە بەرهەلسـتی ئینگلیـزی کـردووە بەتایبـەت لە زنجیرە چیاکانـی حەمرین دا، زەرەرو زیانی زۆری بە دوژمـن گەیاندوە بەهاوکاری جەنـگاوەرە ئازاکانی لەوانەش (محمد علی بارام و بارام بەگ دەلۆیی و ئەحمەد ئەسعەد تەرخانی و سەید محمـدی چایەچی) ئەفسـەری پلـە بەرزی لە ئینگلیـز بەدیل گرتووە لەوانەش جێگری حاکمی سیاسی بەریتانی لەکفری بەناوی (سلمنت).

داواکاری و مافـی برایـم خـان بـۆ گەلەکەی بـووە، دواجار هەر بـە جەنـگاوەری دەمێنێتـەوە لـە چیاکانی کفری تا نەخۆشـی تەنگی پێهەلدەچنێ و لەسـەرەتای مانگی کانونی دووەمی سـاڵی ١٩٢١ دا دەچێتـە بـەر دلۆڤانی خوای گـەورە و شۆرشـەکەی کۆتایی پێدێت پاش ئەوەی دەستی خیانەتکاری دەگاتە هاوکاری لەشکری ئینگلیز.

**سمكۆی شكاك (١٩٢٠ – ١٩٣٠) :**

(اسماعیل محمد علی ئاغای شكاك) لەساڵی ١٨٧٥ لەدایک بووە، لەسـەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم، لەلایەن روسەكان گیراوە و بۆ (تفلیس) رەوانە كراوە، دواتر بەزۆر جێنشین كراوە بەدەستبەسەری لەشاری (خوی) ئێران[1]، لەسالی ١٩١٩ دەستی بە راپەرینەكەی كرد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی كورد، زۆر شوینی رزگار كرد بەپشتیوانی عەشـیرەتی شـكاك كەزۆربەیـان لەناوچـەی ورمـێ ی رۆژهەلاتی كوردسـتان (ئێـران) نیشـتەجێن، لەسـاڵی ١٩٢٠رۆژنامەیەكـی دەركـردوە بەنـاوی (رۆژی كـورد و شـەوی عەجـەم) دواتـر ناوی بۆتە كورد، پەیوەندی لەگەڵ روسەكان باش بووە[2]، لەسالی١٩٢٠دا كۆمارێكی سـەربەخۆی بەناوی (ئازادسـتان) دامەزراندوە كە چەند مانگێک بەردەوام بووە.

چۆتە توركیا و گەراوەتەوە ئێران شۆرشی كردۆتەوە، سەردانی باشـوری كوردسـتانی كردوە لە ٨ – ١ – ١٩٢٣ دا لەلایەن مەلیكی كوردسـتان (شـێخ مەحمـودی حەفیـد) و دارو دەسـتەی مەلەكی و هاولاتیانـەوە پێشـوازی كـراوەو حـەوت گوللەتۆپـی بـۆ پێشـوازی رەسـمی تەقێنراوە، ئەو رۆژە بووە بەپشـوی رەسـمی لەسـلێمانی، ئەوەش لەرۆژنامەی رۆژی كوردستانی ژمارە ٨ ئەو كاتە لە ١٠ – ١ – ١٩٢٣ باس كراوە.

١ – محمد أمین زكی– خلاصة تأریخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد علي عونی – مصدر سبق ذكره – ص ٢٦٥.

٢ – د. كمال مظهر احمد– كردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی– مصدر سبق ذكره– ص ٢١٢.

دواتـر گەراوەتـەوە بۆ تورکیـا لەوێ دەستبەسـەرکراوە، تا دوا جـار گەراوەتـەوە بۆ ئێـران دوای ئازاد کردنی لە تورکیا، لە سـالی ۱۹۳۰ بە پیلانی (رەزا شـای) ئێران بانگهێشـت دەکرێت بۆ گفتوگۆ و دانیشـتن لەشـاری شـنۆ ئەوەش پلان وچەواشـەکاری دەبێت بۆ سمکۆ و شەهید دەکرێت[۱].

١ – کریس کۆچێرا– کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا– هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٥٩.

**شێخ مەحمودی حەفید ١٩٢٠ – ١٩٣٠:**

شـێخ مەحمـودی حەفیـد یەکێـک بـووە لـە کەسـایەتیەکانی بزوتنـەوەی بزاڤـی رزگاری خوازی کورد، کوری شـێخ سـعیدە کە لەشاری موصل بەدەستی کاربەدەستانی تورک شەهیدکراوە لەگەل کورێکی بەناوی ئەحمەد و هەڤالەکانی لەساڵی ١٩٠٥ دا[1].

شـێخ مەحمـود هـەر لەبیری شـۆرش و تۆلەدا بووە لە سـالانی ١٩٢٠ تا سالانی ١٩٣٠، کە ئینگلیز هاتونە بۆ شاری سلێمانی لە (١٧ – ١٠ – ١٩١٨) شێخ مەحمود بۆتە حوکمداری کوردستان.

ناکـۆک بـووە لەگـەل ئینگلیـز لـە( ٢١ – ٤ – ١٩١٩ دا)دەسـتی بـە شــەر کردوە لەگـەل ئینگلیـز، تا لەشــەری دەربەنـدی بازیان لە ١٩١٩ دا،( شـێخ محمـود) بەدیـل دەگیرێـت بـە برینـداری، رەوانەی وڵاتی هیندسـتان دەکرێت بەدەست بەسەری لەوێ دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا سلێمانی لەژێر دەسەلاتی ئینگلیز بووە و خەلکی کوردستان نارەزا بووینە و زەختی هێرشی تورک لەسەر کوردستانیش بووە.

کاتێک حکومەتی عێراقی دادەمەزرێت لە( ٢٧ – ١٠ – ١٩٢٠) لەژێر چاودێـری نوێنـەری سـامی بەریتانی وە لەمادەی شەشـی لائحەی انتـداب ئامـاژە بەوەدەکات (لارییان نی یە لە دامەزراندنی حکومەتی سـەربەخۆی کارگێـری لـە ناوچـەی کوردسـتان)، لـە کۆبۆنـەوەی یەکەمـی ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێراقی لـە (١١ – ٧ – ١٩٢١) دا کە (عبدالرحمن نەقیب) سـەرۆک وەزیران بووە، (فیصل کوری حسین) کراوە بە مەلیکی عێراق، بە پێ ی پەیمانی سیڤەر رێگا بە سەربەستی کـورد دراوە بـۆ بەژدار بوون لـە عێراقی نوێ بەئارەزووی خۆیان،

١ – محمد أمين زكي- خلاصة تأريخ الكرد وكردستان- ترجمة محمد علي عوني- بغداد – مصدر سبق ذكره – ص٢٦٥.

بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە لەساڵی١٩٢٢[١]بەناچاری ئینگلیز شێخ محمود دێننەوە کوردستان.

لە (١٠ – ١٠ – ١٩٢٢) دا بەفەرمانی حکومداری کابینەی حکومەتی دووەم رادەگەینرێت و شێخ دەکرێتە مەلیکی کوردستان[٢] ئەو حکومەتەش سەنەدی یاسایی هەبووە لە لایەن ئینگلیز و عێراق، گشت دامو دەزگاکان بەکورد سپێردراو ئاڵای کوردستان هەلکرا.

شێخ هەردەم دژی ئینگلیز وەستاوە[٣]، زیاتر لە تورک نزیک بۆتەوە، بەو هۆیەش ئینگلیز هێرشیان کردۆتە سەر حکومەتەکەی لەشوباتی ١٩٢٢دا شاری سلێمانی بوردمان کراوە بە فرۆکە وخەلکێکی زۆرکوژراوە، دواجار بە رێکەوتن شێخ محمود لەگەل ئینگلیز لەسنوری ئێران- عێراق ماوەتەوە دەستی لەکارو باری سیاسی نەداوە.

تا لە ١٧ – ٩ – ١٩٣٠ بۆ سێ یەم جار شێخ دەست دەکاتەوە بە شۆرش و راپەرین دژی ئینگلیز، زۆربەی ئازادیخوازانی کوردی لەگەڵ دەبێت. تا دواجار ئینگلیز بەناچاری دەست بەسەری دەکەنەوە بە پیلان و هاوکاری نێوان عێراق و ئێران.

---

١ – د. کەمال مەزهەر ئحمەد – کوردستان لە سالەکانی شەری یەکەمی جیهاندا- هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٧٧.

٢ – د. عثمان علی – دراسات فی الحرکة الکردیة المعاصرة (١٨٣٣ – ١٩٤٦) – مصدر سبق ذکرە- ص ٣٧٥.

٣ – کریس کۆچێرا- کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٧٥.

**شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥:**

لەسـاڵی ١٩٢٥ دا ئەو راپەڕینە دەسـتی پێکردوە، لەلایەن (شـێخ سەعیدی پیرانەوە) کە گەورە پیاوێکی ئاینی بووە لە ناوچەی (گەنج) دا ژیاوەلە کوردسـتانی باکور (تورکیا)، لەگەڵ هاتنی (مستەفا کمال پاشـا) وەک سـەرۆکی تورکیـا و نەمانـی خەلافەتی ئیسـلام لە ژێر دەستی عوسمانیەکان[1].

ئەو شۆرشە بەمەبەستی بەرگری لە ئیسلام هاتۆتە کایەوە[2]، لەو سـەردەمەدا گەندەلـی وناریکی کاری حکومـەت بەرامبەر قوتابخانە ئاینیـەکان و پیـاوان و زانایانـی ئاینـی و بـێ حورمـەت کردنیـان هۆکاری ئەو راپەرینە بووە، بە پشـت بەسـتن بە راپۆرتی بەریتانی ئـەو سـەردەمە، هـەر لەسـالی ١٩٢٥ دا ئـەو راپەرینـە سـەرکوت کراوە لەلایەن هێزەکانی تورکیا، (شـێخ سەعیدی پیران) و هەڤالانی لەسـێدارە دراون بـە تاوانـی دامەزراندنـی حکومەتـی سـەربەخۆی کوردستان لە ٢٥ – ٥-١٩٢٥ [3].

---

١ – کریس کۆچێرا- کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا- هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ١٠٣.

٢ – وریا رەحمانی-کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا ١٩١.

٣ – سورەیا بەدرخان- کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا١٢ – ١٣.

**شۆرشی یەکەمی بارزان ١٩٣١ – ١٩٣٢:**

شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی دوای لەسـێدارەدانی براکـەی (شـێخ عبدالسـلامی بارزانـی) دووەم ئـەو شۆرشـەی هەلگیرسـاندوە، هاوکاری شۆرشـی شێخ محمودی کردوە لەسالی١٩١٩ هێزێکی بۆ ناردوە.

(کۆلۆنیل بیل) و (کابتن سکۆت) بەگەشتەکانیان بۆ دەڤەرەکانی بارزان و زێبار و سورچی، چاویان لە خەڵک سور کردۆتەوە، باسی سـزادانی شـێخ مەحمود و شـێخ عبدالسـلامی دووەمیـان کردووە. لەئەنجامـدا (کۆلۆنیـل بیل) و (کابتن سـکۆت) هەردوکیان کوژراون لەلایەن هاولاتیانی دەڤەرەکە.

دواتر حکومەتی عێراق و ئینگلیز چەندین هێرشیان کردۆتە سەر بـارزان، هەرلەشـەڕی (بەرقـی بەگـی) لـە٩ – ١٢ – ١٩٣١وە ڕۆلـی (مەلامسـتەفای بارزانی) یش دەرکەوتووە لەشـکاندنی هێرشـەکانی ئینگلیـز لـەو شـەڕانەدا، دواجـار (شـێخ ئەحمـەدی بارزانـی) پەنای بردۆتە بەر خاکی تورکیا.

لەسالی ١٩٣٣ تورکیا (شێخ ئەحمەدی بارزانی) و (مەلا مستەفای بارزانی) و هەڤالانی ڕادەستی عێراق کردۆتەوە، رەوانەی شارەکانی (موصـل وبەغـداو ناصریـە و حلە) کراون[1]، لەسـاڵی١٩٣٩براونەتە شـاری (سـلێمانی)، (مـەلا مسـتەفای بارزانی) پەیوەنـدی بە حیزبی (هیـوا) کـردوە، هـەر بەهـاوکاری ئەوان لەسـاڵی ١٩٤٣ لەسـلێمانی

---

١ – د. نەجاتی عەبدوللا- راپەرینەکانی بارزان- لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرەنساو بەریتانیا (١٩٣١ – ١٩٤٩) وەرگێرانی لە فەرەنسیەوە- بەرگی یەکەم – دەزگای ئاراس-٢٠١٠ – لا ١١ – ٤٦ – ٨٩ .

دەربازی بووە بۆ ناوچەی (بارزان) بە خاکی (ئێران)، دەستی بەشۆرش کردۆتەوە دژی حکومەتی عێراق و ئینگلیز.

**راپەرینی کوچگیری١٩٢٠:**

بەسەرپەرشتی کۆمەلەی تەعالی کوردستان بووە، کە (نوری دەرسیمی) رابەرایەتی ئەوراپەرینەی کردوە لە سالی١٩٢٠ لەناوچەی (دەرسیم) باکوریکوردستان، مەبەستیان کوردستانێکی سەربەخۆبووە، لەناوچەکانی (دیاربکر و ئەلعەزیز و وان و بتلیس) لە راپەرینی گروپی دەرچوە بۆتە پێکهاتەی کوردستانی لە (سونە – عەلەوی – کرمانج – زازا)، لەسالی١٩٢١هەرەسی هێناوە لەسەر دەستی دەولەتی (کمال ئەتاتۆرک) [1].

١ – وریا رەحمانی – کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە– هەمان سەرچاوەی پێشوو– لا ١٩٥.

**راپەرینی ئاگری داغی (کۆماری ئارارات) ١٩٢٧:**

ناوچەی (ئاگری داغ) دەکەوێتە چیای (ئارارات) نێوان کوردستانی باکور و رۆژهەلات و قەفقاسـی سـوڤیەت، عەشـیرەتی (جەلالی) لێ نیشـتەجێنە، ئەو کەسـانەی دوای شکستی شۆرشی (شێخ سەعیدی پیـران) خۆیـان نەدابووە دەسـت دەولەتـی تورک، لە چیـای ئاگری دەژیان.

رێکخـراوی (خۆیبـوون) [1]توانـی عەشـیرەتەکان بخاتـە ریـزی راپەرینەکـە، لەرێکەوتـی٢٨ تشـرینی دووەمی١٩٢٧بەسـەرۆکایەتی (ئیبراهیـم پاشـا حەسـکی) دامـو دەزگایەکـی ئیـداری دادەمەزرێت و (جەنـرال ئیحسـان نـوری پاشـا) دەکرێتـە سـەرکردەی سـوپا، ناوچەیەکی سەربەخۆ دامەزرا و سەربەخۆیی کوردستان راگەیەنرا و ئالای کوردستان هەلکراوە، کۆماری ئارارات دادەمەزرێت، تورکیا هێرشی کردە سەر ئەو راپەرینە.

رێکخـراوی (خۆیبـوون) بەیاننامەیەکـی دەرکـرد بـۆ هاوکاری کردنـی ئـەو راپەرینـە لە هـەر چوار پارچەی کوردسـتان[2]، (شـێخ ئەحمەدی بارزان) بە پیر ئەو بانگەوازەوە چوە وهاوکاری کردوون لەگـەڵ سـەدان جەنـگاوەر، دواتر هێرش بەردەوام بووە تا لەسـاڵی ١٩٣٠ راپەرینەکـە کپکـراوە بەیارمەتـی (ئێـران)، (جەنرال ئیحسـان

---

١ - کریس کۆچێرا- کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ١٢٣ - ١٢٩.

٢ - عبدالستار طاهر شریف- تاریخ الحزب الثوری الکردستانی - من منشورات شورشگێر (الثوری) - ط٢ - ١٩٧٩- ص١١ - ١٤- (خویبوون- ئەو بزوتنەوەیە دوای شکستی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران دامەزرا، لەدیار بەکر لەساڵی ١٩٢٧ لەلایەن کۆمەلێک رۆشنبیری کورد یەکەم کۆنگرەیان بەست).

نوری پاشـا) [1]روی کردۆتە ئێران تا کۆتایی ژیانی لە سـالی ١٩٧٦ کۆچی دوای کردووە لەتاران[2].

١ – محسن دزەیی – احداث عاصرتها. الجزء الثالث والاخير. كوردستان. مطبعة حاجی هاشم. ٢٠١٣ – ص٣٣. (لەکۆتایی سیەکاندا جەنرال ئیحسان نوری پاشا سەرکردەی شۆرشی دەرسیم لەکوردستانی باکوور، لە زیندانەکانی ئێراندا ژیان بەسەر دەبات چەند ساڵێک، رۆژێک رەزا بەهلوی شاهەنشای ئێران سەردانی ئەو زیندانە دەکات، زیندانیەکان هەموویان بەرەو رووی شاهەنشاه دەچن و دەستی ماچ دەکەن و داوای عەفوی لێ دەکەن، شاهەنشاه سەرنج دەدات تەنها زیندانیەک لەشوێنی خۆی هەلنەستاوەتەوەو بەکرِی دانیشتوە، پرسیاری کرد ئەو زیندانیە کێیە، وتیان ئەوە جنرال ئیحسان نوری پاشایە خەلکی کوردستانی تورکیایە، ئینجا شاهەنشاه بۆی چوە پێش و جەنرال لەبەری هەلساوەو دەستی درێژکردو تەوقەی لەگەڵ کرد و چەند قسەیەکیان لەگەڵ یەکتر کرد، شاهەنشاه زیندانی جێهێشت دوایی چەند رۆژێک جنرال ئیحسان نوری پاشا لەزیندان ئازادکرا و مافی پەنابەریەتی رامیاری پێدرا و لەو کاتەوە لە تاران دەژیا، دوایی نسکۆی شۆرشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٥، دەسەلاتدارانی ئێران بەمەبەستی سیاسی دیدارێکیان رێکخست کە بارزانی چاوی بە جەنرال احسان بکەوێت، کە پێشتر بارزانی زۆر هەولی بۆ دەدا نەیان دەکرد؟مەبەستی ئێرانیش لەو کاتەدا کۆکردنەوەی دوو سەرکردەی دوو شۆرشی کوردی شکست خواردوو بووە پێکەوە بە دیدی خۆیان؟کەبارزانی خۆی ووتویەتی دەیانەوێت تام و چێژ لەو دیدارە ببینن، ئەو دیدارەش رووی داوە لە نێوان (مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەی شۆرشی ئەیلول و جنرال احسان نوری پاشای سەرکردەی شۆرشی دەرسیم)، بە ئامادەبوونی (جمشید امانی) نوێنەری شای ئێران و محسن دزەیی و مام هەژاری شاعیر، لەمالی جەنرال لە تاران دوای ١٠ رۆژ لەشکستی شۆرشی ئەیلول. هەر لەتاران ئەو جنرالە مەزنە کۆتایی بەژیانی دێت بە ماتۆرێک لێ دراو شەهید کرا کە تەمەنی هەشتا ساڵ دەبوو).

٢ – وریا رەحمانی – کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە– هەمان سەرچاوەی پێشوو– لا ١٩٦.

**راپەرینی سەید رەزای دەرسیمی ١٩٣٧:**

ئەو راپەرینە لەناوچەی دەرسیم ی کوردە زازاکانی کوردستانی باکور بووە[1]، بەسەرپەرشتی (سەیدرەزای دەرسیمی) سەرۆک عەشیرەتی (عەباسوساغی) لەسالی ١٩٣٧، لەدانوستانی نێوان تورکیاو نوێنەری سید رەزا کە کورەکەی بووە بەناوی ابراهیم دەکوژرێت، بەمەش راپەرین دەست پێدەکات، دەولەتی تورکیا بەهێزی ئاسمانی و زەمینی زۆرەوە هێرشی کردۆتەسەر ناوچەی (دەرسیم) ودەستی بە جینۆسایدکردنی کورد کردوە، بەروخان و تێکدانی گوند و کوژرانی چەندین هەزار کەس لەماوەی چەند رۆژێکدا بەڵام سەرکەوتوو نابێت.

سەرۆک عەشیرەتەکان نامەیەکیان بۆ کۆمەلەی گەلان(عصبة الامم) نوسیبوو، داوای هاوکاریان لێ کردبوون لە جەورو ستەمی تورک بەرامبەر بە مندال و ژن و لاوی کورد.

بەڵام ئەو نامەیە وەلامی نەبووە؟

بەمەبەستی دانوستان سەید رەزاو ٧٢ کەس لەهەڤالانی دەچنە شاری ئەرزنجان، لەرێگا بەدیلیان دەگرن دەست بەسەریان دەکەن،

---

١ - ارشاک سافراستیان. الکرد وکردستان. مصدر سبق ذکره - ص١١٩. (لە کێشەی مێژوویی نێوان عوسمانی و سەفەویدا، ناونیشانی قزل باشیان بەسەر مەزهەبی عەلوی یدا بریوە، جاچ کورد بوبن یا تورک، قزل باش بەمانای ئەو کەسانەی سەریان سورە، واتا ئەو کەسانەی مەندیل و کڵاوی سۆریان لەسەر دەنا، قزل باشە کوردەکانیش کوردی رەسەنن لە عەشیرەتی دونبلی ین وبە زازاش ناو دەبردرێن، لەگەل بابک خورمی شۆرشیان کردوە دژی دەولەتی عەباسی (٨١٦-٨٣٧) زاینیدا، کاتێک شۆرشەکەیان سەرنەکەوتووە و سەرۆکەکەیان کوژراوە، دور کەوتینەوە لەسنوری دەولەتی عەباسی و نزیک بەدەولەتی بێزەنتی ژیاون).

بەرپرسێکی سەربازی بۆ دڵنیا بوون لە کەسایەتی سەید رەزا لێ ی دەپرسێت تۆ سەید رەزای؟ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت کام سەید رەزا؟

لەسەر ترۆپکی هەر دوندێک و بەردێکی دەرسیم سەید رەزایەک هەیە؟

دواتر لەسێدارە دەدرێت لەگەڵ کورەکەی و هەڤاڵانی لە ١١ - ١١ - ١٩٣٧ دا [١] ناوی دەرسیمیش دەگۆرن بۆ تونجەلی.

---

١ - وریا رەحمانی - کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە. هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا ١٩٩.

**شۆڕشی دووەمی بارزان١٩٤٣ – ١٩٤٥:**

پاش ئـەوەی مسـتەفا بارزانـی و دوو هەڤالی تـری بەیارمەتی حزبی هیوا و شێخ لەتیف ی کوری شێخ محمود، لە شاری سلێمانی بەرێگـەی ئێـران دەگەنـەوە ناوچەی بارزان لەسـالی ١٩٤٣، خەلکی دەڤەرەکـە پەیوەنـدی بە بارزانی مسـتەفا دەکـەن وناوچەی بارزان ئازاد دەکەن[١]. حکومەتی عێراق (نوری سعید) کەوتە گفتوگۆ لەگەل بارزانـی، بارزانیـش قبولـی ئەو رێککەوتنەی کـرد بەچەند مەرجێک لەوانە[٢]:

(چاکسـازی لەفەرمانبەرانـی میـری بەرتیل وەرگـر، دامەزرانی ولایەتـی کوردسـتان، خوێنـدن بەزمانـی کـوردی، دامەزرانـی وەزیـرو وەکیـل وەزیـری کـورد لـە حکومـەت، قەرەبووکردنەوەی خەلکـی زەرەرمەنـد، ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان بـە قوتابخانەو نەخۆشخانەو رێگا و بانی شیاو).

لەئەنجامـی گۆرانـکاری و لابردنـی (نـوری سـعید) ولادرانی لە سەرۆکایەتی، کە پیلانی ئینگلیز بوو بووە هۆی جێبەجێنەکردنی ئەو رێککەوتنامەو هەلگیرسانەوەی شەر لە سالی ١٩٤٥دا. لەو شۆرشـەدا ژمارەیەکـی زۆر لەرۆشـنبیرو ئەفسـەرانی کـورد هـاوکار بوون و لێژنەی ئازادی پێکهێنرا بەمەبەستی داوای مافی کورد. شەر دەستی

١ – د. نەجاتی عەبدوللا– راپەرینەکانی بارزان– هەمان سەرچاوەی پێشوو– لا١٢ – ٨٧ – ١٤٨.

٢ – صديق عثمان محو – العامل الخارجي ودوره في اخماد الانتفاضات الكوردية دور بريطانيا في اخماد انتفاضتي بارزان الاولى والثانية ١٩٣١ – ١٩٤٥ نموذجا – رسالة ماجستير – لندن– ٢٠٠٧ – ص١٤٥ – ١٤٦.

پێکردەوە و ئەوجارەش ناوچەکە کەوتە بەر بۆردومانی فرۆکەکانی بەریتانی، دوای چەندین شەری قارەمانانە و جوامێرانە، کەبەرامبەر لەشکرێکی بەهێزی وەک ئینگلیز کران، لەئەنجامدا بریاردرا لەناوچەکەدا بکشێنەوە و مەلا مستەفای بارزانی و هەڤالانی روویان لە ئێران کرد کە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو.

**کۆماری کوردستان**

**(٢٢ – ١ – ١٩٤٦ تا – ١٧ – ١٢ – ١٩٤٦) :**

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم و پاش وەستانی جەنگ [١]، کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا (قازی محمد) دامەزراوە، لەشاری (مهاباد) لەرۆژهەلاتی کوردستان لەسالی١٩٤٦.

قازی محمد کەسایەتییەکی ئاینی و پێگەیەکی بەهێزی بنەمالەیی هەبووە، پلەو پایەی شێخایەتی و قازی یان بووە لەو دەڤەرەدا، بەتایبەتی (قازی علی) باوکی قازی محمد زانایەکی بەناوبانگ و نەتەوە پەروەر بووە[٢].

هاتنی ئەمریکا وئینگلیز وسۆڤیەت لە سالی١٩٤١بۆ ئێران دەرفەتێکی مێژوویی بووە بۆ دروست بوونی بیرۆکەی ئەو کۆمارە. ئینگلیز بە شارەزایی خۆیان لەگەڵ نەتەوەی کورد حەزیان بە هاوکاری کورد نەدەکرد، بەڵام رووسەکان پێچەوانەی ئەوان لەو سەردەمەدا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، کە سنوور پاراستن بوو زیاتر حەزیان بە هاوکاری کورد دەکرد. بۆیە قازی محمد بەلای سۆڤیەتەوە کەوت کە بێئومێد بوو لە بەلێنی ئینگلیز.

ناوچەی مهاباد دوور بوو لە حکومرانی ئێران و ئینگلیز و سۆڤیەت، ئەوەش بووە هۆی رەخساندنی بارێکی گونجاو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو کاتەدا، لە ١٦ – ٨ – ١٩٤٥ دا ناوی

١ – ویلیام ایگلتون جونیر- کۆماری کورد لەساڵی ١٩٤٦ – وەرگێر سید محمد صمدی- چاپەمەنیەکانی کتیبخانەی سیدیان لە مهاباد- ١٩٦٣- لا٣٨.

٢- خەلیلی فەتاحی قازی- کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ولایەتی موکری – دەزگای ئاراس- چ١-هەولێر-٢٠٠٩-لا ١٤-١٣٦.

کۆمەڵـەی (ژ – ک) ژیانـەوەی کورد دەگۆڕن بـۆ حزبی دیموکراتی کوردسـتان، گۆڕانـکاری خێـرا لەناوچەکـە روودەدات، لە ٢٠ – ١١ – ١٩٤٥ ئۆتۆنۆمـی ئازەربایجـان رادەگەینرێت لـە باکوری ئێران[1]، ئینگلیز ساردی دەنوێنن بەرامبەر هاریکاری کورد، ئینجا بەپشت و پەنای سـۆڤیەت ئوتۆنۆمی کۆماری کوردسـتان رادەگەینرێت لە ٢٢ – ١ – ١٩٤٦ لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، مەلا مستەفای بارزانی بە خۆی و نزیکەی ١٣٠٠ جەنگاوەر بەشدار بووە و یەکێک بووە لە پێشمەرگەوجەنەرالی پارێزەری ئەو کۆمارە.

تەمەنـی ئـەو کۆمـارە تەنها ١١ مانگ بووە، لە ١٧ – ١٢ – ١٩٤٦ ئەو کۆمارە رووخا و قازی محمد و هەڤالانی درانە دادگای ئێران و لـە ٣١ – ٣ – ١٩٤٧ لـە سـێدارەدران لە مەیدانی چوار چرا لەهەمان ئەو شوێنەی کەکۆماری لێ راگەیاندرابوو[2].

چارەنوسـی مسـتەفا بارزانـی و هەڤالانـی، ڕێپێوانـە مەزنەکەی بەرەو سـۆڤیەت بـووە لـە بارودۆخێکی دژواردا، هەروەها شـەری سەختی سێ وڵاتی نەیار و پەرینەوەی لە رووباری ئاراس.

١ – د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – کوردستان لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا – ١٩٧٥- لا ٦٣ – ٢٠٣.

٢ – وریا رەحمانی – کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا٢١٠.

**شۆرشی ئەیلول ١٩٦١ – ١٩٧٥:**

بەرپابوونـی شۆرشـی ١٤ تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨ لـە عێـراق، بەسـەرکردایەتی عبدالکریـم قاسـم، سـەرەتا ئاسـۆیەکی روونی بۆ سـەرجەم نەتەوەکانی هاوبەش هێنا کایەوە بەدامەزراندنی کۆماری عێـراق، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان عێـراق کـە لەسـاڵی ١٩٤٦ دامەزرابوو، پشـتگیری لەشۆرشـی١٤ی تەموزکـرد لەیەکەم رۆژی راگەیاندنـی شۆرشـدا بەبروسـکە[١]، هەروەها حـزب بەیاننامەیەکی دەرکـرد لـە ١٦ – ٧ – ١٩٥٨، وە لـە ٢٧ – ٧ – ١٩٥٨ دا مامۆسـتا (ابراهیم احمد) بەسـەرۆکایەتی وەفدی کوردسـتان وەک سکرتێری پارتـی لەوەزارەتـی بەرگری عێراق وتاری خۆی پێشـکەش کرد بۆ پشـتگیری کردنی ئەو شۆرشـە[٢]، ئەو شۆرشـە سـەربازی بوو کە کرایە سـەر سیسـتەمی پاشایەتی پشتاو پشـت، کە لەساڵی١٩٢١وە بەدەسـتی ئینگلیز دەسـەلاتیان وەرگرتبوو لە عێـراق، کەلە بنەڕەتدا ئینگلیـز پیاوێکـی لـەدەرەوەی عێـراق هێنـا بەناوی (فیصل حسـین) کردیانە پاشای عێراق، کە ئەمەش جێگای گومان و پرسیارە[٣]؟

بەو شۆرشـە نوێ یە عێراق بەرەوەو سـوڤیەت و سـەربازگەی ئیشـتراکی نزیـک بـۆوەو دور کەوتـەوە لەحلـف و هاوپەیمانیەتـی

١ – مسعود بارزانی – بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد- بەرگی دووەم – ١٩٥٨ – ١٩٦١ – هەولیر – ٢٠١٢ – ل٣٨.

٢ – جەلال تاڵەبانی- کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد- وەرگێرانی لە عەرەبیەوە ح – ١- چاپی یەکەم – بەیروت – ١٩٧٠- ل ٢٦٨.

٣- د.مظفر عبدالله امین-حضارة العراق- الجزء الثاني العشر-دار الحرية للطباعة- بغداد- ١٩٨٥-ص٩.

بەغدا[1]، کە ئەمەریکا سەرپەرشتی دەکرد وئێران و تورکیا و ولاتانی کەنداو هاوپەیمانی بوون[2]، هەر سیستمی حوکمێک بابەتی باشی و خراپی خۆی هەیە. بۆیە ئەو شۆرشە سەرەتا ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی بارزانی مستەفا لە هەندەران لەوڵاتی رووسیا بگەرێتەوە بۆ عێراق، پاش چەندین ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەری بە خۆی و ٥٠٠ لەجەنگاوەرانی کە لەساڵی ١٩٤٧ دا رووی لەوێ کردبوو، ئاشتی و ئاسایش سەرتاپای عێراقی گرتەوە، لەمادەی ٣ ی دەستوری کاتیدا داننرا بە مافی نەتەوەیاتی کورد. دەرئەنجام سەرکرادیەتی شۆرشی ١٤ ی تەموز لەناوخۆدا بەیەکتر خەریک بوون و دوور کەوتنەوە لە جێبەجێ کردنی هیواکانی گەل، وردە وردە هەمان رێچکەی گرتە بەر بەرامبەر کێشەی کورد کە پێشتر حوکمی پاشایەتی ومەلیکی دەیان گرتە بەر، وەک دەسەلاتی دا بە پارێزگای هەولێری ئەوکات: (بدرالدين على) وبەڕێوەبەری پۆلیسی موصل (اسماعيل عەباوی)، بەناوی دابینکردنی هێمنی لەناوچەکەدا ئەو دووکەسە نەیارو دوژمنی کورد بوون ئەوەش مەبەستی تایبەتی هەبوو بە چەکدارکرنی هەندێک لە هۆزەکان دژی بارزانییەکان [3]، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی ترسناکی

---

١-- د. محمد حسين الزبيدى - ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ فى العراق - اسبابها ومقدمتها ومسيرتها وتنظيمات الضباط الاحرار - دار الحرية للطباعة- بغداد - ١٩٨٣ - ص ٥٠٨.

٢ - د. محمد الهماوندى- فكرة الحكم الذاتى والاقليات العرقية - رسالة دكتوراه - جامعة القاهرة- ١٩٨٥ - ص ١٧٥.

٣- د.کەمال مەزهەر- کوردو کوردستان لە بەڵگەنامەنهێنییەکانی حوکمەتی بەریتانیادا- بەرگی یەکەم-چاپی دووەم- چاپخانە-گرین گلۆری- لوبنان-٢٠٠٩-لا ٣٧٠.

ڕەوشــەکەو بارەکە یادداشتنامەیەکی دایە سەرۆک عبدالکریم قاسم لــە ٢٠ – ٧ – ١٩٦١دا. کـە ئامـاژەی بەچەند خالێکـی گرنگ کردبوو و چارەســەری کێشــەکانی کردبوو و ڕاستگۆیانە عبدالکریم قاسمی لێ وشـیار کردبۆوە. بەڵام عبدالکریم قاسـم پەنای بردە بەر هێزی چەکـداری و گـوێی نەدا بەو هەموو خاڵە چارەســەریانەی کە پارتی ئاماژەی پێکردبوو.

ســەرەتا هەلســا بە دور خســتنەوەی پلەداری ســەربازی کورد لــە ســوپا و دورخســتنەوەی پلــەداری فەرمانبــەری بــەرز لــە دامو دەزگاکانی میری. ئەمە سەرتایەک بوو بۆ بار گرژی نێوان حکومەتی مەرکەزی و کورد، بێگومان پلان و دەستی نەیارانیشی تێدا بووە.

ئــەو بــار گرژیــە بۆتە هۆی ئەوەی بارزانی لە ســەرەتای ســاڵی ١٩٦١ شاری بەغدا بە جێبێلێ بەرەو کوردستان بگەڕێتەوە[1].

دواتــر عبدالکریــم بریــاری داخســتنی ڕۆژنامــەی خەبــات و بارەگاکانــی پارتــی دا، هەروەها هانی نەیارانی کوردی دا بەچەک و پارە دژی کورد و بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد بووەستن.

لەئەنجامــدا لــەڕۆژی ١١ ی ئەیلول ١٩٦١ لــە هەموو ناوچەکانی کوردســتان بوو بە شــەڕ. هێزی پێشــمەرگە ســەنگەری قایم کرد[2]، هێـزی حکومەتیـش پەلاماری ســەنگەرەکانی دا، لــە دەربەندیخان و دەربەنـدی بازیـان و هەولێـر و بـارزان. بەتۆپ و تەیـارەو تانک و چەندین هێزی ســوپا. پارتی ناچار بوو شـێوازی خەباتی چەکداری

1 - Colliers Encyclopedia With Bibliography And Index. Volume - 14 - London - 1995 - P198. -

2 - The New Encyclopeia Britannica - Volume - 7 - London - 1982 - P948

بگرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی مافی نەتەوەی کورد دروشمی (حوکمی زاتی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق) ی هەلبژارد، شۆرشی ئەیلول هەلگیرسا. لەماوەی هەلگیرسانی شۆرشدا لە ١٩٦١ وە حوکمی عێراق زۆر گۆرانکاری بەسەر هات، هەر بە کوژرانی عبدالکریم قاسم لە ٩ – ٢ – ١٩٦٣و هاتنە سەر حوکمی عبدالسلام عارف دەرچونی بەیانی١٠ شوباتی١٩٦٤ [1]ی لەگەل سەرکردایەتی کورد و کوژرانی ئەویش بەتێکشکانی کۆپتەرەکەی لە ١٣ – ٤ – ١٩٦٦، وهاتنە سەر حوکمی عبدالرحمن عارف و دەرچونی بەیانی٢٩ – حزیرانی ١٩٦٦ [2]و دور خستنەوەی ئەویش لە حوکم و ڕەوانە کردنی بۆ تورکیا لە ١٧ – ٧ – ١٩٦٨.

حوکمی عێراق کەوتە دەستی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی کە ئەحمەد حەسەن بەکر و صدام حسین سەرکردایەتیان دەکرد، وەک سەرۆک و جێگر لەسەر هەمان کار بەردەوام بوون بەرامبەر بە کێشەی کورد و توانیان لادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بخەنە شەرگەی خۆیان، بەلام ناچار بوون لە ١١ – ٣ – ١٩٧٠دان بەمافی رەوای گەلی کورد بنێن بە ئۆتونۆمی بۆ کوردستان لەبەیاننامەی ئاداردا، کە ئەوەش یەکەم دانپێنان بووە لە مێژووی عێراقدا بەبزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد، وەک بزوتنەوەیەکی شەرعی و دیموکراسی مامەلە لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی کورد

١ – عبدالستار طاهر شريف– تاريخ الحزب الثورى الكردستانى – من منشورات شورشگێر (الثورى) – ط٢ – ١٩٧٩ – ص ١٥٤.

٢ – د. محمد الهماوندى– فكرة الحكم الذاتى والاقليات العرقية – مصدر سبق ذكره – ص ٢٠٣.

کراوه. ئەوەش تارادەیەک بار گرژی و شەرو شۆری دورخستەوە لەناوچەکـە، بـەڵام رژێمی بەعس پـلان و ئامانجی خۆی هەبوو لەو دانپێنانەدا، ئەوە بوو لە سـاڵی ١٩٧٤ دووبارە شـەر هەلگیرسـایەوە و تـا نسـکۆی سـالی ١٩٧٥ لێکەوتـەوە، ئـەو شۆرشـەش بەدەردی شۆرشـەکانی تـری کـورد چـوو، بەدەسـتی ولاتـە زلهێـزەکان کـە دەرئەنجـام ڕێککەوتنی جەزائیری لێ کەوتەوە لەنێوان شـای ئێران و صدام حسـین دا. بەرژەوەندی تایبەتی وڵاتانی زلهێز و ناوچەکە کەوتـە سـەرمێز و دیسـان کـورد کەوتـە قۆناغێکی تری ترسـناکی مێژوویی.

# ئەو پەیمان وڕێککەوتننامانەی لەدژی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بەستراون

**ئەو پەیمان و ڕێککەوتننامانەی لەدژی بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بەستراون:**

هەر وڵاتێکی زلهێزی گەورە لەهەر سـەردەمێکدا بووبێت ئەگەر دەستی هەبووبێت لەپلان و دابەشکردنی هەر جوگرافیایەک لە هەر سـنورێکدا، ئەوا مەبەسـتی تایبەتی خۆی هەبـووە ئینجا چ ئامانجی مەعنـەوی یـا ماددی بووبێت [1]، ئەگەر داگیـر کەر دلی بەوە خۆش بووبێـت کـە سـنووری جوگرافـی زیادی کـردوەو فـراوان بووە بە پشـتگیری ئـەو وڵاتـە زلهێزانـە، ئـەوا مەبەسـتی شـاراوەش لەهەر بەشـێکی ئـەو وڵاتـە تـازە دامەزراوەنـدا، هەلکردنی کێشــەو گرفتی ناوخۆیی بووە لە نێوان ئەو وڵاتەو ئەو نەتەوەو ئاینە جیاوازانەدا کە هەردەم بە کەم تەماشـاکراون و زولم و غەدریان لێکراوە، بەمەش وڵاتـی نـوێ هــەردەم مەجبـووری زلهێـزەکان بـووە لە پشـتگیری کردنیان دژی ئەو کەمەنەتەواتیە جیاوازانەدا[2]، ئەگەر چارەسـەری کێشــەی مافـی ئازادی خوازی و ئاینی ئـەو نەتەوانە نەکرابێت، ئەوا نەتەوە جیاکانیش دەستەوەسـتان نەوەستان و بەرگریان لە ماف و ئازادی خۆیان کردووە، بەمەش وڵاتانی زلهێز بەرگری لە داگیرکەر کـردووە و ڕێنمایـی یاسـایی کـردوون بـە مۆرکردنـی پەیماننامەو سەرکوتکردنی بزاڤی رزگاری خوازی ئەو نەتەوەو ئاینە جیاوازانە.

دەبینین هاوکێشەکان هەردەم بەسوود و قازانجی وڵاتانی زلهێز

---

١ - د. كمال مظهر احمد- كردستان فی سنوات الحرب العالمية الاولی- مصدر سبق ذكره - ص١٤٢.

٢ - د. حيدر ابراهيم علی- د.ميلاد حنا- ازمة الاقليات فی الوطن العربی- دار الفكر- دمشق- سوريا- ط١ - ٢٠٠٢ - ص ٩٧ - ١٠٦.

دا گەراوەتـەوە، چونکـە ئەوان توانیوانە بـۆ ماوەیەکی دوورو درێژ سـوود لەبەرژەوەندی خۆیان ببینن، بە چوونە ناو سیاسـەتی وڵات و تێـک بەردانـی هـەردوولا بەگـژ یەکتر و سـاغکردنەوەی چەک و تەقەمەنـی و زۆر سـوودی تـر. دەبینیـن لەگەل بوونی ئـەو هەموو هاوکێشە ترسناکانەدا نەتەوەی کورد بواری بۆ رەخسا بێت هەردەم ئازادیخواز بووە بۆ مافی رەوای خۆی و کۆلی نەداوە.

جـا هـەر کاتێـک شـۆرش و راپەرینەکانـی بزاڤـی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد، سـەرکەوتنی گەورەی سـەربازی بەدەسـتهێنابێت، لـەڕوو بـەڕوو بوونـەوەی سیاسـەتی بـەزۆر سـەپاو بەسـەریدا لەکوردسـتان، ئـەوا نەیاران و ناحەزانی یەکسـەر گەمـارۆو پیلانی ناوچەیـی و نێو دەولەتیان بۆ ناوەتەوە بەشـێوەیەکی ترسـناک، جا لەهەر پارچەیەکی ئەو کوردستانە بێت شۆرشەکەیان لەناو بردوەو کپ کردوە، ئەوەش بەمانای کپ کردن و لەناوبردنی شۆرشە لەهەر پارچەیەکی تریدا، بەوەش بەسوود گەراوەتەوە بۆئەو دەولەتانەی کە کوردسـتانیان بەسـەر دابەش بووە[1]، لەمەترسی هەلوەشانەوەیاندا چونکە لە بنەرەتدا دەولەتی دەسـتکردبوون و لەسـەر بەرژەوەندی سیاسـی و ئابـوری دامەزرابوون بـە بریاری فەرەنسـاو بریتانیا و بەلجیکا.

جگـە لەمـەش ئـەو دەولەتانـە بەمەبەسـتی لەنـاو بردنـی ئـەو شـۆرش و بزاڤـی رزگاری خوازانـەی کـورد، توانیویانـە سـوود لە هێـزی سـەربازی و سیاسـی دەولەتـە زلهێزەکانیـش وەرگـرن بـۆ

١ - د. فاضل حسين- مشكلة الموصل-ط٣- مطبعة اشبيلية- بغداد - ١٩٧٧.-ص١٢

چەوسانەوەی ئەو نەتەوەیە. بەناوی ئەوەی ئەو شۆرشانە مەترسی دەخەنە سەر ئاسایش و ئابوری و ستراتیجی رۆژهەلاتی ناوەراست.

بۆیە بە دەیان پەیماننامەو رێکەوتننامەی دوو قۆلی و سێ قۆلی و چوار قۆلیان بەستوە لەباری سیاسی و ئەمنی و سەربازی، دژ بە شۆرش و راپەرینەکانی کورد بەبەلگەی مێژوویی. مێژوو سەلماندویەتی کە زۆر جار هەندێک پەیماننامەو رێکەوتننامە و بریار و یاسای وا خۆی سەپاندوە بەسەر نەتەوەیەک، کە بەدلۆپێک مەرەکەب نوسراون؟ بەلام لەدوارۆژدا بەدەریایەک خوێن نەسڕاونەتەوە.

لەلایەکی تر کێشەی کورد لەرووی یاسای نێو دەولەتی گشتی (القانون الدولي العام) گرنگی پێنەدراوە[١]، بەجەنگی ناو خۆ و یاخی بوون تۆماریان کردووە وەک تێک دەر و جەردەو پیاو کوژ یاخی لە یاسای دەولەت بۆ یان تۆمار کراوە، کەچی لەوکات و زەمەنەدا تەنها داوای مافی سروشتی مرۆڤایەتی خۆیان کردووە وەک نەتەوە[٢].

---

١ - د. محمد هەمەوەندی- گۆڤاری پەیڤ- مەلبەندی رۆشنبیری کوردی- لندن- ژمارە ٨ ی گەلاوێژی ١٩٨٨ - لا ٨٧٣ .

٢- رۆژنامەی باس- فەلاح مستەفا - بۆ دەرهێنانی پارتی و یەکیەتی لە لیستی رەش دا نێچیرڤان بارزانی نامەیەک بۆ بایدن دەنێرێ ژمارە ١٧٧ - سێ شەممە ٢٠١٤/٢/١١ - لا ٤. (لە دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەری سالی ٢٠٠٠ لەلایەن وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆی ئەمریکا، داوا لە لایەنێک کرا کە لیستێک ئامادە بکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەمریکا دەکەن. هەر گرووبێک لە دووکەس زیاتر بووبێ و دەستیان دابێتە چەک و لە دژی حکوومەتەکەیان جەنگابن خراونەتە ئەو لیستەوە. یاسای PATRIOT ACT لە٢٠١١/١٠/٢٦ لە کۆنگرێسی ئەمریکا دەرچووەو لە ئەنجومەنی نوێنەران بە ٣٥٧

**گرنگترین پەیمان و ڕێککەوتنەکان:**

**١ – ڕێککەوتننامەی چالدێران:**

سولتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی جەنگی دژی شا ئیسماعیلی دەولەتی سەفەوی ڕاگەیاند، دژی ئەو فراوان خوازیەی کە شا ئیسماعیلی سەفەوی ئێرانی لەناوچەکانی کوردستان و عێراقی ئێستادا کردی، هەردوو لەشکری عوسمانی و سەفەوی لە ٢٣ – ٨ – ١٥١٤ لە دەشتی چالدێران بەیەکگەیشتن[1]،کە ئەم ساڵ (٥٠٠) ساڵ بەسەر ئەو ڕێککەوتنەدا تێدەپەڕێت، کە ئەو دەشتە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی شاری وان لە وڵاتی تورکیای ئێستا، لەشکری عوسمانی لەو شەرەدا سەرکەوت بەسەر سەفەویەکاندا، سەفەویەکان لەکوردستان دەسەلاتیان لاواز بوو بە هۆی ئەو شکستەیان لەو شەرەدا. لەو شەرەدا میرو سەرکردە کوردەکان زیاتر هاوکاری دەولەتی عوسمانی بوینە[2]، بەنوێنەرایەتی مەلا ئیدریسی بەدلیسی (شەرەفخانی بەدلیسی)[3] کە لەلایەن سولتانەوە ڕاسپێردرابوو میرە کوردەکان ڕازی بکات پالپشتی عوسمانی بکەن لەبەر ئەوەی سونە مەزهەب بوون وەک تورکی سونی[4]. ئەو میرە

---

– دەنگ بەرامبەر بە ٦٦ دەنگ تێپەڕیوە.ئەم یاسایە لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ئاماری کردوە وە بەپێی داتابەیسەکە یەکیەتی و پارتی لەرێزی ئەو گرووپە لە لیستی سێ یەمی تێرۆریستی داندراون).

١- محمد بایراقدار- ئیدریسی بدلیسی- وەرگێرانی شوکر مستەفا- دەزگای ئاراس -چ٢- هەولێر- ٢٠٠٩- ص ٧-٨.

٢ – ارشاك سافراستیان- الكرد وكردستان- مصدر سبق ذكره – ص٥٧ – ٦٥.

٣- د. محەمەد سهێل تەققوش- مێژووی دەولەتی سەفەوی-هەمان سەرچاوە-لا٩٢

٤ – سورەیا بەدرخان- کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا – هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا٤١.

کوردانـەش هەلسـان بـە دەرپەراندنی پاشـماوەی لەشـکری ئێرانی سـەفەوی لـە دیـار بەکـر و بەدلیس و سـەعەرد و ساسـۆن و پالۆ و کەرکـوک و هەولێـر. رازیبوونـی کورد بە دەسـەلاتی عوسـمانی بـە پێـی ڕێکەوتنامەیـک بووە لەنێـوان میر و سـەرکردە کوردەکان و دەولەتـی عوسـمانی، بەنوێنەرایەتـی مەلا ئیـدرس کەنێوەند بووە لەنێوان هەردوو لا لەهەمان کات نوێنەری دەولەتی عوسمانی بووە، لەساڵی ١٥١٤ دا ئەو ریککەوتننامەی ڕێکخست:

أ- دان بەحوکمی پشـتاو پشـت و سـەربەخۆیی ناوخۆیی میرنشینە کوردیەکاندا نرابوو.

ب- هـەردوولا لـە جەنگ و کردارە سـەربازییەکاندا یارمەتی یەکتر بدەن.

ج- کورد باج و سەرانە بدات بە دەوڵەتی عوسمانی.

لـەو ڕێکەوتنـەش لایەنی باشـی و خراپی دەبینیـن، بەڵام هەر دوای ئەو شـەرە نەگریسـە، سـنوری کوردسـتان بەش کراوە و میرو سـەرکردە کـوردەکان زۆربەیان دوو بەش کـراون و دژی یەک وەستاون.

٢ – ڕێککەوتننامەی ئاماسیە:

لـە نێـوان تورکیای عوسـمانی و ئێرانی سـەفەوی لـە ڕێکەوتی ٩ – ٥ – ١٥٥٥ زاینـی لەشـاری ئاماسـیە لـە ناوەراسـتی ئەنادۆڵـی تورکیـای ئێسـتا مۆرکـرا[1]، یەکەمیـن ڕێککەوتننامـەی نێـوان ئـەو دوو وڵاتە بوو پاش شـەری نێوانیان، کە سـولتان سـلێمانی قانونی دەولەتـی عوسـمانی هێرشـی کردە سـەر ئێران و توانـی تەورێز و ئەسـفەهانیش داگیربکات، ئینجا شـاە تەهماسـب ی سـەفەوی دوای ئـەوەی پایتەختـی لـە تەورێـزەوە گواسـتەوە بۆ شـاری قەزوێن و داوای ئاشـتی کـرد ئـەو ڕێککەوتننامەی لێ هاتـە بەرهەم، کە خۆی لەسێ خالی گرنگدا دەبینیەوە[2]، بەلام خالی دووەم کە پەیوەندی بە کورد هەبوو، مەبەستیش دیاری کردنی سنوری ولایەتی شارەزوور بـوو کـە کێشـەو هەرای زۆری لەسـەر بووە لە نێوان عوسـمانی و سەفەوی یدا. وەهەروەها ناوچەی وان و ئەرزەرۆم یش کەوتنە ژێر دەسەلاتی عوسمانی [3].

---

١ – د. محمد الهماوندی– فكرة الحكم الذاتی والاقليات العرقية – مصدر سبق ذكره – ص ١٥٧.

٢– د. محەمەد سهێل تەققوش – مێژووی دەوڵەتی سەفەوی – هەمان سەرچاوە– ل١٢٦.

٣ – مێژووی نوێ و هاوچەرخ– پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی–چ٦–چاپخانەی ئەکاسیا– هەولێر–٢٠١٠ – ل ٢٣.

### ٣ – ڕێککەوتننامەی زەهاو:

لە نێوان دەولەتی تورکیای عوسمانی و ئێرانی سەفەوی لە ١٧ – ٥ – ١٦٣٩ بەسترا، لە نێوان سولتان موڕادی چوارەمی عوسمانی و شا عەباسی یەکەم، لە شاری زەهاو کە دەکاتە شاری (سەرپیل زەهاب) ی ئێستا ی نزیک قەسری شیرین ی کوردستانی رۆژهەلات. ئەو رێککەوتنە بە پەیمانی ڕێکخستنی سنوور بەناوبانگە، لە نێوان دەولەتی عوسمانی و سەفەوی یدا [١].

هەر چەندە ئەو رێککەوتننامەیە لەناو خاکی کوردستان مۆرکراوە، بەلام یەکەمین دابەش کردنی خاکی کوردستان بووە بە شێوەی رەسمی لە نێوان ئەو دوو ولاتەدا کەبەشێکی بەر سونەی عوسمانی و بەشێکی بەر شیعەی ئێران کەوتوە، بێ ئاگاداری و بەشداربوونی کورد بووە و چارەنوسیشی خستۆتە ترسناکترین کێشە، کە تا ئێستاش نەتەوەی کورد پێوەی دەنالێنێت. سەیرو سەمەرەترین، بەندەکانی ئەو پەیمانە لەبەندی (٥ دا)باس لە دوو تیرەی عەشیرەتی جاف دەکات کە (پیرە) و (زەردووی) یە دەلێت[٢]: (سەر بە ئێران دەمێننەوە).

ئەوەش نمونەیەکی زەقی لێکترازانی کۆمەلگای کوردەواری یە

---

١ – وریا رەحمانی– کوردستان و کورد لەروانگەی نەخشەوانییەوە– هەمان سەرچاوەی پێشوو– لا ١٣١.

٢ – صالح قفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ– هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٣٦٧– (لەسالانی ١٦٣٩ عەشیرەتی یا عێلی جاف لە ئێران وە کۆچی پێ کراوە هاتۆتە شارەزور، بەپێ ی بەلێنامەی ئاشتی نێوان ئێران و عوسمانی سالی ١٦٣٩ زاینی، کوردستانی خوارو لە نێوان شیعی و سونی بەش کراوە، ناوچەی ئەردەلان و عێلاتی کەلوڕ بەر ئێران کەوتونە، ناوچەی موکری بەشێکی بەر ئێران کەوتوە بەشەکەی باشور بەر عوسمانی کەوتوە کەناوچەی شارەزور بووە، عوسمانیەکان لەسالانی ١٧١٤ بەدواوە پلەی پاشایەتیان داوە بە میرەکان).

و دابـەش کردنـی بنەمایەکی رەسـەنە کە بە ویسـتی خۆی نەبووە، عوسـمانی و ئێرانـی سـەفەوی بـەو پەیماننامەیـە توانیـان جەنگ و کوشـتاری ٨٠ سـاڵەی نێـوان خۆیـان رابگـرن، بـە دابـەش کردنـی سـنوری خاکی کوردستان و هەلوەشانەوەی نەتەوەیی و هاوکاری یەکتریشـیان کـردوە دژی هـەر جولانەوەیەکـی رزگاری خـوازی کورد لە کوردسـتاندا، عوسـمانیەکان ترسـیان لە ئێرانی سـەفەوی نەماو بەهەمان شـێوەش ئیشـیان بەکورد نەما، وردە وردە پاشگەز بوونەوە لەگشـت ئەو بەلێن وهیوایانەی بەمیرنشـینە کوردیەکانیان دابوو، سیاسەتی بەمەرکەزی کوردستانیان دەستپێکردوو دەسەلاتی میرنشینەکانیان کزو لاواز کرد[1].

١ - منذر الموصلي- الحياة السياسية والحزبية في كوردستان- رؤية عربية للقضية -الكردية رياض الريس للكتب والنشر- لندن قبرص - ط١ - ١٩٩١ - ص ٨١ - ٨٢ - ٨٣.

### ٤ – ڕێککەوتننامەی کرون:

لەنێوان دەولەتی عوسمانی و ئێرانی فارسی بووە لەساڵی ١٧٤٦، کـە ئـەو پەیمانـەش پالپشـتی پەیماننامـەی زەهاو بووە، بـۆ دیاری کردنـی سـنوری نێوانیـان و زیاتـر جێگیریان کـردوە و جوگرافیای نەتەوەیەکیان هەلوەشاندۆتەوە[1].

### ٥ – ڕێککەوتننامەی ئەرزەرۆمی یەکەم:

ئەو ڕێککەوتنە لە نێوان ئێرانی سـەفەوی و تورکیای عوسـمانی بەستراوە لە ٢٨ – ٧ – ١٨٢٣، ئەو ڕێککەوتنەش بەمەبەستی ئاشتی بـوو لـە نێوان هـەردوو دەولەت کـە لەشـاری ئەرزەرۆمی باکوری کوردسـتان مۆرکـرا، بەرەزامەنـدی دوو هێـزی گـەورەی جیهانـی روسـیاو ئینگلیـز، ناوەرۆکـی ئـەو ڕێکەوتنامەیـەش ٧ مـادە بـووە، مەبەستیش زیاتر دەست پێ کردنی سەرکوتی نەتەوەیی کورد بوو لەهەردوو پارچەی کوردستانی ژێردەسەلاتی عوسمانی وئێرانی. لە مادەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا:

مـادەی یەکەم: مەبەسـتی دەسـت تێوەرنەدانـی دەولەتی ئێران

١ – صالح قفتان– مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ– هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٣٦٧– (لەساڵی ١٧٣٤لەسەردەمی (نادرشاه) لە ئێران نەتەوەی کوردی دەربەدر کراوە، چیای زاگرۆس کراوە بە سنوری نێوان ئێران و عوسمانی)، تەهماسب ی کردوە بەشای ئێران دوای ئەو کورەکەی دواتر خۆی کردوە بەشا واتە (نادر قولی) بووە بە نادرشاە، دواتر کوردی بۆ خوراسان دەربەدەر کردوە ؟لەریگا کوژراوە؟ مەجالی دەولەتی زەند (کریم خان) هاتوە. دواتر ئاغا محمد خانی قاجار هاتوە حکومەتی زەندی لەناو بردوە و تیرەی زەندی پەرت وبلاوکردوە لەگەل هەمو تیرەی کوردەکانی تر).

بـووه لـه کاروبـاری کوردەکانی ولایەتی شـارەزوور کـه دەولەتی عوسمانی بەبەشێک لەولایەتەکانی خۆی دەناسی.

مـادەی دووەم: هـەردوو دەولـەت لەسـەر ئـەوە رێکەوتـن کـه راکردوەکانـی یەکتـری پەنانـەدەن لای خۆیـان و پشـتیوانیان لـێ نەکەن، سەبارەت بە عەشیرەتەکانیش هەر بەو شێوە رێکەوتبوون.

مادەی سـێ یـەم: عەشـیرەتی (حەیدەرانلو) [1]و (سـیبیکی) دوو عەشیرەتی کوردی بوون ببوونە مایەی شەرو سەر ئێشە بۆ ئێرانی سـەفەوی، بەهـۆی بارودۆخـی شـەرەوە کەوتبوونـە نـاو سـنوری عوسـمانی، ئێـران بە پێ ی ئـەو رێککەوتنە بەلێننامـەی لە دەولەتی عوسـمانی وەرگـرت کـە پێش لە هێرشـی ئـەو عەشـیرەتانە بگرێت بۆسەر ئێران.

ئەو رێکەوتننامەیە لە دوو خالی گرنگ خۆی دەنواند بۆ ئەو دوو ولاتە تایبەت بەکێشەی کورد[2]:

یەکەم: لێدانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد و شۆرشـەکانی بـووە لەهـەردوو لای سـنور، بەهـاوکاری یەکتـری و قەدەغـەی هاتووچـۆی عەشـیرەتەکانیان کرد لەسـەر سـنوور لـە یەکتر نەیان دەهێشت سنوور ببەزێنن.

دووەم: سـەرەتایەک بـوو بـۆ کۆتایی هێنان بە دەسـەلاتداریتی

١ - صالح قفتان- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٣٦٨ - ٣٧٠.
(دوای پشتگیریکردنی ئینکلیز و فرنسا بۆ تورکیا ی عوسمانی دژی (پاشای کورە) عێلی (حیدرانلی) لە ئیران هاتونەتە تورکیا لەبەر زەبروزۆری دەسەلاتی ئیران لەناوچەی موش نیشتەجیبوونە لە تورکیا).

٢ - مێژووی نوێ و هاوچەرخ- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لا ٢٧.

میرو بەگەگانی کورد لەهەردوو ولاتدا. کەدەڕوانینە ئەو ڕێکەوتنەی نێـوان ئـەو دوو ولاتـە دەبینین جوگرافیـاو مێـژووی نەتەوەیەکیان فەرامـۆش کـردوە زۆر بە بێ یاسـایی، کوردیش زیاتـر کەوتونەتە تەنگژەی ژیان و سەربەستی ناوچەیی و زولم و ستەمی هەمەلایەنی نەتەوەیـی، بۆیـەش ئـەو ڕێکەوتننامەیـە نـەی توانیوە چارەسـەری کێشـەکانی سـنوری نێـوان ئـەو دوو دەولەتـە بکات. هەر ئەوەشـە وای کـردوە کێشـەی سـنوری ولاتێکی بێ سـنور بەرچـاو بکەوێت کە کوردسـتانە، ئەویش لەنێوان خۆیان بەشـیان کردوە دواتر بۆتە کێشـەی سـنوری نێوان عوسـمانی ئێرانی و پاشـان عێراقی ئێرانی و دواتـر عێراقـی تورکـی، تا ئەو کێشـەیە کە سـنوری کوردسـتانە وەک خـۆی نەگەرێتـەوە، ئەبـەد ناتوانن ئارامی بەخۆیانـەوە ببینن، چونکـە بەپـێ ی یاسـا ئەو شـتەی بە نـاڕەوا دروسـت بکرێت هەر نارەوایـە (مابنیـة علـی الباطـل فهـو باطـل) وە دەبێـت بگەرێتـەوە سـەر ئەساسـی خۆی وەکـو جاران. ئـەو ولاتانە خۆیان کێشـەیان بـۆ خۆیان دروسـت کـردووە! چونکە ئەگـەر تەماشـا بکەین وڵاتی عێراق دامەزراندنەکەی لە سـەر دەسـتی داگیرکەرو مشەخۆر بووە لـە سـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی ژێرخانی ئابـووری بۆتـە دەوڵەت، نەوەک مەبەسـتیان پەروەردەکردنی گەلانی عێراق بووبێت، ئەمەش بنەمایەکی نا یاسایە پێویستە هەڵبووەشێتەوە.

٦ – ڕێککەوتننامەی ئەرزەرۆمی دووەم:

ئـەو ڕێککەوتنەلە نێوان دەولەتی عوسـمانی و ئێرانی سـەفەوی بەسـتراوە لەسـاڵی ١٨٤٧ز، بەچاودێری روسـیاو ئینگلیز بوو لەبەر بەرژەوەنـدی تایبەتـی خۆیـان، دوای ڕێکەوتننامـەی ئەرزەرۆمـی یەکەمـی نێـوان ئـەو دوو ولاتـە، بڕیاریان دابوو گشـت کێشـەکانی نێوانیـان بـە ڕێـگا چـارەی سیاسـی لەداهاتودا چارەسـەر بکـەن[1]، بـەڵام جاربەجـارێ هـەر کێشـەو شـەر رووی دەدا لەنێـوان ئـەو دوو ولاتـە، وەک لەسـاڵی ١٨٣٧ز (عەلـی رەزا پاشـای) والی بەغدا سەربەدەولەتی عوسمانی شـاری (موحەممەرەی- خورەمشەهری) داگیرکـرد، دەولەتـی ئێرانـی سـەفەوی لەبەرامبـەر ئەوەدا لەسـاڵی ١٨٤٢دا شاری (کەربەلای) داگیر کرد. ئەو شەرانەش سەرئەنجامی کێشەی زیارەتکەرانی ئێرانی بوو بۆ شاری نەجەف و کەربەلا، کەوا لەلایەن دەولەتی عوسـمانی ئەزیەت درا بوون سـکالایان کردبوو و لەئەنجامدا ئەو شەرانە رووی دا، ئینگلیز و روسیا دەستپێشەخەریان کـرد لـە ناوبژیوانـی لەنێـوان هـەردوو لا، ئەگەر نا خوێنـاوی ترین جەنگ بەردەوام دەبوو لە مێژوودا [2].

دووبـارە سازشـیان کـرد لەسـەر کوردسـتان و جارێکـی تـر دابەشـیان کـردەوە، زەبرێکـی تـری کوشـندەیان دا لـە کـورد. ئەو ڕێکەوتنە ٩ مادەی لە خۆ گرتبوو کە مادەکانی (دووەم – سـێ یەم – پێنجەم – هەشتەم) بەجۆریک باسی کورد دەکەن:

١ – منذر الموصلي- الحياة السياسية والحزبية في كوردستان- مصدر سبق ذكره – ص ١٤٠ – ١٤١.

٢ – مێژووی نۆی و هاوچەرخ- هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٣٠.

مادەی دووەم:  دەولەتی ئێرانی بەلێنی دا دەست لە دەشتەکانی بەشـی رۆژئاوای زەهاو هەلگرێت بۆ دەولەتی عوسـمانی، دەولەتی عوسـمانیش بەلێنی دا دەسـت هەلگرێت لە بەشی رۆژهەلاتی زەهاو بـۆ ئێـران، واتا گشـت ناوچەی شـاخاوی و دۆلی (کرنـد) بۆ ئێران. ئێرانیش بەلینی دا دەست نەخاتە ناوچەی سلێمانی کە بەسەروەری دەولەتی عوسمانی حساب دەکرا.

مادەی سـێ یەم: هەردولا کەسـانی پسـپۆریان دەستنیشان کرد بۆ دیاری کردنی سنوور کە لە مادەی دووەم هاتوە.

مـادەی پێنجـەم:  هـەردوو دەولەتـی عوسـمانی و ئێرانی بەلێن دەدەن بـە پـێ ی رێکەوتنامەی ئەرزەرۆمی یەکـەم پەنا بەرەکانیان بدەنەوە یەکتری.

مـادەی هەشـتەم: هـەردوو دەولەت بەلێنیـان دا رێگری بکەن لە دژی و دزی و جەردەیی.

سـەرەرای رێکەوتننامـەی ئەرزەرۆمی دووەم، کێشـەی سـنور هەر بەردەوام بووەو ئینگلیز و روس لەبەرامبەردا زمانی فشـاریان بـەکار هێنـاوە بـۆ ئەو دوو دەولەتـە، گەر هەر لایەک رێزی سـنور بشکێنێت ئەوا ئەوان پشتگیری لایەنەکەی تر دەکەن.

دوای ئـەو رێکەوتنـە کۆتایـی بـە فەرمانرەوایـی کـورد هاتـوە، بەتایبەت دوای سالّی ١٨٤٩ ناوچەی شارەزوور بەسترا یەکسەر بە ئەسـتەمبۆل، دەولەتی عوسـمانی ئیشی بەکورد نەماو لە بەلێنەکانی پەشـیمان بـۆوە کە پێشـتر دابووی بە کـورد، دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش لە سالّی ١٩١٤ دا تاکو ئەمرۆ ئەو ناوچەیە بووە میراتێکی نـاڕەوا بـۆ دەولەتی عێراقی عەرەبی بەپشـتی ئینگلیز، کوردیش بەو

دەردە دەنالێنێت، چونکە ئەو ڕێکەوتنە بۆتە بنەمایەکی یاسایی لە مێژوودا، خۆی بەنارەوا سەپاندوەو پێویستی بەچارەسەری بنەرەتی هەیە، ئەگەر کورد بیەوێت بۆی بگەرێتەوەو هەلی وەشێنێتەوە، لێرەدا بنەمای دانانی یاسایی دەوڵەتی کوردی دەست پێدەکات.

**٧ – ڕێککەوتننامەی بترسبرگ:**

لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم پێش ئەوەی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بێتە ڕیزی هاوپەیمانەکان لەوجەنگە، ولاتانی فەرەنسا و بەریتانیا و روسیای قەیسەری چەند وتووێژیکی نهێنیان ئەنجامدا لە ساڵی ١٩١٥ لە لندن و باریس بەمەبەستی پلان و وێنە و نەخشەی نوێ بۆدابەشکردنی خاکی دەولەتی عوسمانی لە داهاتودا، ڕێککەوتن بە مۆرکردنی ئەو پەیمانە لە ١٩١٦دا[١]، بەناوی ئەوەی کە ڕۆلەکانی ژێردەستی ئەو حوکمە نارازین و چاوەرێی رزگارکردنن؟ وە بەناوی رزگارکردنی ئەو نەتەوانەی ژێر دەستی دەولەتی عوسمانی و چاودێریکردنیان لەلایەن خۆیانەوەبۆیە بڕیاریان دا بەو ڕێککەوتنە کە ئەو ماددانەی دەگرتە خۆ:

مادەی یەکەم: فەرەنساو بەریتانیا و روسیا بەلێن دەدەن کە بەیەک دەست کار بکەن لەپێناو رزگارکردنی ولاتانی عەرەبی و دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی سەربەخۆ وپاراستنی، بەریتانیا بەچاودێری کردنی ئەوکارە هەلدەستێت و کارگێری تەواوی بۆ دابین دەکات.

---

١- د.فاضل حسين- مشكلة الموصل - ط٣-مطبعة اشبيلية- بغداد-١٩٧٧-ص٢٣.

مـادەی دووەم: ولاتانـی هاوپەیمـان لـەو ڕێککەوتننامەیە بەڵێن دەدەن حەج بپارێزن و ئاسانکاری دەکەن بۆ حاجیانی موسڵمان لە چون وهاتنیاندا و زۆلمیان لێناکرێت.

مـادەی سـێ یـەم: ولاتـی عوسـمانی دابـەش دەکرێـت لەنێـوان ولاتانی هاوپەیمان بەو شێوەیە:

یەکەم: روسیا ئەو ناوچانەی بەر دەکەوێت:

أ – ولایەتی ئەرزەرۆم و بتلیس وناوچەکانی دەوروبەریان.

ب – خاکی باشوری کوردستان تا ولایەتی موش و سعردلەباکوری کوردستان، لەوێرا بۆ جەزیرەی ئبن عمر، ئینجا بەهێڵێکی راست بەرەو ئامێدی لەباشـوری کوردسـتان و لەوێوەش بۆ سـنوری ئێران رۆژهەلاتی کوردستان.

ج – خالـی سـنوری لـە ولایەتـی موش بـۆ باکور تـا دەریایی رەش شاری ترابزونیش دەگرێتەوە.

د – خالـی کوتایی سـنوری روسـیا لەدەریایـی رەش و رۆژهەلاتی ترابزۆن کۆتایی دێت کەدواتردیاریدەکرێت.

هــ – ئـەو خاکانەی بـاس کران بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەسـەلاتی خاوەنشکۆی روسیای قەیسەری و وەبە مولکی ئەو دادەنرێت.

دووەم: ئەو ناوچانە دەلکێنرێن بە ناوچەی دەسەلاتی فەرنسا:

أ – کەناردەریاکانـی سـوریا: لەسـنوری ناقـورە دەسـتپێدەکات و تێدەپـەرێ بـە صـور و صیـدا و بیـروت و تەرابلـس ولازقیە تا کۆتایی دێت لەشاری ئەسکندرونەی تورکیا.

ب – هەموو ناوچەی کەنار دەریا دەلکێندرێ بەدەسـەلاتی فەرەنسا

لەگـەڵ چیایی لوبنان کەسـنوری زانراوە بە پێـی رێکەوتننامەی نێـو دەولەتـی سـاڵی ١٦٨١. کـە دورگـەی (ارواد) و ناوچەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە، وە ئەو دورگە بچوکانەی لەسەر هەمان کەنارن، وە هەرێمی کیلیکیە (ئەدەنە) لە لای باشـوری سـنوری ژێر دەسـەلاتی روسـی لـە جەزیرەی ئبـن عمر، ئینجـا دەروات بـەرەو غـازی عنتـاب و ماردین، ئینجـا لار دەبێتەوە سـنورەکە بەرەو باکوری اق تاغ – قیصری، اق تاغ – یلدز، تاغ – زرعە تا اکین – خربوت.

ج – ئەو ناوچانە بەتەواوی لەژێر دەسەلاتی فەرەنسا دەبن.

سێ یەم: ناوچەی ژێردەسەلاتی بەریتانی بەو شێوە دەبێت:

أ – ناوچەکانـی تـر لەسـنوری روسـیا و فەرەنسـا کەبـاس کـران دەکەونە ژێر دەسەلاتی بەریتانی، ئەوناوچانەش عێراق وشاری بەغدا دەگرێتەوە.

ب – کەنارەکانـی کەدرێـژ دەبنەوە لەسـنوری ولاتـە عەربیەکان بۆ شاری حەیفا و عەکا تا دەگاتە سنوری ژێر دەسەلاتی فەرنسا.

ج – ناوچەوهەرێمەکانی خەلیجی فارس تا کۆتایی دەریایی سـوور دەکەونە ژێر دەسەلاتی بەریتانیا.

د – حکومەتـی عەرەبـی لـەو شـوێنانە دادەمەزرێت کە دانیشـتوانی نەتـەوەی عەرەبن بەکار کـردن بەو ماددانەی لەو پەیمانەهاتوە، پێویستە ئەو حکومەتانەش سەروەری و سەربەخۆیی پێویستیان هەبێت؟کەدواتـر دیـاری دەکرێـت بۆیـان لـە نێـوان حکومەتـە دروستکراوەکاندا.

چـوارەم: دەولەتێـک یـا هاوپەیمانیەتیەکـی عەرەبـی سـەربەخۆ

دادەمەزرێت لەناوچەی نێوان دەسەلاتی فەرەنساوبەریتانیا، بەپێ ڕێککەوتنێکی تایبەت لەنێوان فەرنسا وبەریتانیا، سنوری ئەو دەولەتەش دیار دەکرێت کاتێک ئەوڕێککەوتنەمۆرکرا.

**پێنجەم: شاری ئەسکەندەریەی قەراغ دەریای مصر دەبێتە نێو دەولەتی و سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێت.**

شەشەم: فەلەستین و شوێنە ئایینیە پیرۆزەکانی دادەنرێت بە ناوچەی دەرەوەی ژێر دەسەلاتی تورکی، دەبێت لەژێر دەسەلاتێکی کارگێری تایبەت دابنرێت، بەپێ ی ڕێککەوتنی نێوان فەرەنساو بەریتانیاو روسیا کە بۆ ئەو مەبەستە ناوچەی دەسەلات و بەرژەوەندیەکانیان دیاری دەکرێت.

**حەفتەم: ولاتانی هاوپەیمان لەو ڕێککەوتنە رازی دەبن کەبەشێکی قەرزی عوسمانی بگرنە ئەستۆ بە پێ ی ئەو زەویانەی کە کەوتۆتە ژێر دەستیان[1].**

١ - امین سعید- تاریخ الاستعمار الفرنسی والایطالیی فی بلاد العرب- الجزء الثانی- القاهرة- ١٩٣٦.

٨ – **ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ:**

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کاتی جەنگی جیهانی یەکەم بۆتە لایەنگیری ولاتی ئەلمانیا لەو شەڕەدا لە ماوەی (١٩١٤ – ١٩١٨) دەرئەنجام لەو شەڕەدا دۆران و سەرنەکەوتن بەرامبەر بە ولاتانی هاوپەیمان. بەریتانیاو فەرەنسا روسیای قەیسەری ئەو کاتە ڕێککەوتننامەیەکی نهێنیان مۆر کرد لە نێوان خۆیان لەڕێکەوتی ١٦ – ٥ – ١٩١٦ دا، بەمەبەستی دابەش کردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان خۆیان دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، کوردستانیش بەشێک بووە لەو میراتەی کە ئەو پەیماننامەیان لەسەر کردبوو، سایکس بیکۆ ترسناکترین پەیماننامەیە لەسەر نەتەوەیەک کە کراوە[1].

ئەو ڕێکەوتنە لەسەر ئاستی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بەنوێنەرایەتی (فراسوا جورج بیکو) و بەریتانیا بەنوێنەرایەتی (مارک سایکس) و روسیای قەیسری بووە ئەو کات، سەرەتا زۆر بەنهێنی بووە و شاردراوەتەوە، بەڵام دوای روخانی روسیای قەیسەری لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی شیوعیەکان لە روسیادا لە ساڵی ١٩١٧ ئەو ڕێکەوتنە ئاشکرا بوو، روسیاش لێ ی کشایەوە[2]، بووە مایەی شەرمەزاری بۆ ئینگلیز و فەرەنسا لە لایەن ولاتانی عەرەبی.

ناوەرۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیەش دابەش کردنی میراتی نارەوای دەولەتی عوسمانی بوو کە بە (هلال الخصیب) ناسرابوو لە نێوان

١ – د. محمد هەمەوەندی– گۆڤاری پەیڤ– هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٨٦٥ .

٢ – د. كمال مظهر احمد– كردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی– مصدر سبق ذكره– ص٣٠٦ – ٣١٦.

ئـەو دوو دەولەتـەدا، بێگۆمان کوردیش زەرەرمەنـدی گەورە بووە لەو پەیمانەدا و کەسیش حسابی بۆ نەکردووە، چ لە بەشی باشوری کوردستان کە سەرەتا بەر فەرەنسا کەوتبوو بەڵام لە١٥ – ٩ – ١٩١٩ ئەو پەیماننامەیە هەموار کرایەوە باشـوری کوردسـتان بەر ئینگلیز کـەوت و دواتـر بـووە عێراقی ناسیونالیسـتی عەرەبی، چ لە بەشـی باکوری کە تورکیای کەمالی و چ لە بەشـی رۆژئاوایدا کە سـوریای عەرەبی لێ پەیدا بوو، بەشـی رۆژهەلاتیشـی هەر وەک خۆی ماوە کـە بـەر ئێران کەوتەوە، لەکۆنفرانسـی سـان ریمـۆ ١٩٢٠دا ولاتانی داگیرکەرو رۆژهەلاتی ناوەراسـت، ئەو پەیماننامەیان پەسەند کردو نەخشـەی جیهانیان گۆڕی و دەولەتی نەتەوەیی عەرەب و تورک و فارس یان لێ دروسـت کرد، کە عێراق و تورکیا و سـوریا و ئێران بوو، وە بەشـێکی بەر یەکیەتی سـۆڤیەت کەوت، کوردیشـیان بەش بەش کرد بەسەر ئەو ولاتانەدا.

ئەنجامـی ئـەو رێکەوتنامەیـەش کەمتـر نەبـووە لەوانـی تـر بۆ نەتـەوەی کـورد، کـە هـەردەم بیریان لە دابەشـکردنی کوردسـتان کردۆتەوە، لە دابەش کردنی میراتی دەولەتێکی عوسمانی داگیرکەر، بـە دەستپێشـخەری دابەشـکردنی مولکـی رەسـەنی ئـەو نەتـەوە مەزلومـە، ئەوەش پیلان و بیرۆکەی نەگریسـی نەیارانی کوردە، کە تاکو ئەمرۆش ئێمەی کورد لێیان تێر نەبووین و خەریکە بەردەوام دەبین لەسەر هەمان هەلە و پشتیان پێدەبەستین.

**٩ – ڕێککەوتننامەی سیڤەر:**

دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لەسالی ١٩١٨، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شکستی هێنا و ولاتانی عەرەب لە تورکەکان جیابوونەوە[١]، دەولەتە هاوپەیمانە سەرکەوتوەکان لەو جەنگەدا بەتایبەت (ئینکلیز و فەرەنسا وهەندی ولاتی تر) دژی ئەلمانیا و ئیمپراتۆریەتی روخاوی عوسمانی، لە ئەوروپا لە١٠ – ٨ – ١٩٢٠ (پەیمانی سیڤر) یان مۆرکرد[٢]، بۆ هەلوەشانەوەی جوگرافیای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەنێو خۆیاندا چارەسەر کردنی کێشەی کورد کە سەری هەلدابۆوە بە خەبات و فیداکاری و جولانەوەی رزگاری خوازی، لەشاری پاریس جەنرال شەریف پاشا[٣]بەشدار بووە لەپەیمانی ئاشتی١٨ – ١٢ – ١٩١٩، کەبەستراوە بەنیازی هەلوەشانەوەی پەیمانی سایکس بیکۆ، ئەمەش بریاری حزب و کۆمەلەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد بووە لەو سەردەمە، کە شریف پاشا بەشدار بێت بە نوێنەرایەتی ئەوان و کورد، چونکە ئەفسەرێکی شارەزاو لێهاتوو بووە، وە سەفیری دەولەتی عوسمانی بووە لە ولاتی سوید، خەلکی شاری سلێمانی بووە، وەکو سەرۆکی وەفدی کوردی و داواکاری و مافی نەتەوەی کورد لەپەیمانی سیڤەردا مافەکانی چەسپاندووە وەک دیارە لە مادەکانی دا (٦٢ – ٦٣ – ٦٤) [٤]:

---

١ – محمد أمين زكي– خلاصة تأريخ الكرد وكردستان– ترجمة محمد على عونى – بغداد. مصدر سبق ذكره – ص٢٦٦.

2 - The New Encyclopeia Britannica - Volume - 7 - London - 1982 - P40 - 41

٣ – منذر الموصلي– الحياة السياسية والحزبية فى كوردستان– مصدر سبق ذكره – ص ١٥٤ – ١٦١.

٤ – سورەیا بەدرخان– کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا – هەمان سەرچاوەی پێشوو

مادەی ٦٢: لیژنەیەک لە ئەستەمبۆل پێکهاتبوو لە ئەندامانی هەر سێ ولاتی بەریتانیا و فەرەنساو ئیتالیا، ئەرکی پلان و نەخشەکێشانی سـەرەتایی پێسـپێردرابوو، کەلـە مـاوەی شـەش مانگـدا پـرۆژەی سـەربەخۆیی ناوەخـۆی کـوردی جـێ بەجێبکـەن، کـە رۆژهەلاتـی روباری فورات و باشوری سنوری ئەرمیناو باکوری سنوری سوریا لەگەل تورکیاو سـنوری ولاتی نێوان میزۆپۆتامیا دیاری بکەن. ئەو پرۆژە بەتەواوی ئاشـوری و کلدان و کەمەنەتەوایەتیەکانی ئاینی و رەگەزی دەپاراست لەو شوێنانە[1].

مـادەی ٦٣: حکومەتـی تورکـی رەزامەند دەبێت لەسـەر بریاری ئەو لێژنانە کە پێکهاتون بۆ ئەو مەبەستە کە لە مادەی ٦٢ دا هاتوە، لەماوەی سـێ مانگدا کە پەیوەندی بەو ولاتانە دەکات کە ئەندامیان لەو لێژنەیەدا هەیە.

مـادەی ٦٤: لەحالەتێـک ئەگەر گەلی کـورد توانی لەماوەی یەک سـالدا، بسـەلمێنێت بەزۆرینـە دەیانەوێت سـەربەخۆ بن لـە تورکیا، وەک لـە مـادەی ٦٢ دا هاتـوە، وە ئەگـەر کۆمەلـەی گـەلان (عصبة الامـم) بریـار بـدات کە ئـەو نەتـەوە دەتوانێت سـەربەخۆ بێت. ئەوا تورکیـا دەبێـت رزامەنـد بێـت و لەسـەر ئـەو بریـارو پێگەیاندنـە و دەستبەرداری هەموو مافەکانی دەبێت لەوناوچانەدا.

نێـردروای سیاسـی تورکـی واژۆیان کرد لەسـەر ئـەو پەیمانە، بەلاّم ئەندامانی نهێنی لە ولاتە سـوێند خۆرەکان بینیان ئەو پەیمانە

- لا ٥٠ - ٥٤ - ٦٢.

١٩٨ - ارشاک سافراستیان- الکرد وکردستان- مصدر سبق ذکره - ص١٠٩ - ١١٠ - ١١١.

(سـيڤر) دان بـه سـەربەخۆیی کوردسـتان و ئەرمینیـا دەنێت، بۆیە ئـەو پەیمانەیـان مردانـد و بووە مەرەکەبی سـەر کاغەز و جێبەجێ نەکـرا [1]. ئـەو پەیمانـە ڕێـگای خۆشـکردبوو بۆ بەیاسـایی کردنی دروسـت کردنـی دەولەتـی کـوردی لەبەشـی باشـوری رۆژهەلاتی تورکیا، هەروەها بۆ دروسـت کردنی دەولەتی ئەرمەنی لە باکوری رۆژهەلاتی تورکیا، کورد دیسان کەوتۆتە داو و تەلەی تورک، بەناوی رزگار کردنی خاکی تورکیا لەژێر دەستی بەناو (خاچپەرستان)، کە مەبەست (یونان) بووە لە رۆژئاوای تورکیا، کورد یارمەتی (مستەفا کمـال ئەتاتۆرکیان) داوە بۆ دەرکردنی یۆنانیەکان. تا کاری بەکورد نەماوەو وتویەتی کێشـەی کورد کێشـەی ناوخۆیە و کورد و تورک بـران. کەمـال ئەتاتۆرک وتویەتی ئەو پەیمانـە وەکو حوکمی ئیعدام وایـە لەسـەر تورکیـا، بۆیە بەربەسـتی بۆ دروسـت کـردوە و بارو دۆخـی نێـو دەولەتی قۆسـتۆتەوە، بەریتانیا پشـتی لەکـورد کردوە بەناوی ئەوەی کورد لە روسیا نزیکترن [2]، بەو پەیمانەش هاوسەنگی هێز بەلای روسیادا دەکەوێت. لەئەنجامدا پەیمانی لۆزان ی بەدوا دا هات لە سالّی ١٩٢٣ کە کوردی بێئومێد کرد لەو بەلێنانە.

١ - د کمال مظهر احمد- کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی- مصدر سبق ذکره - ص٣٥٠ - ٣٤٤ - ٣٥١.

٢ - عبدوللّا ئۆجالان- پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا- تایبەتمەندیەکانی خەباتگێڕی شۆرشگێڕ و ژیانی پارتی - وەرگێرانی لەعەرەبی یەوە مەهاباد کوردی - ١٩٩٢ - ١٤٣٧ - ١٤٤ - ٢١٨.

**١٠ – ڕێککەوتننامەی لۆزان:**

دوای دامەزرانی دەولەتی تورکیا ی کەمالی لەساڵی ١٩٢٣دا[1]، لەشاری لۆزانی فەرەنسا لە ڕێکەوتی٢٤ – ٧ – ١٩٢٣، تورک توانیان پەیمانی ئاشتی بسەپێنن لەسەر دەولەتە هاوپەیمانەکان و هێزە بەشدار بووەکانیان کە بە (پەیمانی لۆزان) ناسراوە، توانیویانە خاکی جەزیرەی باکوری کوردستان لە بەشی ولایەتی موسل بلکێنن بە بەشی ولاتی سوریا، ئەو کێشەی بۆیان مابۆوە سنوری عێراق و تورکیا بوو کەبەشی باشوری کوردستانی دەگرتەوە لەناو ولایەتی موسل بوو، کە ئەوەش لە مادەی ٣ ی ئەو پەیمانە ئاماژەی پێکرا لە نێوان تورکیا و بەریتانیا دا لەو پەیمانەدا هاتوە کە:

(چارەسەری کێشەی سنوری نێوان تورکیاو عێراق دەکرێت بەرێگای نێو دەولەتی لە نێوان بەریتانیا و تورکیا لە ماوەی ٩ مانگدا، ئەگەر ئەو دوو حکومەتە نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک لەماوەی دیاری کراودا ئەوا کێشەکە دەدرێتە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم).

کۆمەلەی گەلانیش لە١٩٢٣لێژنەی پێکهێنا بۆ گەیشتن بەراستیەکان، لێژنەکە بەدواداچوونی کرد بۆ تێروانین و وتەکانی هەر دوو دەولەتی تورکی و بەریتانی، سەردانی مەیدانی کوردستانیان کرد، لەرووی جوگرافی لێژنەکە بۆیان دەرکەوت کە ئەو خاکەی کێشەی لەسەرە لەنێوان ئەو دوو ولاتە، خاکێکی یەکگرتوە و بە سنوری سروشتی دەوری دراوە لەزۆر لایەوە، وە

1 - The New Encyclopeia Britannica - Micropaedia - Volume - 7. London - 1982. P41

لەلایەنی نەتەوەیشـدا بۆیان دەرکەوت کە کورد نەتەوەی سـەرەکی و زۆرینەن لەسـەر ئەو خاکە، وە لەبارەی ئابوریدا لیژنەکە بریاری دا باشترین چارەسەری بۆ ئەو گرفتە لکاندنی باشوری کوردستانە بە عێراقەوە.

لەسـەر بریـاری لیژنـە کـە، دادگای نێو دەولەتـی (محکمە العدل الدولیـە) لە لاهای ولاتی هۆلەنـدا بریاری راوێژکاری خۆی دەرکرد لـە ٢١ - ١١ - ١٩٢٥، وە ئەنجومەنـی کۆمەلـەی گەلانیـش کردیـە بریاری کۆتایی لە ١٦ - ١٢ - ١٩٢٥:

١- دانانی هێلی بروکسـل لە نێوان تورکیا و عێراق، مانای لکان و دابرانی باشوری کوردستانە بە عێراق.

٢- داوا لەحکومەتـی بەریتانـی کـرا پەیماننامەیەکـی نوێ لەگەل عێراق مۆر بکات، بە بەردەوام بوونی (انتداب) بۆ ماوەی ٢٥ سالْ.

٣- داواکـرا لـە بەریتانیـا کاری پێویسـت ئەنجـام بـدات بۆ دلنیا کردنـی کـورد، وە ئـەو بریارانە جێبەجـێ بکات بۆ پاراسـتنی مافی ئایینی لەو ناوچەیەدا، ئەگەر نا سودمەندترە و باشترە ئەو ناوچەیە لەژێـر دەسـەلاتی تورکیـا بمێنێتـەوە لەبـەر ئەوەی بـاری ناوخۆی تورکیـا جێگیرتـرو لەبارتـرەو و سیاسـیەتی دەرەوەی بەهێزترە لە عێراق.

وە لە مادەیەکی تردا: بەسـەر تورکیاش سـەپێنرا کە بەلێن بدات سەربەسـتی تەواو بداتە دانیشـتوانی تورکیا و بیان پارێزێت بە بێ جیاوازی.

بۆیـە دەبینیـن لە پەیمانی لۆزاندا ناوی کورد نەهاتوەو زەبرێکی کوشـندەیان لە کورد داوە و بەتایبەت بەریتانیا بەرپرسـیارەتیەکی

ئەخلاقـی گـەورەی دەکەوێتە ئەسـتۆ لـەو پەیمانـەدا، چونکە لەگەڵ هاوپەیمانانیدا جوگرافیای کوردستانیان بە کردار و نایاسایی کردۆتە چوار بەش، باسـی پەیمانی سـیڤر هەر نەکراوە. پێویسـتە نەتەوەی کـورد توێژینـەوەی ورد لەو بابەتە بکات، بیکاتە باسـی سـەردەم و مافی خۆی تێدا بگەڕێنێتوە و بەشدار بوانی ئەو پەیماننامەش ریسوا بکات.

بۆیـە یەکسـەر لایەنگیری خۆیان بۆ نەتـەوەی کورد گۆڕیوە، لە سـەرجەم بەلێـن وپەیمانەکانی خۆیان پەشـیمان بوینـەوە بەرامبەر بەکـورد کـە دابویـان لەنێـوان سـالانی ١٩١٨- ١٩٢٢دا، ئـەوەش هـۆکاری تایبەتـی خـۆی هەبـووە، چونکـە هاوپەیمانـان خەریکـی بەرژەوەنـدی تایبەتی خۆیان بوونە لەو کاتەدا بەرامبەر واز هێنانی تورکیـا لـە ولایەتـی موصـل و کەوتنـە بەردەسـتی بیرەنەوتەکانی، ئەمەریـکاش دوای چـوار رۆژ هاتۆتە سـەر خەت وخۆی گەیاندۆتە نـاو کۆنفرانسـی نەوت (نەوتی موصـل) کونتراکتەکەی (عقد) زیندو کردۆتـەوەو لـە سـەر بنەمـای دەرگای کـراوە (open door) داوای بەشـی خۆی کـردوە[1]، تورکەکان ئەم هاتنە نـاوەوەی ئەمەریکایان بەهەل زانی کە پێشتر پێداگر بوو لەسەر مەسەلەی ئەرمەنیەکان و مەسەلەی پاراستنی کەمەنەتەوایەتیەکان وکاپیتۆلاسیونی(پاراستنی بێگانـەکان)، بەرامبـەر بەچـاو پۆشـی ئەمەریکا لـەو مەرجانە وئەو یارمەتیەگەورەیـە، تورکەکان رێگەیـان دا ئەمەریکا بێتە ناو بازاری نەوتـی موصـل. هـەر ئـەوەش بـوو چوونـە لۆزانـی ئەمەریکیەکان

١ - سورەیا بەدرخان- کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا - هەمان سەرچاوەی پێشوو - لا ٦١ - ١٢٠.

کەهەردەم بەدوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن، دیاری کردنی سنوری باکوری عێراق لەو کاتەدا دەستکەوتێکی گەورە بووە کە کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) چاوی پێ گیراوە. بۆیەش بە پەیمانی لۆزان رازیبوونە و پەیمانی سیڤر یان پشت گوێ خستوە، کورد دەبێت پەند لەو پەیمانە وەربگرێت، نەک هەر پەیمانی (سیڤەر) جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو نەتەوەی کورد لەگشت مافەکانی وەک خوێندن و نوسین و قسەکردن بەکوردی بێبەش کراوە بەو پەیمانە کە لۆزانە.

## ١١ – رێککەوتننامەی نێوان تورکیاو یەکیەتی سۆڤیەت لە ١٦ – ٣ – ١٩٢١:

پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری بووە لە چەند بەندێک پێکهاتووە، ئەو کاتە وەک سەرۆکی وڵات لە نێوان لینین و کمال ئەتاتۆرک بەستراوە[١].

## ١٢ – رێککەوتننامەی نێوان تورکیاو یەکیەتی سۆڤیەت لە ١٣ – ١٠ – ١٩٢١:

لەشاری قارس لەتورکیا ئەو پەیمانە مۆرکراوە. ئەوپەیمانەش ئەوکاتە وەک سەرۆکی وڵات لە نێوان لینین و کمال ئەتاتۆرک بەستراوە[٢].

ئەو دوو پەیمانە زەبرێکی کوشندەی لەبزاڤی ئازایخوازی کورد داوە، چونکە یەکیەتی سۆڤیەت کۆمەک و هاوکاری سەربازی بۆ

١ – گۆڤاری سەرخۆبوون– سەدیق عوسمان– ژمارە ٦،٥– بەهارو پایزی٢٠٠٠ – ل٥٠.

٢ – سورەیا بەدرخان– کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا – هەمان سەرچاوەی پێشوو – ل ٥٣ – ١٢٣.

توركیا ناردوه. لینین بروای وابوو کمال ئەتاتۆرک لەگەل سروشت و بنەماکانـی شۆرشـی ئۆکتۆبـەر نزیکـە، بـەوەش مەبەسـتی دور خستنەوەی ئینگلیز بوو لەناوچەکەدا، یەکیەتی سۆڤیەت بە پالپشتی ئـەو دوو پەیماننامەیە راسـتەو خۆ دژایەتی دوو شۆرشـی کوردی کردوە و هاوکاری تورکیای کەمالی کردووە دژی شۆرشـی شـێخ سـەعیدی پیرانـی سـالّی ١٩٢٥وشۆرشـی ئاگـری لەسـالّی١٩٢٧ – ١٩٣٠دا، کەلەگەرمەی سـەرکەوتنەکانی شۆرشـی ئاگری دا، روسیا لـە پشـتەوە هێـرش بـۆ چیایـی ئاگری دێنێـت وداگیـری دەکات، کە مەلبەنـدی سـەرکردایەتی شۆرشـی ئاگـری لـێ بووە و تەسـلیم بە سوپای تورکی کردوە[1].

### ١٣ – رێککەوتننامەی نێوان تورکیا و فەرەنسا لە ٢ – ١٠ – ١٩٢١:

بەمەبەسـتی هاوکاری کردنی فەرەنسـا بۆ تورکیا بووە کە لە ٨ بەندی سـەرەکی پێکهاتبوو، بە پـێ ی بەندەکانی ئەو رێکەوتننامەیە فەرەنسا لە سالی ١٩٢٥ یارمەتی سەربازی داوە بەتورکیا بۆ لەناو بردنی شۆرشـی شـێخ سەعیدی پیران، ئەوکات ولاتی سوریا لەژێر دەسـەلاتی فەرەنسـا بووە، فەرەنسـا رێگای بە سوپای تورکیا داوە بەنـاو خاکـی سـوریادا دزە بکـەن بە هێلـی شـەمەندەفەری حەلەب بسـوورێنەوە لەپشـتەوە بۆ سـەرکوتکردنی ئەو شۆرشـە، ئەوەش پیلانێکی تری شوم بووە لەو سەردەمەدا[2].

١ – عبدوللا ئۆجالان– پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا– هەمان سەرچاوەی پێشوو لا–٢١٩.

٢ – سورەیا بەدرخان– کێشەی کورد لە ئاست تورکیادا – هەمان سەرچاوەی پێشوو

### ١٤ – ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیاو عێراق و بەریتانیا لە ٥ – ٦ – ١٩٢٦:

ئـەو ڕێککەوتننامەیە لەدوای یەکلاکردنەوەی کێشــەی (ولایەتی موسل) هاتە ئەنجام دان، لەلایەن کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم)، کە بە سوودی عێراقی عەرەبی تەواو بوو، دژی بزاڤی ڕزگاری خوازی کـورد[1]. لەبەنـدی دووەمـی مادەکانی ٦ تا ١٣ ی ئـەو پەیماننامەیدا هاتوە، کە لایەنەکان هاوکاری یەکتر بکەن لەسەرکوتکردن و لێدانی هەر بزوتنەوەیەکی چەکداری، ئەگەر لەســەر ســنوری نێوان عێراق و تورکیا سەرهەلبدات.

### ١٥ – ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیاو ئێران لە ٢٢ – ١٠ – ١٩٢٦:

لەتاران بەسـترا بەمەبەسـتی دۆسـتایەتی و هاوکاری نێوانیان، بەندەکانـی ٥ و ٦ ئـەو پەیمانـە، ڕێگای بەهەر دوو ولات دەدا بزاڤی ڕزگاری خـوازی کورد لەهەردوو پارچەکەدا ســەرکوت بکەن، هەر کاتێک هەلبگیرسێت.

### ١٦ – ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیا و سۆڤیەت ١٩٢٧:

ئـەو پەیمانـە لەمۆسـکۆ مۆرکـرا بەمەبەسـتی دۆسـتایەتی و پاراســتنی ســنوری نێوانیـان، لەنێـوان (قەرەخان) جێگـری وەزیری دەرەوەی سـۆڤیەت و (زەکـی بەگی) ســەرۆکی شـاندی تورکی، بە ئامادەبوونی بالوێزی سۆڤیەت (ئەرالۆف)، ئەو پەیمانەش گورزێکی کوشـندەی دا لە شۆرشـی ئاگری لە کوردسـتانی تورکیا وەک باس کراوە لە پێشوودا.

---

– لا ٥٧ – ١٢١.

1 - The New Encyclopeia Britannica - Micropaedia - Volume - 7-London - 1982 - P41

**١٧ – ڕێککەوتننامەی نهێنی نێوان تورکیا و ئێران ١٩٣٠:**

ئێـران بـە پـێ ی ئـەو ڕێکەوتننامەیـە لـە مانگی ئایـاری ١٩٣٠ دا، ڕێگای بەسـوپای تورکیادا بەناو خاکەکەی بسـورێتەوە، لەناکاو لەپشترا لە شۆڕشی ئاگری درا.

**١٨ – ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و بەریتانیا لە ٣٠ – ٦ – ١٩٣٠:**

ئـەو پەیمانـە لـە ١١ بەنـدی سـەرەکی پێکهاتبوو، هیـچ بەندێکی لەسـوودی کـورد نەبـوو، بەریتانیـا ئەرکـی لەناو بردنی شۆڕشـی کوردی گرتە ئەستۆ، بەتایبەت لەناوبردنی شۆڕشی شێخ محمودی حەفید لە ١٩٣١ دا و لەناوبردنی شۆڕشی دووەمی بارزان لە ١٩٤٣ – ١٩٤٥ دا[١].

**١٩ – ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیاو ئێران ١٩٣٤:**

ئـەو ڕێککەوتننامەیـە دوای سـەردانی شـای ئێـران بـۆ تورکیـا مۆرکـرا، ناوەرۆکی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، سـەرکوتکردنی شۆڕشـی کـورد بـوو بـۆ قۆناغـی داهاتوو گـەر لە هـەر وڵاتێکیان ڕوویدات.

**٢٠ – ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد ی نێوان تورکیاو ئێران و عێراق و ئەفغانستان ١٩٣٧:**

لەشاری تاران مۆرکرا لەنێوان ئەو ولاتانە بە چاوساغی و ڕێنمایی بەریتانیا، بەندی هەفتەمی ئەو پەیماننامەیە ئاماژە بەوەدەکات:

(گشـت لایەنـەکان پابەنـد دەبـن و بەڵێـن دەدەن بـۆ وەرگرتنی

---

١- د.رجاء حسيني خطاب- حضارة العراق- الجزء الثاني العشر- دار الحرية للطباعة -بغداد- ١٩٨٥-ص٤٢.

رێکاری بەرگری لەیەکتر بەپێ ی دەسەلاتی خۆیان، دژی هەر دامەزراندن و چالاکی کردەی چەکداری، ئەو کۆمەلەو رێکخراوانەی ئامانجیان گۆرینی حوکمە لەو وڵاتانەدا، یا کاریگەریان لەسەر ئاسایشی ناوەخۆ و دەرەوەی ئەو ولاتانە هەیە لە سنورەکان... ).

ئەو پەیمانەش بۆ سەرکوتکردنی بزاڤی رزگاری خوازی کورد مۆرکراوە لە داهاتودا، لە هەر ولاتێکیان دا گەر رووبدات کەبەپەیمانی بەزاندنی سنوری یەکتر بەناوبانگە بۆ سەرکوتکردنی هەر راپەرین و شۆڕشێک[1].

## ۲۱ –رێککەوتننامەی ئەنقەرەی نێوان تورکیا و عێراق لە ئاداری ۱۹٤٦ [2]:

سێ هۆکاری گرنگ لەپشت ئەو پەیماننامەیە بوو:

أ- دەست بەسەر داگرتنی سنوری هاوبەشی نێوانیان کە مەزەندە دەکرا بە ٥٠٠ کیلۆ مەتر، وە بەتایبەت سنوری هاوبەشی تورکیا لەگەل یەکیەتی سۆڤیەت، ئینجا باسی دەست بەسەر داگرتنی ئازربایجان کراوە لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە.

ب- پوچەل کردنەوەی پەیمانی سەعد ئاباد ی سالّی ۱۹۳۷ ی نێوان تورکیاو ئێران و عێراق.

ج- راگەیاندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەسالّی ۱۹٤٦ دا،

١ – د. محمد الهماوندی- فكرة الحكم الذاتی والاقلیات العرقیة – مصدر سبق ذكره – ص ١٥٧ – ١٨٣.

٢ – جەلال تالّەبانی- کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد- هەمان سەرچاوەی پێشوو – لا ٢٧٠ – ٢٧١.

کـە ئـەو دوو ولاتـە پێیـان وابوو گەورەترین مەترسـی یە بۆ سـەر رۆژهەلاتـی ناوەراسـت و ترسـی ئـەوان لەپەرەسـەندنی بـوو بـۆ ولاتەکانیان.

**٢٢ – رێککەوتننامەی تاران ١٩٤٦:**

ئەو ڕێکەوتنە لەنێوان سـەرۆکی ولاتانـی ئەمەریکاو بەریتانیا و سـۆڤیەت و ئێران مۆرکراوە کەبریتی بوون لە (رۆزفلت و چەرچل وسـتالین و محمەد رەزا شـا)، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦، مەبەست لەو رێککەوتنە بڕینی کۆمەک و هاوکاری بووە لە کۆماری کوردسـتان، بەتایبەت یەکیەتی سۆڤیەت دوای ئەو رێککەوتنە پشتیوانی خۆی بۆ کۆمـاری کوردسـتان لە مەهاباد راگـرت و لەبنەمادا رێکەوتنەکە بۆ رووخانی ئەو کۆرپە کۆمارە بووە.

**٢٣ – رێککەوتننامەی سەربازی نێوان تورکیا و ئێران و عێراق لـە ١٩٤٧:**

مەبەستیش لێدان و رووبەرووبوونەوەی مەلا مستەفای بارزانی بووە لەگەڵ هێزەکەی، کە دوای رووخانی کۆماری کوردسـتان لە٩ – ٦ – ١٩٤٧لەخاکـی ئێرانـەوە هاتۆتـەوە عێـراق و دواتـر بۆ خاکی تورکیـا ودواتـر رووی لـە یەکیەتـی سـۆڤیەت کرد، مەلا مسـتەفای رابـەری بزاڤـی رزگاری خـوازی کـورد توانـی لـەو سـەردەمەدا هەولەکانـی ئـەو ٣ دەولەتە پوچەل بکاتەوە، بە پشـتیوانی هەڤالانی و بیری سـەرکردەیی و کارازمایی خۆی، توانی بەشـەڕ و بەرگری لەرووباری ئاراس بپەڕێتەوە بۆ خاکی سۆڤیەت لە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩٤٧.

**٢٤- ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانی بەغدا**

**(حلف بەغداد) Bagdad Pact ٢٤- ٢ - ١٩٥٥:**

ئـەو ڕێککەوتنـە لەشـاری بەغـدا بەسـترا لـە نێـوان تورکیـا و عێـراق، وە لەلایـەن ئەمەریـکاو بەریتانیا پشـتیوانی لێ کرا، پاشـان ئێـران و پاکسـتان یش چونە نێو ئـەو پەیمانە، ئەو ڕێککەوتنە زیاتر دژی ولاتانـی ئیشـتراکی بـوو، بەندی یەکەمی ئـەو پەیمانە چەندین ڕێککەوتـن وپرۆتۆکۆلـی لەخـۆ گرتبـوو، کـە تایبەت بوو بـە لێدانی بزاڤـی ئـازادی رزگاری خـوازی کـورد، بـەو ڕێککەوتنـەش تورکیا و عێـراق دەچونـە ناو خاکـی یەکتری سـنوریان دەبەزاند بۆ لێدانی شۆرشـی کـورد لەهەردوو ولات. بەلام خەونـی گلاوی ئەو پەیمانە لەگـۆر نـرا بەسـەرکەوتنی شۆرشـی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ لـە عێراق، زەعیم عبدالکریم قاسم ئەو پەیمانەی هەلوەشاندەوە[1].

**٢٥ - ڕێککەوتننامەی ئیزنهاوەری سەرۆکی ئەمەریکی لەگەڵ ئێران و تورکیا و پاکستان ١٩٥٩:**

مۆرکردنی ئەو پەیمانە بەمەبەستی هاوکاری سەربازی بوو بۆ یەکتری، بەتایبەت دوای سـەرکەوتنی شۆرشـی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ لەعێـراق بەسـەرکردایەتی زەعیـم عبدالکریـم قاسـم کـە لەپەیمانـی بەغـدای ١٩٥٥ (حلـف بەغـدا) دەرچوو، بەتایبـەت دوای گەرانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لەیەکیەتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق.

---

١ - د. محمد حسين الزبيدى - ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ فى العراق - مصدر سبق ذكره - ص ٥٦ - ٥٠٨.

## ٢٦ – ڕێككەوتننامەی سەنتۆ ی تەموزی ١٩٦٣:
CENTRAL TREATY ORGANIZTION(CNTO)

ئەو پەیمانە لەشاری ئەزمیری تورکیا مۆرکرا لە نێوان تورکیاو ئێـران، ناوەرۆکـی بەندەکانی ئـەو پەیمانە تایبەت بـووە بۆ لێدان و لەنـاو بردنی شۆرشـی ئەیلـول، پیلانەکەش ڕێگا بە سـوپای تورک دراوە بێتە ناو خاکی عێراق و لەگەڵ سوپای عێراق پێکەوە هاوکار بن بۆ لێدانی شۆرشـی ئەیلول لەناوچە ئازاد کراوەکان، پیلانەکەش ناو نراوە بەکردەوەی دیجلە (عملیات دجلە)، بەڵام ڕێبەری ڕزگاری خوازی کورد مەلا مسـتەفای بارزانی توانیویەتی ئەو پیلانە پوچەل بکاتەوە.

## ٢٧ – ڕێككەوتننامەی سەربازی نێوان عێراق و سوریا ٩ – ١٠ – ١٩٦٣:

لە ٢٥ – ٩ – ١٩٦٣ سەرەتا ئەنجومەنی باڵا بۆ بەرگری هاوبەش دامـەزرا بـوو لە نێوان ئەو دوو وڵاتـە، ئەو ڕێککەوتنە لەبنەرەتدا لە دژی شۆرشی ئەیلول کرابوو، حکومەتی سوریا هاوکاری سەربازی ڕەوانـەی عێـراق کرد[١]، بەناردنی تیپـی یەرموک (فرقه اليرموك) بە تەواوی چەک وتەقەمەنیە قورسـەکانی بۆ بەرەکانی شـەری بەزۆر سـەپێنراو بەسـەر کـوردا، ئـەو سـوپایەی سـوریا بەرەیەکـی تری شـەری لەناوچەکانـی دهـۆک و زاخۆ کردوە بەرامبـەر بە کورد لە دژی شۆرشـی ئەیلـول، بـەلام لەشـکری شۆرشـگێری کوردسـتان و سـەرکردایەتی کـورد توانیـان ئەو شـالاوە سـەربازیەی سـوریا تێکبشکێنن و پاشەکشەی پێ بکەن.

---
١ – م گۆران- بەجیهانیکردنی مافی مرۆڤ لە نێوان تیۆری و پراکتیدا -چاپی یەکەم- چاپخانەی تیشک – سلێمانی – ١٩٩٩ – لا ٢٤.

**٢٨ – ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٣ – ٦ – ١٩٧٥:**

بەرهەمی شۆڕشی ئەیلول ڕێککەوتننامەی ١٩٧٠/٣/١١ی لێکەوتەوە، کە گرنگترین دەستکەوتی بۆ بزاڤی ئازادیخوازی کورد دابین کرد لە باشوری کوردستان، بەڵام حکومەتی عیراق پاشەکشەی کرد لەو ڕیککەوتننامەیە، بۆیە سەرکردایەتی کورد لەساڵی ١٩٧٤ بۆ بەرگری کردن لە شەرعیەتی مافی نەتەوە بەرپەرچی هێرشەکانی عێراقی دایەوە، وەک زانراوە ئێران هاوکاری شۆڕشی ئەیلول بوو. بەڵام توانرا بە پاڵپشتی وڵاتانی زلهێز لە جەزائیر عیراق و ئێران لێک نزیک بکەنەوە لە ٦ – ٣ – ١٩٧٥، کە بە پەیماننامەی سنوری نێو دەولەتی و هاوسێ باشی نێوان عێراق و ئێران ناسراو مۆرکرا لە ١٣ – ٦ – ١٩٧٥. وە بەم هۆیەوە ئێرانیش پشتی لە شۆڕشی کورد کرد. چونکە مادەی سێیەمی ئەو پەیماننامەیە دەڵێت:

(هەردوو ولات بەدرێژایی سنوری هاوبەشی یەکتریان ئاسایش دابین دەکەنوو پابەند دەبن بەچاودێریەکی چر و کاریگەرلە سنورەکانیان بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەر هاتنە ناوەوەی تێکدەرانە بدرێت لەهەر لایەنەکەوە... ).

ئەو ڕێککەوتننامەیەش لەبنەمادا بۆ نەمانی کێشەی نێوان عێراق و ئێران بووە لەسەر دوو کێشەی سەرەکی:

أ- وەستاندنی هاوکاری ئێران بۆ بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد لە شۆڕشی ئەیلولدا.

ب- دیارکردنی سنوری وشکانی و ئاوی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

بۆمان دەردەکەوێت لەبەستنی ئەو ڕێککەوتننامەیە زۆربەی ولاتانی ناوچەکەو زلهێزەکانی جیهان رۆلی سەرەکیان هەبووە لە

نزیک کردنـەوەی عێـراق و ئێـران، لەوانـەش ئەمەریـکاو ئوردن و جەزائیـرو هندسـتان وهەنـدی ولاتی کەنداوی عەرەبـی، ئەوەش بە پیلانێکی نێو دەولەتی کرا کە سێ تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرت:

تەوەری سـێیەم: تایبەت بوو بە لێدان و لەناو بردنی شۆرشـی ئەیلول، هەر وەک نەیارو ناحەزانی کورد بۆیان چووە سەر[1].

بۆیە کورد پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو رێککەوتننامەیە بکات.

**٢٩ – رێککەوتننامەی نێوان تورکیا و عێراق سالی ١٩٧٨ [2]:**

ئەو رێککەوتننامەیە تایبەت بوو بە لێدانی بزاڤی رزگاری خوازی کورد لە هەر دوو ولات لەو بەشانەی پارچەکراون، بەتایبەت دوای لەناوبردنی شۆرشـی ئەیلول و سـەرهەلدانەوەی شۆرشـی گولانی درێژە پێدەری شۆرشـی ئەیلول دوای نسـکۆی ١٩٧٥، مەبەسـتیش چونـە ژورەوەی سـوپاو هێزی هـەر دوو ولات بووە بۆ ناو خاکی یەکتر، بە قولایی ٣٠ کیلۆمەتر بۆ لێدانی شۆرشی کورد، هەر بەپێ ی بەندەکانی ئەو رێککەوتننامەیە: لەمادەی (١) داهاتوە:

(کاتێک هەرکەسێک لەو ولاتانە هاتە ناو سنوری خاکی ولاتەکەی تر، دەگیرێت و رادەستی ولاتی خۆی دەکرێتەوە).

لەمـادەی چوارەمـی دەلێـت: (هـەردوو لایەن رێـکاری تەواو و هـاوکاری یەکتـر دەکـەن بـۆ وەسـتانی کاری تێکدەرانـە کەلەسـەر سنورەکانیان روودەدات) [3]. بەو رێککەوتنە سوپای تورکیـا هاتە

١ – د. محمد الهماوندی– فکرة الحکم الذاتی والاقلیات العرقیة – مصدر سبق ذکره – ص ١٥٧ – ١٦٧.

٢ – الغزو الترکی لکوردستان العراق– قسم الاعلام المکتب السیاسی للحزب الدیمقراطی الکوردستانی– مطبعة خبات.

٣ – رۆژنامەی میلەتی تورکی– ٢٥ – ٨ – ١٩٧٨.

نـاو خاكـی عێراق له ٢٦ – ٥ –١٩٨٣ [1]، له بیرەوەری ســەرهەلدانی شۆرشی گولاندا بەمەبەستی کەمکردنەوەی فشاری سەربازی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر سوپای عێراق لەسنوری لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستاندا. بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بریاری بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیایان دا لە رێکەوتی ٢٨ – ٥ – ١٩٨٣ دا، توانیان زەبری کوشندە لەو سوپایە بدەن و پاشەکشە بەو هێزە بکەن بۆ ئەو دیو سنوور لە ٦ – ٦ – ١٩٨٣.

١ – د. محمد الهماوندی– فكرة الحكم الذاتی والاقلیات العرقیة – مصدر سبق ذكره – ص ١٨٤.

## دانانان بەمافی چارەی خۆنووسین لە بەڵگەنامەو ڕێککەوتننامە جیهانیەکاندا:

مافی ژیان و مافی چارەنووس مافێکی سروشتییە خوای گەورە بـە مرۆڤی بەخشـیوە. وە هەمـوو ئایینەکان پشـتگیری ئەو مافەیان کردوە.

مافی چارەنووس چەکەرەی کردووە لە بیرو هزری مرۆڤایەتیدا لەسـەرەتای بونیـەوە، بەهەمـوو هێزێکـەوە ئەو مافەی پاراسـتوەو بەرگری لێ کردووە، وە پێشیلی ئەو مافەی نەکردوە لەسەر کەسانی تر، چونکە مافێکی یاسایی و شەرعی ئادەمیزادە، بنیادنانی بەندەکانی یاسـای گشـتی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤایەتیش لەجیهانیدا هەر لەسـەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، واتا پاراسـتنی مرۆڤایەتی گرنگە بە هەمـوو ڕەهەندەکانییـەوە لـە ژیاندا بە بیر و هزرو داهێنان و هیواو ئاواتەکانی، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد پێش بکەوێ و خۆشگوزەران بژێیت و مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت.

بەدرێژایی مێژوو دەرکەوتووە کە تەرازووی دادپەروەری لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ناهاوسەنگ بووە، بۆیە دەبینیین لە جیهانی ئەمرۆ زۆر لە نەتەوەکان تووشـی پێشێل کردنی ماف و داپلۆسینی نـەژادی و ڕاگوێـزان و ونبوونـی ناسـنامەی ڕەگـەزی و کەلتـوری بووینە هەر لەسەر دەستی ئەو ناهەوسەنگی و نادادپەروەریەدا.

شەرانگێزان بەدرێژایی مێژوو و سەردەمەکان دەستیان هەبووە لـە پێشـێلکردنی ئـەو مافانەدا چ بـە دزی چ بەئاشـکرا، قبوڵنەکردنی یەکتر کارێکی دژوارو مەترسـیدارە، ئەمەکی ڕەسـەنی ئادەمیزاد لە باوکە ئادەمدا دەردەکەوێت کە خوای گەورە خەلقی کرد و فەرمانی

به فریشـتەکاندا سـوجدەی گەورەیی بۆ ببەن، شـەرانگێزی و فتنەو کوژەری لە قابیلەوە دەست پێدەکات ، کەتاونبارە بەکوشتنی هابیلی برای، بەمەش ڕۆلی شـەیتان دەردەکەوێ کە فریشـتەیەکی لادەری فەرمانی خوا بوو،لەئەزەلەوە دوو بەرە چەکەرەی کردووە لەسـەر ئەو زەمینە، بەرەی خێر و بەرەی شەڕ .

واتـا لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا بەرە بەرە رکابەری شـەرانگێزان پـەرەی سـەندووە و خۆ سـەپێن مامەلەیان لەگـەڵ دەورو بەریاندا کـردووە، هـەردەم نەتـەوەی تـر و گەلانـی تریـان قبـول نەبووە و وەک پاشـکۆ و خزمەتـکار تەماشـایان کردوون، بۆیـە دەبینیین لەو سەردەمەشـدا هەمان کارەسـات دووبارە دەبێتەوە کە دەبیستیین و دەبینیـن نەتەوەیـەک مافی چارەنووسـی نەبێت لەژێر دەسـتی ئەو جۆرە شەرانگێزانەدا، دوای کۆمەلێک قوربانی و ئەنفال و شەهید و سوتانی گوند وشۆرش وخەبات، رازی نیین کورد وەک نەتەوەیەک مافـی ژیانـی هەبێـت، وەک باسـکرا نەتـەوەی کـورد تایبەتمەنـدی رەگـەزی و جوگرافـی و مرۆڤایەتـی رەسـەنی هەیـە و هەمـووی پێکـەوە بەندن لەسـێ خالـدا بەدرێژایی مێژوو، کە تووشـی دابەش بـوون و بڵاوەپێکـردن و روخانی ماڵ و راگوێزان و هەموو شـێوە نامرۆڤایەتیەک بووە لەسەر دەستی ئەو جۆرە شەرانگێزانە، کەچی لەسەدەی ٢١ دا مافی چارەنووس بە ڕەوا نابینن بۆ نەتەوەیەک کە زیاتر لە (٤٠) ملیون کەسە.

هـەر رەتکردنەوەیەکـی مافـی چارەنـووس بـۆ نەتـەوەی کورد لەلایـەن نەیـارو شـەرانگێزانەوە ، هیـچ مانایەکـی نییـە تەنها رق و کینەو ناشارستانیەتی و لێکتێنەگەیشتنی ئەنقەست نەبێت، دوای ئەو

هەمـوو خەبـات و بزاڤی رزگاری خوازییە، جیهانی ئەو سـەردەمە نابـێ خـۆی بێدەنـگ کات لەئاسـت ئەو مافـە سروشـتییە، بەتایبەت جیهانی ئیسلامی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چونکە کورد لە مێژوودا سەلماندویەتی ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیانی قبولە و کاتی ئەوە هاتووە ئەو مافە ڕابگەینرێت ئەمڕۆ لەسبەی باشترە بە پێ ی بنەما و دۆکۆمینتەکانی مرۆڤایەتی و دەستورەکانی سەردەم .

وەک لەپێناسـەی کەمینەدا هاتوە: کۆمەڵێک مرۆڤن لە ناو یەک دەولەتدا لەگەل زۆرینە جیاوازن، لە رووی رەگەزی (Race) یا بیرو باوەر وئایین (Religion) یا زمان (Langug).

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز دەفەرموێت:
( (إِنَّمَـا الْمُؤْمِنُـونَ إِخْـوَةٌ فَأَصْلِحُـوا بيْـنَ أَخَوَيْكُـمْ ۚ واتَّقُـوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)[1].

پێغەمبـەری ئیسـلام (محمـد) درودی خوای لێ بێـت، لەکۆتایی خوتبەی الوداع فەرمویەتی: (ایها الناس: ان ربکم واحد، واباکم واحد، ألا لافضل لعربى على عجمي ولا لعجمي على عربي، ولا اسود على احمر، ولا احمر على اسود، الا بالتقوى)[2].

سـەربەخۆیی گـەلان و وروژاندنـی مافـی چارەنـووس لەلایەن وڵاتـە زلهێزەکانـەوەش بـاس کراوە، بەڵام هەر ووشـەو دروشـمی بریقـەدار بـووە بـۆ هەلخەلەتاندنـی گەلانـی ژێردەسـت، پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان پێ گرنگتر بووە لە هەموو شتێکی تر.

١ القرأن الكريم- سورة الحجرات- الاية١٠.

٢ مجمع الزوائد ومنبع الفوائد - للحافظ نورالدين علي بن ابي بكر الهيثمي- جلد٣ -ص٢٦٥.

(ویلسن Wilson)[1] سەرۆکی ئەمەریکا لە ٨-١- ١٩١٨ دا دەلێت:

(دادپــەروەری بــۆ هەموو گــەلان و نەتــەوەکان، وەمافیان هەیە لەیەکســانی و ســەربەســتی و ئاسایشدا، ئەگەر ئەو گەلانە بەهێز بن یا بێهێز بن). هەروەها لە (١٤) خاڵەکەیدا لە خاڵی (١٢) باســی مافی چارەنــووس دەکات بــۆ نەتەوەکانــی جگــە لە تورک لــە تورکیادا کە کوردیش دەگرێتەوە.

حکومەتــی روســیای کاتی لــە (١٩ی نیســانی١٩١٧) دا بەیانیکی بڵاو کردەوە لە راگەیاندنەکاندا دەلێت: (حکومەتی روســی باوەری وایــە و مافــی خۆیەتــی و بەلکــو ئەرکــە لەســەر شــانی، لــە مرۆوە رایبگەیەنێــت کــە روســیا ســەربەســتە، ئامانجــی داگیرکردنــی هیــچ وڵاتێکــی نیە، ئامانجی تێکدانی کەلەپوری نەتەوەیی نی یە، هەروەها نایەوێت بەزۆر دەســت بەســەر هیچ خاکێکی بێگانەدا بگرێت، بەلکو دەیەوێــت و ئامانجــی ئەوەیــە ئاشــتیەکی بەهێز بەرپا بکات لەســەر بنەمای دانان بەمافی چارەی خۆنووسین بۆ گشت گەلان).

حکومەتی فەرەنسا لە ١٣ ی حوزیرانی ١٩١٧دا دەلێت:

(فەرنســا بیرلەچەوســاندنەوی هیچ گــەل ونەتەوەیەک ناکاتەوە هەتا لە دوژمنەکانیشی.... ).

وەهەروەهــا حکومەتــی بەریتانیــا لەبــارەی جەنگــی جیهانــی یەکــەم١٩١٤وە دەلێــت: (بەریتانیا نەچۆتە ناو ئەو جەنگە بۆ ئەوەی داگیرکاری (فتوحات) بکات، بەلکو ئامانجی یەکەم و کۆتایی بەرگری کــردن بــووە لە وڵاتی خــۆی، وە پابەند بووە و رێزی لە ئەرکەکانی

١- د.كمال مظهراحمد- دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية- مطبعة الحوادث- بغداد-١٩٧٨-ص٧٠.

نێـو دەولەتـی گرتـووە، وە حکومەتـی بەریتانـی هـەوڵ دەدات بـۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە و رزگار کردنی ئەو گەلانەی کە بێگانەکان ئەوانیان چەوساندۆتەوە) [1].

لەگەڵ ئەو ووتە بریقەدارو گەورانەدا دەبینین ئەو وڵاتە زلهێزانە هـەر بەخۆیـان هەلسـاون بەچەوسـاندنەوەی ئـەو گەلانـە، ئەگـەر (عصبـە الامـم) کۆمەڵەی گەلان یش دامەزرا بێت لە٢٥ – ٦ – ١٩١٩ دلخۆشـکەربووە بـۆ کورد، بەڵام دەبینیـن بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە پێش هەموو شـتێک بووە، بۆیە ئەو جارە بەشـێوەیەکی تر یاسایان بـۆ خۆیـان دارشـتوەو گەلانیـان چەوسـاندۆتەوە؟ ئەگـەر پێشـتر بەناوی مستعمرات بووە ئەو جارە کردویانەتە ئینتیداب گوایە ئەوە باشترەوخۆبەرێوەبردن و نیمچە سەربەخۆیە بۆ نەتەوەکان.

ئەگـەر بەووتـەی ئـەوان بوایە دەبوایە گشـت گەلانی جیهان مل کەچی و پاشکۆیی قبول نەکەن؟ کە پیشتر کورد بەسەر دوو شەرگەدا دابەش ببو شـیعەی سـەفەوی فارسـی کە بە ولاتی ئێران ناسـرا لە ١٩٣٥ مانای ناوی ئێرانیش وەک ووشە بەخاکی ئاری دێت، سونەی تورکی عوسـمانی کەزۆربەی رۆژهەلاتی ناوەراستی لە ژێر دەست بوو دواتر بە کۆماری تورکیا ناسـرا لە ١٩٢٤، کەچی دەبینین دوو ولاتـی وەک بەریتانیا و فەرەنسـا هاتن ئـەوەی هەش بوو لەناویان بـرد، بـەو پەیماننامانـەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم کەوتنە سـەر لاشـەی مردووی پیاوە نەخۆشـەکە کەدەولەتی عوسـمانی بوو، کە کورد لەوێ یەک بەش بوو کردیانە سـێ بەشـی پچر، جگە لەبەشی

١ – د. محمد الهماوندی– فکرة الحکم الذاتی والاقلیات العرقیة – مصدر سبق ذکره – ص ٣٥.

ڕۆژهەڵات کە لەژێر دەستی ئێرانی سەفەوی دا بوو.

هەر چەندە لەکۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) دا باسی حوکمی زاتی کراوە بەشێوەیەکی نادیارو روون، بۆ ئەو نەتەوانەی کەژێردەست بوون . وە لە پەیماننامەی ڕێکخراوی فەرمی نێودەولەتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا (میثاق الامم المتحدة) گرنگی زیاتری پێدراوە کەلە ٢٤ – ١٠ – ١٩٤٥دامەزراوە، بەڵام باش روون نەکراوەتەوە مەبەستی سەربەخۆیە بەمانای رامیاری و سیاسی، یا دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆ و سەروەری یە بۆ ئەو نەتەوانە لە هەمان هەرێمی ئەو وڵاتەدا.

بە پێ ی ناوەرۆکی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبابەت سەربەخۆی و خۆرێبەری گەل و نەتەوکان لە ماددەی ٧٣ لە فەصلی ١١ دا دەلێت[1]: ئەندامانی نەتەوەیەکگرتوەکان بریار دەدەن:

(ئەو نەتەوانەی پێیان باشە ئێستا یا دواتر بریار دەن لە مافی خۆرێبەری خۆیان، کە پاشکۆی کارگێری هەرێمەکانن کە نەتەوەکانیان بەشی تەواییان لە سەربەخۆی و حوکمی زاتی وەرنەگرتووە لەسەر بنەمای دادپەروەری، بەرژوەندی خەلکی ئەو هەرێمانە لە پێش هەموو شتێکە، ئەوەش ئەمانەتێکی موقەدەس و پیرۆزە لەملی دەسەلاتدارانی بەرپرس و ناوەند، کە پابەند بن بەکارکردن بۆ پێدان و بوژانەوەی حوکمی زاتی، ماف وهیوا و ئەمانەتی سیاسی ئەو نەتەوانە پێویستە رێزی بگیرێت، وە پێویستە گەشە بە سیستەمی سیاسی سەربەخۆیان بدرێت بە بوژانەوەیەکی

١- د. احمد محمد بوونة – میثاق الامم المتحدة- ومنظمة العدل الدولیة-المکتب الجامعي الحدیث – الاسکندریة- مصر- ٢٠٠٩-ص ٣٢-٣٣.

چاکتر و لێهاتوتر هاوکاری بکرێن).

بەڵام هەلویستی کۆمەڵەی گشتی (الجمعية العامة) لە رێکخراوی نەتــەوە یەکگرتــوەکان لەخولــی١٥دا بەژمارە١٥١٤لــە١٤ - ١٢ - ١٩٦٠لەبــارەی راگەیاندنــی ســەربەخۆیی وڵاتــان و نەتەوەکانــی ژێردەست بەو شێوەیە دەدوێت[1]:

(سەربەخۆیی ئامانجی سەرەکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانە و هەول دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە، نەوەک حوکمی زاتی).

هەروەها لە فەقەرەی (٥ی) هەمان پەیماننامەدا دەلێت:

(پێویســتە بەزوتریــن کات هەلســن بەچارەســەرکردنی هەمــوو ئــەو هەرێمانــەی کەچاودێــری (وصایــە) دەیانگرێتــەوە، یــا ئــەو هەرێمانــەی حوکمــی زاتیــان نــی یــە، یا هەمــوو ئــەو هەرێمانەی تا ئێستا سەربەخۆییان وەرنەگرتووە، پێویستە هەموو دەسەلاتێک بۆ نەتەوەکانیان بگێردرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن خۆشــی لەسەربەستی و سەربەخۆیی ببینن).

تێروانیــن لەســەرجەم پەیماننامــەو رێککەوتنــەکان پێویســتی بە پێداچوونەوەی فراوانتر و وردتر هەیە، نەتەوەی کورد دەبێت پێش هەموو شــتێک ئەو مێژووە بنوسێتەوەو تۆماری بکات بۆ نەوەکانی و یــارو نەیارانــی، چونکە لەپشــت هەر پەیماننامەیەکدا مەبەســتێکی تایبەتی هەبووە[2]، کە ئەویش پەرتەوازە بوون و لەناوبردنی راپەرین

١- پاریزەر- هەژاری عەزیز سورمێ- لە بیرەوەری یۆبیلی زێرینی جاڕنامەی مافی مرۆڤ- چاپی یەکەم- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر-١٩٩٨-ل٦٠.

٢ - د. كمال مظهر احمد- كردستان فی سنوات الحرب العالمية الاولی- مصدر سبق

و شۆرش و سەرکوتکردن و ژێر دەستە کردنی ئەو نەتەوە بێپشت پەنایە بووە. ئەگەر باس لەو هەموو رێککەوتننامە شومانە بکەین و شۆرشەکان و سەرهەلدانەکان بێنینەوە بەرچاوی خۆمان لەو سەردەمە، ئەوا سەرمان سوردەمێنێت کە بەو جۆرە کار لەسەر کورد کراوە و چەندین خەنجەری ژەهراوی بەدەستی یارو نەیار لە پشتەوە بە نهێنی و ئاشکرا لە کورد دراوە.

کارکردنی ولاتانی زلهێز بۆ سەربەخۆیی کورد لە چەرخی رابردودا وەستابووە سەر بەرژەوندی و شەری ساردی نێوانیان، بەتایبەت دوای کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، چونکە تورکیا چووە نێو هاوپەیمانی سەربازی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) (حلف شمال الاطلسي) لە ١٨شوباتی ١٩٥٢ ئەوەش بەشێکی باکوری کوردستانی ژێر دەستبوو، بۆیە ناچاربوون بەرگری لەتورکیا بکەن، نەک کێشەی کورد و بەدەولەت بوونی، چونکە نابێت هاوپەیمانەکەیان کەتورکیایە پارچە بێت بە تێروانینی خۆیان.

هەروەها گرنگی ئێران و تورکیا لە هاوپەیمانی ئاسیای رۆژهەلاتی ناوەراست (سنتو)، واتا بەهەمان شێوە نە ئەمەریکا و نەیەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو نەیاندەویست ئەو دوو ولاتە پارچە بن و کورد بەشی خۆی دەست کەوێتەوە، خۆشیان سودمەندی زیاتر بوون لەفرۆشتنی چەک وتەقەمەنی لە بەردەوامی ئەو کێشانەدا لەناوچەکەدا. وهەروەها بەردەوام فشاریان دەخستە سەر ئەو ولاتانەی کوردی لێ یە بۆ ئەوەی لەژێر رکێفی ئەوان دابن بۆ

---

ذکرە- ص ٢١٥ - ٢١٦.

پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان.

ئـەو جـۆرە بابەتانـە مایـەی خوێندنی ئەکادیمـی و توێژنەوەی زانسـتی و بـە مەنهـەج کردنیەتـی، بـۆ ئەوەی لـەو سـەردەمەدا بە وریایی ئاگاداری دەستکەوتەکانی ئەو هەموو قوربانی و بەرخودان و شـەهید و پێشـکەوتنانە بین کە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە باشـوور هەنـگاوی بۆ ناوە، مانای ئـەوەش نیە ئێمە رەخنەی بنیات نەر نەگرین لەو بزاڤە رزگاری خوازی یە، بەڵام دەبێت ماوەی یەکتر بدەیـن و لەیەکتـر تێبگەین لەناو خۆ بۆ قۆناغـی رابوونی نەتەوەیی گەورەتر لەو قۆناغە.

هەمـوو وڵاتێـک پێویسـتە بـە خۆدابچێتـەوەو مـاف و ئـازادی نەتەوەکانی ژێردەستەی خۆی دابین بکات.

بەپـێ مـاددەی یەکەمـی راگەیاندنـی کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـوەکان کـە لەکانونـی یەکەمی سـاڵی ١٩٩٢ دەڵێت: (لەسـەر وڵاتانە هەڵسـن بە پاراسـتنی مافی ئەونەتەوە جیاوازانەی لە سـەر هەرێمەکەی دەژین، وەک پاراسـتنی پێناسـی نەتەوایەتی و رەگەزی و پێناسی رۆشنبیری و ئاینی و زمان، وەدەبێت پاڵپشتیان بکەن بۆ بەدەست هێنانی ئەو پێناسانە).

پێویستە هەموو نەتەوەیەک بگاتە مافی چارەنووس و بەدەوڵەت بوونی بەمانای یاسایی و دەستوری، مافی نەتەوەکان نابێت پێشێل بکرێـت بەنـاوی دابـەش نەکـردن و هەڵنەوەشـانەوەی وڵاتێـک، کە لەوەتـای دامـەزراوە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیەکی تاک وتاقانە بووە و ئەوانـی تریـش وەک زڕ بـرا تەماشـاکراون بەتایبـەت لەعێراق و تورکیا و ئێران وسوریا.

کورد لەروانگەی مێژویی و رامیاری و کۆمەلایەتی و جوگرافی لەو بەشانەدا یەک نەتەوەن:

بە پێوەری ماددی: رەسەنایەتی و خاک ومێژوو و زمانیان یەکە.
بەپێوەری زاتی و ئیرادی: پێکەوە دەژین بەهاوبەشــی و هەســت و ئینتمایان بۆ نەتەوە هەیە.

خاکــی کوردســتانیش ناوچەیەکــە نەتــەوەی کــوردی لەســەر دەژی کــە ئێســتا لەژێــر دەســەلاتی ولاتانــی (تورکیــا - ئێــران - عێــراق - ســوریا ) دایــە. کــورد شــۆرش و بزاڤــی رزگاری خوازی خــۆی کردوە بــۆ بەدەســتهێنانی مافی چارەنووس و ســەربەخۆیی ، هــەر لەیەکــەم دابــەش کردنی خاکەکەی لەســالانی ١٥١٤ و ١٦٣٩ دا، ئــەو بیرۆکەیــەش لەلایــەن سیاســەتی نێــو دەولەتی یــەوە پیادە کــرا لەســالانی ١٩١٤ - ١٩١٨ دا، کــە دوای کۆتایــی هاتنــی جەنگــی جیهانــی یەکــەم زۆر لەنەتەوەوگەلانــی ژێردەســت لەرۆژهــەلات رزگار کــران، کوردیش داوای ســەربەخۆی کــرد لەو کاتدا، دەولەتە هاوپەیمانەکانیــش لەپەیمانــی ســیڤەری ســالی ١٩٢٠دا پشــتگیریان کــرد، ئــەو پەیماننامەیــەش زۆر بەراشــکاوی و راســتگۆیی باســی کێشــەی کوردی کردوە، ئەوەش دۆکۆمێنت وبەلێننامەیەکی یاسایی نێو دەولەتی گرنگە بۆ مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی کورد، وەک دانپێنانێکی یاسایی ودادپەروەی بۆ ئەو مافە ودامەزراندنی دەولەتی کوردی.

ئــەو پەیمانــە وەکو خــۆی کاری پێنەکرا لەروانگــەی ڕامیاری و سیاســیەوە وەکــو لەپێشــەوە بــاس کراوە، بــەلام لــەڕووی مۆرکی یاســاییەوە وەکــو خۆی ماوە لایەنی معنــوی و ماددی لەبەندەکانیدا

زۆر بەهێـزە، بۆیـە پێویسـتە بزاڤـی رزگاری خوازی کورد لەسـەر هەمان پەیمان پێدابگرێ، بە پشـت بەسـتن بەیاسـای نێو دەولەتی و بەپشتگیری کردنی نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆمافی چارەی خۆنوسین و سەربەخۆیی کورد و بەدەولەت بوونی، بەتایبەت مادەی یەکەمی برگـەی دووەمی پەیمانی نەتەوە یەکگرتـووەکان دەڵێت:(پەرەپیدانی پەیوەندی نێوان میللەتان لەسەر بنچینەی هاوکاری و ئاشتی دەبێت، هەر یەکێکیشـیان مافی چارەی خۆنووسینی بەدەست خۆی دەبێت) پرسیار لێرە ئەوەیە:

(ئایـا دەشـێت گەورەتریـن نەتـەوەی سـەر زەوی لـە جیهانـی ئـەورۆدا و لە چەرخـی عەولمەدا بێ دەولەت بێ؟کە هەموو مەرجە یاسـاییەکان و پێـوەرە نێودەولەتیەکانـی بۆ بـوون بەدەولەت هەیە: وەک (خاک – گەڵ – دەسەلات).

بەتایبەت لە بەشـی باشـوری کوردسـتان، کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهـاری ١٩٩١وە دام و دەزگای فەرمـی سـەرۆکایەتی هەریـم و پەرلەمـان و حکومـەت و ئەنجومەنـی دادوەری لـە هەرێمێکـی دیاریکـراودا حوکـم دەکـەن، کێشـەی کورد لەسـەرەتاوە تا ئێسـتا لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی و سـۆز تەماشـا کـراوە, هەوڵـی بەیاسـایکردنی نـەدراوە, ئەگـەر دۆکۆمینت و بەڵگەنامەی رەسـەن بخرێتـە بەردەسـت پارێزەرێکـی زیـرەک و بەتوانـای ناوەخـۆ، یـا دەرەکـی ولاتێکـی پێشـکەوتوو، هەوڵی بـۆ بدات لەهـەر پارچەیەک لەپارچەکانی ئەو ولاتە, زۆر باشـترە لەوەی سیاسـیەکان بچن ئەو کێشـە بخەنە بەردەستی پایتەختەکان, ئاشـکرایە هەموو سیاسیەک شـارەزای یاسا نییە؟ وەهەموو یاساییەک شارەزای سیاسەت نییە, ئەگەر بەدوا داچونی وردو توێژینەوەی بەتوانای بۆ کرێ چ لەسەر

ئاستی ناوەخۆ بێت یا دەولی, بێشک ئەنجامێکی باشی دەبێت, دەتوانرێ بەو شێوەیە دەرچەیەکی مێژویی بۆ کورد تۆمار بکەین بە هەڵدانەوەی ئەو پەیمان و ڕێککەوتننامانەی تایبەتن بە کێشەی ئەو گەلە ستەمدیدە خاکییە, ئینجا بەیەک هەلوێست و بەیەک رەنگ پشتگیری بوێرانە لەو دۆسیەیە بکرێت تا ئەنجامی کۆتا بەدەست دێنێت, چونکە ئەوەی تا ئێستا ئەنجام دراوە و بەرهەم هاتوە تەنها سۆزو عەتفە بەکورد دراوە لەسەر چەند بابەت و ڕوداوێکی مرۆڤایەتی, واباشترە کێشەی کورد بەجیهانی بکرێت و داوای داواکراو وەک کورد نەک وەک سەرکردە, روون و ئاشکرا بێت چی دەوێت و چی مەبەستە؟ داوالێکراویش دەستنیشان بکرێت وەک دەوڵەت وکەسی معنوی؟ نەک وەک تاکەکەس و کەسی سروشتی سەرکردەو دەسەلاتدارەکانی دەولەت, چونکە ئەوان لەژیان و حوکم نەماون و ئەگەر هەرچییان کردبێ شخصی هەژمار دەکرێت, لەڕوی یاساییەوە باشترە داوالێکراو دەولەت بێت, تامافی ئەو نەتەوەی لەسەر بسەپێندرێت بەیاسا, بەپەسەندیش دەزاندرێ ماددەکانی دەستور ومافی چارەنووس بخرێتە ناو بواری پەروەردەو خوێندن و راگەیاندنەکان, تا ڕۆلی خۆیان ببینن نەوەی نوێ و هاوولاتیان بەو مافانە ئاشنا وشارەزا بکرێت, وە پرۆژەی تۆکمەی بۆ ئامادە بکرێ لەشارەزا و پسپۆرانی ئەو بوارە. جا یا دەستەبەرکردنی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی، یا دەستەبەرکردنی مافی هاوولاتی بوون بە یەکسانی بۆ کورد لەم وولاتانەدا، کە ئەمەش بە درێژایی مێژوو ئەستەم بوون و بەدی نەهاتن.


خوای گەورە پشت و پەنامان بێت

٢٠١٤-٣-١٧

# پاشکۆ و بەڵگەنامەکان




نەخشەی کوردستانی گەورە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا





نەخشەی ولاتی ژێر دەسەلاتی نایرییەکان





**نەخشەی ئیمپراتۆریەتەگەورەکانی چەرخی شەشەمی پیش زاین لەوانەش ئیمپراتۆریەتی میدیا**




**نەخشەی ئیمپراتۆریەتی فارسی و میزوپۆتامیا**




**نەخشەی کوردستان لە ساڵی ٩٧٧ی زایینی کێشراوە بەدەستی**
**( محەمەد بن حەوقەل)**




دەوڵەتی سەلجوقی و جیهانی ئیسلامی
لە چەرخی یازدەی زاینیدا





نەخشەی دەسەلاتی دەولەتی ئەیوبی





نەخشەی میرنشینەکانی کورد– بابان و سۆران




**نەخشەی میرنشینە کوردیەکان– بادینان**




**نەخشەی میرنشینەکانی ئەتابەگەکان دوای هەلوەشانەوەی سەلجوقیەکان**
**لە چەرخی دوازدەدا**




نەخشەی شەری چالدیرانی ساڵی ١٥١٤



نەخشەی کوردستان  لەسەردەمی دەسەلاتی دەولەتی عوسمانیدا




نەخشەی کۆنی ولایەتی بەسرەی سەر بە دەولەتی عوسمانی
لەکۆتایی چەرخی نۆزدەدا





وولایەتی حەلەب لە رۆژئاوای کوردستان
لە سەردەمی عوسمانیەکان




نەخشەی کوردستان بە پێ ی سەردەمەکانی مێژوو





نەخشەی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ



ئاڵای دەولەتی ماد




ئاڵای دەوڵەتی ئەیوبی



ئالای دەوڵەتی زەند



ئالای شۆرش و ڕاپەرینی کۆچگیری باکوری کوردستان ساڵی ١٩٢١



ئاڵای دەوڵەتی کوردستان لەسەردەمی
حکومەتی شێخ مەحمودی حەفید ساڵی ١٩٢٢



ئاڵای کورد لە کۆماری ئارارات ١٩٢٧–١٩٣٠



ئاڵای کۆماری کوردستان لەمەهاباد ١٩٤٦



ئاڵای کورد لە باکور و رۆژئاوای کودستان



ئاڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەباشوری کوردستان



مێژوونوس و مامۆستای پایەبەرز– د.کەمال مەزهەر لەگەڵ نووسەر




یاساناس و مامۆستای پایەبەرز –د.محەمەد هەماوەندی
لە گەڵ نووسەر

کۆمەڵێک بەڵگەنامەو بڵاوکراوەی دەگمەن کە لەلایەن کۆمەڵەکانی بزاڤی رزگاری خوازی کورد نوسراون و بڵاوکراونەتەوە لە سەردەمی خۆیدا لە باشوری کوردستان، لەوانەش کۆمەڵەی پشتیوانانی کوردو کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان و کۆمەڵەی بەرزیەتی کوردان، کە پەیوەندیان بە کێشەی رەوای گەلی کوردەوە هەیە لە ساڵانی ١٩٢٠–١٩٣١. ئەمەش بەڵگەی هەوڵدانی تیکۆشەرانی نەتەوەی کوردە لە گشت سەردەمەکان

بۆ زیاتر روونکردنەوەو تێگەیشتنی ئەو بەڵگانە ماندووبوونێکی زۆرم دیت تا تایپمکردنەوەو دووبارە نووسیمەوە چونکە بە رێنووسی ئەو سەردەم نووسرابوون .

بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی برای بەرێزم ئاری فاروق نانەکەلی دەستمان کەوت.

## بەڵگەنامەی ژمارە(١)



مرکز : شاخی قندیل

گولی : برزیتی کوردان

ژماره : ١

تاریخ : ٨ / ٨ / ٩٢١

**مركز : شاخی قندیل**
**گەلی : بەرزیەتی کوردان**
**ژمارە : ١**
**تاریخ : ٨–٨–١٩٣١**

ئەی کوردی جگەر سوتاو زۆر چاک چاوتان بکەنەوە و بەهەموو قوای عەقلیەتانەوە ئەم نوقاتانە تەماشا بفەرمون، ولەحوادساتی زەمانە متاثر و پشتتان ساردنەبێتەوە، تەماشای ئەلمانیا و روسیا و تورکیا بکەن لەحربی عمومی یدا چۆن کەوتن، وەهەتا انسان ئومێدی ژیانەوەیانی قەت نەدەکرد.

کەچی ئێستا چۆن ژیانەوە وە بۆ احیائی حکومەتەکانیان بەچەند نەوعێک لەتەلاشدان، ئینجا ئێوەش نابێ پشتتان سارد بێتەوە بە بەعزێ تەقلباتی زەمانە، ئەوا ئەو نوقاتانە کە بە زەرورمان دیت دەیخەینە پێش چاوتان :

١- ئەی کورد بەتەسلیم بوونی شێخ محمود قوەتی مەعنەویتان نەشکێت.

٢- ئەی کورد رۆژی رەشی ئەیلولی ١٩٣٠ سلێمانی لەفکر نەکەیت، و دوبارە چاوت بەمەش بشکێت و لەسەر هەموو کوردێ لازمە ئەم رۆژە رەشە بخاتە پێش چاویان و تەعزیە بگرن عەلەنەن، وەکو شیعەکان کەلەمانگی موحرەمدا شیوەنی حضرەتی(حسین) دەکەن. ئێوەش هەروەها شیوەنی ئەو لاوانە بکەن کەلەبەر دەرگای سەرای سلێمانی ئەتلانەوە بەدەم گوللەی عەرەبەکانەوە .

٣- ئەی کورد میللەتتان بەشرینقەی میقروباوی سەفەری رەئیس وزراء وئەمسالی ئەوبۆ(الویە الثانیة)(مەبەستی لیوای دووی مەلەکییە)بەخەلاتکردنی بەعزێک ئەشخاصی خائنەوە لەتەرەفی مەلیکەوە،نەمریت و بەچی قوەتێکتا هەتە رەدی ئەفکاری ئەو و ئەمثالی ئەو خائینانەی ناوخۆمان بکەنەوە.

٤- ئەی کورد عصبە الامم لەتەلاشدایە (لە هەولدایە) بۆ سەندنی حەق و حقوقی ئێوە،کەچی ئێوەش لەم ئاخرەدا لە داواکردنی حەقی خۆتان ساردبوونەوە.


رجاء ئەکەین کە حەرارەتێکی ساڵی ١٩٣٠ بێننەوە وجودتان و چاوتان نەترسێ، و بەدەنگێکی بڵند هاوار بکەن کەحەق و حقوقی خۆمان ئەوێ حرف حرفی کەلەتەرەف عصبة الاممەوە قرار دراوە.

٥- ئەی کورد موزەفەریەتی شەری ئاوباریک و کوشتاری سورداش لەفکر نەکەی و مقابل بە رۆژی شەشی رەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠زیاترە و بەلکو حەقت زیاتر سەندراوە.

٦- کۆمەلی بەرزیەتی کوردان رەسمو قوەتێکە، وە فیداکارە بۆ بەرزکردنەوەی کوردان و گیان فیدان هەمیشە بۆ کوشتن و فەوتاندنی پیاوی خائین لە کوردستاندا.

٧- ئیتر رۆژتان شاد میللەتی کوردانی جگەر سوتاو، دەست لەهەموو لایەکمان و نەصرەت لەخودا براینە.

## بەڵگەنامەی ژمارە(٢)



[illegible] ک . پ . ک .

ژمارە : ٢٢٥

تاریخ : ١٠ / ٨ / ٩٤٠

لە پاش بەیانی دەرچوان کە بە احوالی هەڵبژاردنی «هەیئەتی وکیلە بو معاهدەی کورد و ئنگلیز» بە بیانێکی خاص عرض ئەکرێ ئەوەیە ؛

١ - کوردستان اعتبار ئەکرێ بە چوار لوا : سلیمانی ، کرکوک ، باجەلان (خانقین) ، هەولێر و دهوک

٢ - لە هەر لوایێکدا هەیئەتێکی موسسە عبارەت لە [illegible] کسی فدائی وطنی و شریف تشکیل ئەکا و ئەم هەیئە وەک هەیئەتی تفتیشیە هەڵبژاردنی دوەم بو هەڵبژاردنی هەیئەتی وکیل هەڵ ئەبژێرێ . و ئەمانەی بەم نوعە هەڵ ئەبژێرن : آ - لە هەر ناحیەیەک [یەک] لە هەر قضایەک [دوو] و لە هەر مرکزی لوایێک [پێنج] و ئەمانە لە مرکزی لوادا کو ئەبنەوە و [دە یەکێک] لە ناو خویانا هەڵ ئەبژێرن و توکیلیان ئەکەن . ب - لە دوای تەواو بونی هەڵبژاردنی دە یەکەکان لە هەر لوایێکدا ، دە یەکی لواکان لە لوایێکی مناسبدا (کە بە تەکلیفی هەر ئەم لوایە انتخاب ئەکرێ) کو ئەبنەوە ؛

٣ - دوای کوبونەوەی دە یەکی لواکان لە مرکزی لوای معیندا بە اشتراکی عمومی ئەو نفرە بو عقد و بڕینی وضیعتی مستقبلی کورد مقرراتێ انتخاذ ئەکرێ ، عمدەی اساسی ئەم مقرراتە سندی حقوقی کوردانە ، تثبیتی حدودی کوردستان ، وضعی سیاسی ، اخلاقی ، تجاری و صناعی کوردستان ئەبێ .

٤ - پاش تثبیت و تصدیقی مقرراتی نفوسی هەیئەکە وکیلە هەڵ ئەبژێرێ و بەم هەیئە هەیئەی وکیلی دەبژێری و بو مذاکرات [illegible] لە پاش سوندی ئەم هەیئە صلاحیتی کاملی ئەدرێ .

٥ - لە هەڵبژاردنی هەیئەتی وکیلدا نساوی مقداری لواکان مشروطە ؛

٦ - هەیئەتی وکیل بو هەیئاتی کار و باری هەر ئەتوانی لە هەر کوردێک [illegible] معاونەت داوا بکا ، مخالفی هەیئەت خیانەتی وطنیە .

٧ - کوڵ [illegible] هەر توانی هەیە دە آمادە بن ئەم هەیئەیە [illegible] کردن بە وظیفەکانی اساسی ئەتوانێ .

[illegible]

**تەبیلغاتی کۆمەلی : ک.پ.ک**
**ژمارە : ٣١٥**
**تاریخ :١٠–٨–٩٣٠**

لەپەیامی مانگی دا وتبومان کە ، اصولی هەلبژاردنی (( هەیئەتی وکیلە بۆ معاهدەی کورد و ئینگلیزی)) بە بەیانێکی خاص عەرز ئەکەین ئەمەیە:

١- کوردستان اعتبار ئەکرێ بە چوار لیوا: سلێمانی ، کرکوک ،باجەلان(خانەقین)، هەولێرو دهۆک.

٢- لە هەمو لیوایەکدا هەیئەتێکی مۆسسە عبارت لە حەوت کەسی فیدائی ، وەتەن و شەریف تەشکیل ئەکا و ئەم هەیئە وەک هەیئەتی تەفتیشیە هەلبژێردراوی دوهەم بۆ هەلبژاردنی هەیئەتی وکیلە هەل ئەبژیری. و ئەمانەش بەم تەرحە هەلدەبژێردرێن:

أ- لە هەموو ناحیەیەک (یەک) ، هەموو قەزایەک (٣سێ)و لە هەمو مەرکەزی لیوایەک (پێنج) و ئەمانە لە مەرکەزی لیوادا کۆ ئەبنەوە و (دەی یەکێک) لەناو خۆیانا هەل ئەبژێرن وتەوکیلیان ئەکەن.

ب- لەدوای تەواوبونی هەلبژاردنی دە یەکەکان لە هەمو لیوایەکدا، دەیەکانی لیواکان لە لیوایەکی مناسبدا (کە بە فکری هەمو ئەم لیوایە انتخاب ئەکرێ) کۆ ئەبنەوە.

٣- دوای کۆبونەوەی دەیەک لە مەرکەزی لیوای موعیەندا بە ئیشتراکی عموم کۆنگرەیەک عەقد و تەوسیقی وەزیعەتی مستقبەلی کورد مقرارات اتخاز ئەکرێ ، عومدەی ئەساسی ئەم مقرەراتەش سەندیەتی حقوقی کوردان ، تثبیتی حدودی کوردستان، وزعیەتی سیاسی – عیلمی ،تجاری و صناعی کوردستان ئەبی.

٤- پاش تثبیت و تصدیقی مقرەراتی کۆنگرە هەیئەتێکی وەکیل هەل ئەبژێردرێ و بەم هەیئەتە هەیئەتی وەکیل دەبێژرێ و بو مزاکرات و هەمو نەوعە نشریاتێک لە پاش سوندانی ئەم هەیئەتە صلاحیتی

کاملەی پێ ئەدرێ.


٥- لە هەلبژاردنی هەیئەتی وەکیلەدا تساوی مقدار بۆ لیواکان مشروت نی یە.

٦- هەیئەتی وکیلة بۆ پێکهێنانی کارو باری خۆی ئەتوانێ لە هەموو کوردێک ،هەمو نەوعە معاونیەتێک داوا بکا ، مخالفتی هەیئەت خیانەتی وەتەنییە.

٧- کۆمەڵ بەهەمو قوەتی خۆیەوە ئامادەی ئەمری ئەم هەیئەتەیە بۆ هاتنە وجودی بە هەمو نەوعێک سەعی کردن بە وەزیفەیکی ئەساسی ئەزانی.

**کورد**

## بەڵگەنامەی ژمارە(٣)



بلاو بکــــــــه وه

١ ـ كومه لى سربخويى غايهٔ سربخويى كوردستانه له ريگه يدا مال وروح صرف اكا به هيچ كوجى سل ناكا له هموو كوشه يكى كوردستانا وحتى له اوروپا دا پهاوه فعالى بلاو كردوته وه •

٢ ـ گشت كورديك لازمه غايهٔ وكو غايهٔ كومه لى بى يكه وه نى يكوشين دست له دست وتوت له خوا •

٣ ـ كومه لى له معمولا يكه وه مراقبهٔ ايش بدسته كانمان اكا باخصوص بموته كانمان • اگر يكى خلاف غايهٔ كومه لى بژونه وه انتقامى لى اسينرى •

٤ ـ جمعية اقوام بناوى حمايهٔ اقليانه وه حكمى لا ميركرى بو داين امتياز يكى مناسبى دابنى بلام انگليز تطبيقى نه كرد بوخا به يكى سياسى خوى له م بينه دابنى مموتى خان دا كه داواى او حقه بكن (حقه كه شرحوى ضبطى كردوه) عراق اترسينى بلكه معاهده كه امضايكن اگر امضايان كرد خوشترى پى ياتمان ببرازال اكا اگر نه يان كرد او وقته خوى ايزانى • بسه نه قوه ونوونيل ابتر محاله بمان حله نيفى له هرآنيكا ارزو بكا حقى خومان ادا نى كه وابو حقى خومان بداتى دروودهـ له سه بسه •

٥ ـ قومى كورد اگر غيرت بى پشت به ميموتانه تابه ستى اجنبى پاكه يان لى ناكا چونكه آلتى دستى بيگانه ن خويان هيچيان پى ناكرى، تا امريان پى نكن له بينى خوياندا اتحاد ناكن بى اتفاقى وخود پسندى • كه بيموته كانمان وابن چون هيواى پاكه مان پى يان بى •!•

٦ ـ كومه لى په بنايه ينا له اعضاكانيه وه رابوردنى هنگى كايه دسمان وراگرى اوا نه كه بو منافعى شخصى وماله برناطرى بيگانه خلل به سياسة كورد اكه پشن لپاشدا انتقاميان لى اسينرى، كومه لى هيچى لى كم نابى چونكه له ديهاتا وله ناو هموو عشائر كوردستاندا شعبه وپهاوى هيه •

٧ ـ كومه لى تطبيقى ام پينج مادهيه كه له خواره وه نوسراوه داوا اكا به شدت وعجله •

أ ـ ابى هموو لشكرى عرب كوردستان تخليه بكا •

ب ـ له طرف ملميوورانه وه اداره ى ملى تشكيل اكرى •

ج ـ حدود شخصى به وطنى به تعيين وتحديد اكرى •

د ـ علاقه ى بالنگليزيه كوردستانه وه له گه ل حكومتى ملمه به معاهده تثبيت اكرى •

هـ ـ هرچى معاهده يك له مه وپيش عائد به كوردستان كراوه ملغايه •

٨ ـ تنها هر سليمانى وكركوك وهولير كوردستان نيه خانقين اترابات مندلى بدره سنجار وموصليش هر كوردستانه وه دستى لى هلناگرين حتا آخر نفس •

كومه لى سربخويى كوردستان

**چاو بکەنەوە**

١- کۆمەڵی سەربەخۆیی غایەی سەربەخۆیی کوردستانە، لەم ڕێگەیەدا مال و رۆح صەرف ئەکا، بەهیچ کلوجی سل ناکا لە هەمو گۆشەیەکی کوردستانا وهەتا لە ئەوروپادا پیاوی فعالی بلاوکردۆتەوە.

٢- گشت کوردێک لازمە غایەی وەکو غایەی کۆمەڵ بێ پێکەوە تێ بکۆشین دەست لە دەست و قوەت لە خوا.

٣- کۆمەڵ لە هەموو لایەکەوە مراقبەی ئیش بەدەستەکانمان ئەکا بە خصوص مەبعوثەکانمان. ئەگەر یەکێ خلافی غایەی کۆمەڵ بزوتەوە ،انتقامی لێ ئەسێنرێ.

٤- جمعیە ئەقوام بەناوی حمایەی ئەقەلیاتەوە حوکمی لا مرکزی بۆ داین، ئیمتیازیکی موناسبی داینێ، بەڵام ئینگلیز تەتبیقی نەکرد بۆ غایەیکی سیاسی خۆی لەم بەینەدا پێنج مەبعوثی هان دا کە داوای ئەو حەقە بکەن ( حەقەکەش خۆی زەبتی کردوە) عراق ئەترسێنێ بەلکە معاهدەکە ئیمزا بکەن ، ئەگەر ئیمزایان کرد حوشتری پێ پانمان بەسەرا زال ئەکا ، ئەگەر نەیان کرد ئەو وەقتە خۆی ئەیزانی. بەسە تەفرەو فرو فێڵ ئیتر مەحاڵە بمان خەلەتێنێ ، لەهەر ئانێکا ئارەزو بکا حەقی خۆمان ئەداتی، کە وابو حەقی خۆمان بداتێ درۆ و دەلەسە بەسە.

٥- قەومی کورد ئەگەر غیرەتی بێ پشت بەم مەبعوثانە نابەستێ ئومیدی چاکەیان لێ ناکا ،چونکە ئالەتی دەستی بێگانەن خۆیان هیچیان پێ ناکری تا ئەمریان پێ نەکەن،لەبەینی خۆیاندا اتحاد ناکەن بێ اتفاقی و خود پسندی . کە مبعوثەکانمان وا بن چۆن هیوای چاکەمان پێیان بێ....

٦- کۆمەڵ پەیتا پەیتا لە ئەعزاکانیەوە ڕاپۆرتی هەنگی (شانە) کار بەدەستمان و راگری ئەوانە،کە بۆ مەنافعی شخصی و یا لەبەر

خاتری بێگانه خەلەل بەسیاسەتی کورد ئەگەیەنن،لەپاشدا ئینتقامیان لی ئەسێنرێ، کۆمەڵ هیچی لێ گوم (ون) نابێ چونکه لەدێهاتا و له ناو هەمو عشائری کوردستاندا شعبەو پیاوی هەیە.

٧- کۆمەڵ تەتبیقی ئەم پێنج مادەیه که له خوارەوه نوسراوه داوا ئەکا به شدەت و عەجەله.

أ- ئەبێ هەمو لەشکری عەرەب کوردستان تخلیه بکا.

ب-لەتەرەف میللەت پەروەرانەوه ئیدارەی میللی تشکیل ئەکرێ.

ج-حدود تەبیعی و ملەلی تەعین و تحدید ئەکرێ.

د-علاقەی ئینگلیز به کوردستانەوه لەگەڵ حکومەتی ملیه به معاهده تەثبیت ئەکرێ.

هـ-هەرچی معاهدەیەک لەمەو پێش عائد به کوردستان کراوه ملغایه.

٨- تەنها هەر سلێمانی و کرکوک و هەولێر کوردستان نیه ،خانەقین و قزرئابات و مندلی و بدره و سنجار و موصلیش هەر کوردستانه ،وه دەستی لێ هەلناگرین هەتا ئاخر نەفەس.

**کۆمەڵی سەربەخۆیی کوردستان**

# بەڵگەنامەی ژمارە(٤)

ای ملتی کورد ! !

بە دقتەوە گوی بگرن ، وجدانی ملی ، روحی بەشەبان و باشبنان خطاتان اکاتی . داوای تی کوشین و تی هلچونتان لی دەکات .

ای کورد !

لەم عصری ملیت و آزادیەدا ، لەم عصری نور و سەر بستیەدا تنها هر کوردی بیچارە ذلیل و بی بش ماوەتەوە ، وطنی کورد وەك مالی متالیکی نا بالق بە سر بیگانەدا دابش کراوە .

